# تیۆری ڕەخنەی سێکسگەریی
# بە نموونەی ڕۆمانی "منداڵباز"ــی فەرهاد پیرباڵ

**ID No. 230**

(PP 15 - 42)

https://doi.org/10.21271/zjhs.26.5.2

**کارزان محسن قادر**

بەشی کوردی، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی، زانکۆی سەڵاحەددین-هەولێر

Karzan.qader@su.edu.krd

**وەگـــــرتن : 2022/03/13**

**پەسندکردن : 2022/05/15**

**بڵاوکردنەوە : 2022/10/25**

**پوختە**

ئەم لێکۆڵینەوەیە لە ژێر ناونیشانی "تیۆری ڕەخنەی سێکسگەریی بە نموونەی ڕۆمانی "منداڵباز"ــی فەرهاد پیرباڵ" دایە، ئەوەی پەیوەستیش بێت بەم لێکۆڵینەوەیە لە چوارچێوەی ڕەخنەی ئەدەبی کوردیماندا تیشک نەخراوەتە سەر بابەتێکی لەمشێوەیە، نەخاسمە لە دووتوێی ڕەخنەی تیۆرییدا، بۆیە دەمانەوێت لە چوارچێوەی ڕەخنەی تیۆرییدا هەڵوەستەیەک بکەین، یەکێک لە تیۆرەکانی ڕەخنەی تیۆری هاوچەرخ بخزێنینە نێو ڕەخنەی ئەدەبی کوردی کە لەمەو پێشتر بە هیچ شێوە و چەشنێک وەك پێویست تیشکی لێکۆڵینەوەی ئاڕاستە نەکراوە.

ئەم تیۆرەش بە تیۆری "سێکسگەریی کویر" ناسراوە، بە تایبەت لەو برگە و بابەت و بەشەی کە پەیوەندی بە ئالۆشی سێکسی نێوان نێرینەکانەوە هەیە. لە چوارچێوەی ڕۆمانی "منداڵباز" تیشکی چڕ خراوەتە سەر توندوتیژی و دەستدرێژی سێکسی بۆ سەر منداڵ و هەرزەکاران، ڕۆماننووس پێیوایە ئەو جۆرە توندوتیژی و دەستدرێژی سێکسییە هەر تەنیا پەیوەست نییە بە مەسەلە و پرسی جەستەوە، بەڵکو توندوتیژی و دەستدرێژییەکە پانتاییەکی بەرفراوان دەگرێتەوە، هەڵدەکشێت بۆ تێکشکاندنی ئازار و ئەشکەنجەی گیانیی و ئاوەزیی، بەمەش مرۆڤەکە دەبێتە قوربانی و سەرلەبەری ڕەوت و ڕێڕەوی ژیانی بەرەو نالەباری و خراپی هەنگاو دەنێت. لە هەمانکاتدا توندوتیژی و دەستدرێژی سێکسیی پەیوەستە بە پزیشکی دادوەری و تاوانناسییەوە، بەڵام لە چوارچێوەی ئەم ڕۆمانەدا سەرلەبەری دام و دەزگاکانی دەوڵەت خراونەتە ژێر هەژموونی تاوانکار و جەللادەکان، ئیتر لێرەوە تروسکاییەک نامێنێتەوە بۆ ئەوەی قوربانی بتوانێت داکۆکی و بەرگری لە خۆی بکات، بەڵکو بە هۆی دامودەزگاکانی دەوڵەتەوە مرۆڤی کورد، یان قوربانییەکە ئەوەندەیتر گیانی کون کون دەبێت و کەسایەتیی و ناسنامەی نەتەوەیی دەشێوێت و تێکدەشکێت و لە لەنێوچوون نزیکدەبێتەوە.

**وشەی سەرەکییەکان:** کویر، نەتەوە، ئایین، تاوان، کوردبوون، بەعسییزم.

## 1 - پێشەکی:

ئەدەبی نوێ و هاوچەرخی کوردیمان، شایەن و شایستەی ئەوەیە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ شت و بابەتی تازە و نوێی لێهەڵبهێنجێنین، بەتایبەت ئەو دەقە ئەدەبییە جوان و قووڵ و واتادارانەی کە بەربەستی چەقبەستوویی و خوولانەوە لە بازنەی بەتاڵ و سواویان تێپەڕاندووە، تەنیا خوێنەرێکی شێلگیرانە دەتوانێت بەشێک لە جوانی و ئەفسوون و وزە و کاریگەری ئەم چەشنە دەقانە ئاشکرا بکات. بە پێی دید و ڕوانینی ئێمە ڕۆمانی "منداڵباز"ــی فەرهاد پیرباڵ یەکێکە لەو دەقانەی کە شایەن و شایستەی ئەوەیە جێگەیەکی شیاو و بە نرخی بۆ دیاریبکرێت لەنێو کایە ئەدەبیی کوردیدا، بە دیاریکراوی لە نێو هونەرەکانی گێڕانەوەدا، چونکە دەقێکە کاتێک بە پرۆسەی نووسینی ئەدەبییدا تێپەڕ بووە لە لایەن نووسەرەکەیەوە زۆر لە خۆکردنی هەرگیز پێوە دیارنییە، لە ناخی کۆمەڵگەی کوردەوارییەوە هەڵقووڵاوە و سەرچاوەکەی لێڵاوی و گوماناوی نییە. بە چەشنێک زمانی سادەی دەقەکە بە سەرلەبەری کەرەستە و پێکهاتە و ئاستەکانی زمان و گێڕانەوەدا ڕەنگیانداوەتەوە، بەڵام ئەم زمان و گێڕانەوەیە بە سادەیی نەبۆتە مایەی کاڵ و کرچی ڕۆمانەکە، بەڵکو توانیوویەتی پرۆسەی خوێندنەوە و ڕاڤە و شیکار کردن و لێکدانەوەسازیی و بیرکردنەوە و هزرین و قووڵبوونەوە و تێرامان بەرفراوان بکات، وەرگر و خوێنەر بخاتە جووڵەیەکی کاریگەری بەردەوامەوە، تەنانەت وشە و زاراوە و چەمکێکی وەک "منداڵباز" کۆمەڵێک پسپۆڕی و کایە و بواری جیا جیا بۆ خۆی کەمەندکێش بکات، بە یەکتریانەوە ببەستێتەوە و مانا و مەبەستی قووڵ و نەسواو ئەنجامی بەرهەمەکەی بێت، بە چەشنێک ئەو کاتە خوێنەر فریو دەخوات کە

ڕووکەشییانە لە ڕۆمانەکە بڕوانێت و تەنیا پرسی ئەوەی هەبێت لە تەنکاوەکانی مەلە بکات، بەڵام ڕۆمانی "منداڵباز" ئەو کاتە خوێنەر نرخ و بەهاکەی دەزانێت و بەهاکەی دەبینێتەوە کە بچێتە قووڵایی ڕووداوەکان و قووڵ قووڵ لە کارەکتەر و شوێنکات و زمان و گێڕانەوە ڕابمێنێت، بتوانێت هەقی خۆیانی پێبدات و وەک پێویست و بە تەواوەتی شەنوکەویان بکات.

ناونیشانی لێکۆڵینەوەکە: لێکۆڵینەوەکەمان لەژێر ناونیشانی "تیۆری ڕەخنەی سێکسگەریی بە نموونەی ڕۆمانی منداڵبازــی فەرهاد پیرباڵ" دایە. بێگومان ناونیشانێکی ئاواش لە چوارچێوەی لێکۆڵینەوە و ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا وەك پێویست کاری بۆ نەکراوە و تیشکی لێکۆڵینەوەی ئاڕاستەنەکراوە.

ئامانجی لێکۆڵینەوەکە: هەرچەندە لە چوارچێوەی ئەدەبناسیی کوردی دا تیۆرەکان بوون و ئامادەییان نەبێت، بەڵام مایەی دڵخۆشی و دڵگەرمییە کە دەقەکانی ئەدەبیی کوردی کەم تا زۆر توانیوویانە ئەم کەلێن و بۆشاییە پڕ بکەنەوە قەرەبووی نەبوونی و نا ئامادەیی تیۆرەکان بکەنەوە لە ئەدەبناسیی کوردیدا. بۆیە باس و خواسێکی لەمشێوەیە ئامانجی سەرەکی لێکۆڵینەوەکەمانە، فرەیی لە دەقەکانی ئەدەبی کوردیمان قەرەبوو و هاوسەنگی بۆ کردووینەتەوە.

ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە: لە دووتوێی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا لایەنی "تیۆری و پراکتیکی" ڕەنگیداوەتەوە، بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوەکە چوارچێوەیەکی دروست و زانستییانە لە خۆبگرێت پشتمان بە (تیۆری ڕەخنەی سێکسگەریی کویر) بەستووە.

سنووری لێکۆڵینەوەکە: بێگومان هیچ لێکۆڵینەوەیەك ناچێتە قاڵبێکی زانستییەوە تاوەکو سنوورێك نەکێشێت، بۆ ئەم مەبەستە سنووری لێکۆڵینەوەکەمان خۆی لە تیشك خستنەسەر لایەنێکی دیاریکراوی ڕۆمانێك و تیۆرێکی ڕەخنەیی دەبینێتەوە.

پلان و پێکهاتەی لێکۆڵینەوەکە: لێکۆڵینەوەکە لە پێشەکی و دووبەش پێکدێت: بەشی یەکەم: سێ تەوەر لە خۆی دەگرێت، کە سەرجەمیان پەیوەستن بە لایەنی تیۆری لێکۆڵینەوەکە. بەشی دووەمیش: سەرلەبەری لایەنی پراکتیکی لێکۆڵینەوەکەیە، کە خۆی لە پراکتیزەکردنی ڕۆمانی "منداڵباز"ـی فەرهاد پیرباڵ دەبینێتەوە. لە پاڵ ئەمانەدا لێکۆڵینەوەکە بە چەند ئەنجامێك گەیشتووە. لە هەمانکاتدا سەرچاوەکان بە شێوەیەکی زانستییانە ڕیزکراون. لە کۆتاییشدا پوختەی لێکۆڵینەوەکە بۆ هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی وەرگێڕدراون.

**2 - تیۆری ڕەخنەی سێکسگەریی (کویر) :**

لە کولتوور و ڕۆشنبیریی دنیای ڕۆژئاوا، بە دیاریکراوی لە دووتوێی کولتوور و ڕۆشنبیریی ئەنگلۆسەکسۆنی و فرەنکفۆنی دا چەندین تیۆر سەریانهەڵداوە، یەکێکیش لەم تیۆرانە بریتییە لە "تیۆری ئاڕاستەی سێکسگەریی" (مەبەست و ئامانجی هەریەک لەم تیۆرانە بەشێوەیەک لە شێوەکان بریتی بووە لە چۆنیەتی داکۆکیکردن لەو دەست و کۆمەڵ و کەمینانەی کە ئارەزوو و شەیدای سێکسی نائاسایی و لە ڕێ لادراون وەک "هاوڕەگەزبازیی" سێکسی نێرینەکان لە نێوان خۆیاندا، سێکسی مێینەکان لە نێو خۆیاندا (Meem, 2009, p115). ئەمەش وایکرد ئەم بابەت و باس و خواسانە لە دووتوێی ڕەخنەی ئەدەبیی و دەق و گوتاری ئەدەبییدا ڕەنگبداتەوە بە دیار و ئاشکرایی و بە بێ ڕتووش و پەردەپۆشکردن خۆی بنوێنێت.

تیۆری ئاڕاستەی سێکسگەریی، تیۆرێکە لە ڕۆژگاری "پۆست مۆدێرن" خەملیووە. ئەم تیۆرە و ئەو تیۆرانەی کە پەیوەستن بە سێکسگەرییەوە، گوزارشت لە هەڵوەشانەوە و مایەپووچبوون و تێکچوونی شیرازەی بەشێك لە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی دەکات لە ڕووی ڕەوشت و ئاکار و لە دەستدانی تایبەتمەندیە مرۆڤایەتییەکانی نێرینە و مێینەکان. هەروەها یاخیبوون لە دابونەریت و بەها و ڕێسا باوەکانی مرۆڤ و ئاسمانەکان. (بێگومان ڕەخنەی تیۆری "ئاڕاستەی سێکسگەریی" بە بیر و بیرۆکە و ڕوانین و تێگەیشتنەکانی گەورە بیرمەندی نەمسایی لە بواری دەروونناسیی "سیگمۆن فرۆید" و بیرمەند و هزرمەند و فەیلەسوفی فەڕەنسی "میشیل فۆکۆ" ناوزەندکراوە، دواتر هەنگاو بە هەنگاو و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە برەو دابووە لە چوارچێوەی دەق و گوتاری ئەدەبیی و ڕەخنەی تیۆری ئەدەبییدا). (Parrenase, 2010, 43) بە دیاریکراوی ئەو ڕەخنە تیۆریانەی کە ڕووەو سێکسگەرییین لە ساڵانی شەستی سەدەی ڕابردوودا گەشەیکردووە، بێگومان ئەمەش بە ئامانجی ئەوەی لۆمە و سەرزەنشتکردن و نەهێشتنی جیاوازی لە هەمبەر ئەو دەستە و کۆمەڵ و کەمینە سێکسییانەی کە بە سێکسیی نائاساییەوە سەرقاڵن، لە کاتێکدا لە چوارچێوەی بەشێکی زۆری کۆمەڵگەی ڕۆژئاواییدا ڕێگەیان پێدراوە و دانیان پیانراوە.

ئەوەی پەیوەست بێت بە ئەرکی ڕەخنەگرانی ئەدەبناسیی و بە دیاریکراوی لە چوارچێوەی ڕەخنەی تیۆرییدا خوێندنەوە و لێکدانەوە و شرۆڤە و تێگەیشتنە لە دەقە ئەدەبییەکان. هەروەها چۆنیەتی نزیکی و دووری و پەیوەستبوون و پەیوەست نەبوونیان بە دەروونناسیی و ئاییناسیی و کۆمەڵناسیی و ڕامیاریناسیی...هتد. تیۆری ڕەخنەی سێکسگەریی یەکێکە لەو ڕەوت و ئاڕاستە و

تیۆرانەی کە لە چوارچێوەی ڕەخنەی تیۆری ئەدەبیدا جێگیرکراون، وەك ئاماژەمان پێکرد مێژووی سەرهەڵدانی ئەم تیۆرە ئەدەبییە دەگەڕێتەوە بۆ دوای سەردەمی "پۆست مۆدێرن"، بە دیاریکراوی لە ساڵانی شەستی سەدەی ڕابردوودا، ئەم تیۆرە هەنگاو بە هەنگاو ڕەگی خۆی دادەکوتێت لە دنیای کولتوور و ڕۆشنبیری و هزری و گوتاری ئەدەبی و ڕەخنەیی ڕۆژئاوادا. ئاشکرایە پرس و بابەت و مەسەلەکانی سێکس لە دووتوێی مێژووی مرۆڤایەتیدا ڕووبەرێکی گەورەی هەستیار داگیردەکەن و بە بونەوەرانەوە بەندن، (بۆ ئەم مەبەستە ناکرێت گوتاری ئەدەبیی و دەقی ئەدەبیی لە پەراوێز و دەرەوەی پرس و بابەت و مەسەلە سێکسییەکان بمێننەوە، لەم ڕووەوە هیچ تێڕوانین و تێگەیشتن و دید و چالاکی و پرۆژەیەک بوونیان نەبێت). (204Whittaker, 2006, p).

دەقەکانی ئەدەبیی و تیۆرەکانی ڕەخنەی ئەدەبیی پەیوەندییەکی توندوتۆڵ و تەواوکاری لە نێوانیاندا هەیە، دەشێت چینەوەی دەقێک، یاخود چەند دەقێکی ئەدەبی ڕۆڵیان هەبێت لە سازاندن و هاتنەکایەی تیۆرێکی ڕەخنەی ئەدەبیی، لەهەمانکاتدا دەکرێت دەقێک، یاخود چەندان دەقی ئەدەبی لە ژێر ڕۆشنایی و کاریگەری و پابەند بوون بە تیۆرێکی ڕەخنەیی ئەدەبییەوە نووسرابن و چنرا بن، لە ئەگەری یەکەمیندا نووسینی دەقەکە نائاگایی دەقنووسی بەسەرەوە دیارە، لە ئەگەری دووەمیشدا دەقنووس بە ئاگاییەوە پەنای بۆ پرۆسەی نووسینی دەقەکە بردووە، بۆئەوەی چۆنی دەوێت و چۆنی مەبەستە تاڕادەیەک ئاوا بکەوێتەوە. کەواتە دەقەکانی ئەدەبی لە لایەك و تیۆرەکانی ڕەخنەی ئەدەبیی لە لایەکی ترەوە یەکتر تەواو دەکەن، دەبنە مایەی خەملاندنی یەکتر، لەهەمانکاتدا زیندوویی و بەردەوامی بە یەکتردەدەن. بەمەش بەرهەمهێنانی زانین و داهێنان بەرهەمەکەی دەبێت. (ڕەخنە لەمەدا تاقیکردنەوەی دەقە، ئایە ئەو دەقە یەک چینە، وا بێ بە خێرایی دەمرێ، یان یان بە پێچەوانەوە ئەو دەقە فرە چینە و چینێکی دەمرێ و چینێکی دیکە لە دایکدەبێ؟ ئایە ئەو دەقە وشکی کرد و کۆتایی پێهات دەتوانێ مانایەکی تر بەرهەم بهێنێ، یان بە پێچەوەوانەوە هێشتا کۆگایەکە لەو هێز و وزانەی ماناکان دەخەنەوە؟). (ئەسوەد، ٢٠٠١: ل ١٣٠). لێرەدا دەبێت هەڵوەستەیەک بکەین و بڕیارێک بدەین یەکێک لە سوودە سەرەکییەکانی تیۆرەکانی ڕەخنەی ئەدەبیی ئەوەیە جووڵە و نەسرەوتن دەخاتە نێو دەقەکانی ئەدەبەوە و زیندووبوونەوە و بوژانەوە نوێبوونەوەیان پێدەبەخشێت، بە چەشنێک ئەو دەقانەی کە لە ڕابردوودا نووسراون و باس و خواسێکی ئەوتۆیان نەماوە، بە هۆی ئەو تیۆرانەوە سەرلەنوێ خۆیان دەنوێنن و بە دیاردەکەونەوە، سەرەڕای ئەمانەش دەق دادەماڵێت لە لێکدانەوە و ڕاڤە و تێگەیشتن و مانا باو و سواوەکان.

تیۆری ڕەخنەی سێکسگەریی لە چوارچێوەی تیۆرەکانی ڕەخنەی ئەدەبیدا بە تیۆری "کویر= queer"یش ناسراوە و ناوزەند دەکرێت، )"کویر" بە واتای نائاسایی و ناباو، وەک زاراوە و فۆڕمێك لە جیۆگرافیایەکی دیاریکراوی وەک بەڕیتانیا گەشە دەکات و دەناسرێتەوە، بەڵام بنەما و ڕەگ و ڕیشەی ئەم زاراوە و چەمکە لە ڕۆشنبیری و کولتووری فەڕەنسی سەرچاوەی گرتووە، بە دیاریکراوی لەسەر دەست و ڕوانگە و هزریی فەیلەسووفی فەڕەنسی "میشێل فۆکۆ" دیاریکرا و چەسپێنرا(. (49Rich, 2012, p). دواتر لە وڵاتانی تری دنیا لە ڕۆژئاوادا دەنگیدایەوە. (تیۆری کویر کە توانی وشەی ناو بە خراپە زڕاوی هاوجنسخواز لە کوردیدا "منداڵباز=queer بکاتە ناوێکی نێو ناوان... بۆچوونی باو وابووە کە ئەو پیاوەی لەگەڵ پیاوێکی تردا پەیوەندی جنسی هەبوو پیاوێک کە پێیاندەگووت sodomite=منداڵباز شێتییەکی کاتی لەگەڵدابووە هاوجنسخواز ئێستا جۆرێ مرۆڤ بوو  هاوجنسخواز هاتبووە ئاراوە). (یەعقووبی، ٢٠١٥:ل ٣٨٤). هەندێک ڕەخنەگرانی  بواری تیۆری ڕەخنەی ئەدەبیی کاتێک باس و خواس و پرس و بابەت و مەسەلەکانی سێکسیی دێنە ئاراوە بۆ مێژوویەکی دوورتر دەیگەڕێنەوە کە بەر لە "میشێل فۆکۆ" بوونی هەبووە و لە گەلێک بوار و زانست دا ڕەگی خۆی داکوتاوە، بۆ ئەم باس و خواسە "سیگمۆند فرۆید"ــی نەمسایی بە ڕێبەر و سەرمەشق و پێشەنگی ئەو تیۆرانە دادەنێن کە بوارەکانی سێکس دەکەنە ئامانج، هەرچەندە "سیگمۆند فرۆید" وەک شارەزا و پسپۆڕ و زانا و چارەسەرکەرێکی بواری دەروونیی بەتایبەت نەست و هەستەکانی مرۆڤ دەناسرێتەوە، بەڵام خودی کەرەستە خاوەکانی "سیگمۆند فرۆید" بریتی بوون لە دەقە ئەدەبییەکان. (ئەو دەقە ئەدەبییانەی لە سەردەمی ئەدەبیاتی گریکی درێژ دەبنەوە بۆ ئەدەبیاتی ئینگلیزی "شانۆنامەکانی شەیکسپیر بە دیاریکراوی"، سەردەمی ئەدەبیاتی نوێی ڕووسی "ڕۆمانەکانی دایتۆڤسکی بە دیاریکراوی"، بە تایبەتی لە چوارچێوەی ژانرێکی سەردەمیی، وەک ژانری ڕۆمان.

تیۆری ڕەخنەی سێکسگەریی لە چوارچێوەی تیۆرەکانی ڕەخنەی ئەدەبییدا وەک هەموو تیۆرەکانی تر لێدوان و گفتوگۆ و مشتومڕی و قسەگەلی هەڵگرتووە، (بە چەشنێک هەندێک لە نووسەر و ڕەخنەگران ڕەوایەتی بەم تیۆرە دەدەن و بوونەتە لایەنگیری، لەکاتێکدا هەندێکی تریان ئەم تیۆرە ڕەتدەکەنەوە و بوونەتە نەیاری).  (91Collrad, 2015, p). بێگومان ئەمەش کاری نەکردۆتە سەر ئەوەی کە ئەم تیۆرە بە قەتیسی  و چەقبەستوویی بمێنێتەوە و شوێنەوار و کاریگەری ئەوتۆی نەبێت بۆ سەر تیۆرە ڕەخنەییەکانی تر و دەقە فرە ژانرەکانی ئەدەب.

بە بڕوای هەندێک لە نووسەر و ڕەخنەگران، تیۆری ڕەخنەی سێکسگەریی"کویر" مەبەست و ئامانجی تایبەتی هەیە، کە بریتی بووە (لە چۆنیەتی داکۆکی و بەرگریکردن لەو دەستە و کۆمەڵ و کەمینانەی کە تاسەخواز و ئارەزوو و شەیدای سێکسیین وەک هاوڕەگەزبازی نێو نێرینەکان و هاوڕەگەزبازی نێو مێینەکان). (36Green, 2013, p). بەم پێودانگە بێت بیر و بۆچوونێک لێرەدا گەڵاڵە بووە کاتێک دەستە و کۆمەڵگا و کەمینەیەک لە نێو کۆمەڵگەیەک سەرهەڵدەدات، دەبێت ئامرازێک هەبێت بۆ ئەوەی داکۆکی و بەرگرییان لێبکات، با ئەم کۆمەڵ و کەمینەیەش دژە ڕەوتی کۆڕ و کۆمەڵگە بن، ئەمانەش بۆ ئەوەی گوزارشت لە ناسنامە و بوون و گوتاریان بکەن دەقەکانی ئەدەبیی، یاخود ئەو تیۆرانەی لە نێو بازنەی ڕەخنەی ئەدەبییدا دەخوولێنەوە دەکەنە بڵندگۆیەک بۆ زایەڵەی بیروبۆچوون و تێڕوانین و تێگەشتین و ڕەفتار و هەڵسوکەوت و مامەڵەیان، بەڵام ئەوەی پەیوەست بێت بە ئەوانەی کە تیۆری ڕەخنەی سێکسگەریی ڕەتدەکەنەوە و نەیار و دژن، پێیانوایە کە تیۆری ڕەخنەی سێکسگەریی "کویر" (گوزارشت لە تێکچوون و هەڵوەشاندنەوە و مایەپوچبوونی کۆمەڵگەی ڕۆژئاوایی دەکات. لە ڕووی ڕەوشت و ئاکار و لە دەستدانی تایبەتمەندییەکانی مرۆڤایەتیی نێرینەکان و مێینەکان، هەروەها یاخیبوون لە دابونەریت، ڕەتکردنەوە و وەلانانی بەها و ڕێسا باوەکانی کۆمەڵگە). (حمداوی، ٢٠١١ : ل ٢٤٦). کەواتە لە بەرانبەر ڕەوتی یارانی تیۆری ڕەخنەی سێکسگەریی، ڕەوتێکی تر بوونی هەیە کە بە هەموو کلۆجێک و هەرچۆنێک بێت سەرلەبەری ئەم تیۆرە ڕەتدەکاتەوە، ئامادەیی تێدا نییە ئەو کۆمەڵە و کەمینەیەی کۆمەڵگا گوزارشت لە خۆیان بکەن، ئەمەش بەم واتایەی دەبێت ئەم کۆمەڵ و کەمینەیە هەمدیس گوێڕایەڵ و ملکەچی دابونەریتەکانی کۆمەڵگا بن، ڕانەکەن و خۆیان نەدزنەوە لەو بەها و ڕێسا باوانەی کە کۆمەڵگا و ئایین و تەنانەت سیستەمی یاسایی و ڕامیاریی داینا‌ون و پەسەندیکردوون، بێگومان پەراوێزخستنی ئەم بەها و ڕێسا باوانە واتای بەدئاکاری و بێ ڕەوشتی، بەمەش تاکەکە لە چوارچێوەی کۆمەڵگادا دووچاری پەراوێزخستن دەبێتەوە.

ڕوویەکی هەرە دیار و بەرچاوی "تیۆری ڕەخنەی سێکسیگەریی کویر" بە چاکی پیشاندان و نواندنی پەیوەندی نێوان دەستدرێژیکەر و دەست بۆ درێژکراوە، بەتایبەت ئەو دەمەی دەستدرێژیکەر لە ڕووی تەمەنەوە گەلێک هەراشترە لە دەست بۆ درێژکراو، بەمەش دەستدرێژیکەر ڕۆڵەکەی تەواو لە تاوانکەر و جەللاد دەکات، دەست بۆ درێژکراویش بە تەواوەتی دەبێتە قوربانی و باجی تاوانەکانی جەللاد دەدات. (کەسی سێکس نوێن دوژمنایەتی دەکات لەگەڵ کۆمەڵگادا، گاڵتە بە ئەخلاق و نەریتەکان دەکات. لە باری کۆمەڵایەتییەوە لادەرە سێکس نوێنەکان زۆرجار مەترسیدارن، ڕێک لەبەرئەوەی بە هۆی ڕەفتاری خۆیان و کەڵک وەرگرتن لە ئەندامی جنسی خۆیان وەک چەک، کەسەکان دەترسێنن و کاریگەرێتی زۆر خراپ دادەنێن بەتایبەت لەسەر قوربانییە کەم تەمەنەکانیان کە زۆر جار هەرگیز قەرەبوو ناکرێتەوە). (عەزیزی، ٢٠١١: ل ٧٥). لەمەوە ئەوەمان بۆ ڕووندەبێتەوە هەرچەندە تیۆرەکانی ڕەخنەی ئەدەبی و گوتاری دەقەکانی ئەدەبی لە کاریگەرییەکانی کۆمەڵگە خۆیان دوورەپەرێز بکەن، بەڵام لە چەندین خاڵدا لەگەڵ یەکتردا یەکانگیردەبن. (لەم چوارچێوەیەدا لادەرانی سێکسیی دوژمنی کوشندەی زۆربەی چین و توێژەکانی کۆمەڵگەن، ڕووخێنەر و پوکێنەری کۆمەڵێک بەهای جوانی ڕەوشت و دابونەریتەکانن، چونکە کاریگەرییە نەرێنییەکان و مەترسییەکانیان هیچی کەمتر نین لە کۆمەڵێک ئافات و دەرد و بەڵا و نەخۆشی کە دووچاری کۆمەڵگە دەبنەوە و دەبنە مایەی لەیەکتر هەڵوەشاندنەوەی گەلێک لە جومگە سەرەکییەکانی). [Duggan, 2016, 149]. هەندێک لە تیۆرەکانی ڕەخنەی ئەدەبیی و تەنانەت لە دووتوێی قوتابخانە و ڕێبازەکانی ئەدەبیشدا پێداگری لەسەر جیاوازی نێوان ژانرەکانی ئەدەب، جیاوازی نێوان ئەدەب و هونەرەکانی تر دەکەنەوە، لە هەمبەر ئەمانەشدا ئاڕاستەیەک جەخت لەوە دەکاتەوە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا جیاوازییەکی هەرە بنچینەیی بەدیناکرێت لە نێوان ژانرەکانی ئەدەبیی، جیاوازی نێوان ئەدەب و هونەر و زانستەکانی مرۆیی. بۆ نموونە "تیۆری ڕەخنەی سێکسگەریی" هەم لە ژانرەکانی ئەدەبیی، هەم لە بواری سینەما و فلیمسازیشدا ڕەنگیداوەتەوە، ئەمەش پیشاندەری ئەوەیە سنوور و چوارچێوەی هەرە جیاکەرەوەی ئەوتۆ بەدیناکرێت لە نێوان هەندێک لە بوار و زانستە لەیەکتر نزیکەکان. (تیۆری ڕەخنەی سێکسگەریی خوێندنەوە و ڕاڤە و ڕەخنەگرتن و لێکدانەوەسازییە بۆ هاوڕەگەزبازە نێرینەکان، بەر لەوەی لە سینەمادا ڕەنگبداتەوە لە دەقە ئەدەبییەکاندا جێگەی بۆ کراوەتەوە، ئەم تیۆرە لە پیشەسازی سینەماییدا لە دوای ساڵانی نەوەدا دەخرێتە بەر ڕۆشنایی و تیشکەوە). (الجدیدی، 2007: ل 49). کەواتە تیۆرەکانی ڕەخنەی ئەدەبیی و دەقەکانی ئەدەبیی کاریگەری و کارتێکەریان بەسەر هەندێک لە بوار و هونەر و زانستی مرۆییدا هەیە، ئەمەش لە نرخ و بەها و سەربەخۆیان کەم ناکاتەوە گەر بڵێین: بەشێک لەو بوار و هونەر و زانستە مرۆییانە قەرزباری دەقی ژانرەکانی ئەدەب و ئەدەبناسیین، چونکە گەلێک لە زاراوە و چەمك و تیۆری ڕەخنەیی و ڕەخنەسازیی و ئیستاتێکا و ژانرەکانی ئەدەبیی، لە بوار و زانستە مرۆییە جیاجیاکاندا بە تەواوەتی ڕەنگیانداوەتەوە و مەزرێنراون.

دەقەکانی ئەدەب بە هەموو ژانرەکانییەوە کاریگەری ئەوتۆیان دەبێت بەسەر خوێنەر و وەرگرانەوە، بەڵام ئەم کاریگەرییەی دەق بەسەر خوێنەرانەوە لە دەقێکەوە بۆ دەقێکی تر لە هەڵکشان و داکشان دایە، ئەم کاریگەرییە لە ڕووی چەندێتی و چۆنیەتیشەوە لەیەکتر جیاوازن، ئاشکرایە ئەو دەقە ئەدەبییەی بەشێکی بەرچاو لە هزر و هۆش و ئاوەز و سۆز و هەڵچوون و ئەندێشە و بیرکردنەوە و تێڕوانینی خوێنەران بگرێتەوە دەنگدانەوە و مشتومڕ و گفتوگۆیەکی ڕەخنەیی دەنێتەوە، بە تایبەت ئەو دەقە ئەدەبییەی پەیوەست بێت بە بیر و بابەتی هەستیارەوە، هەروەها دوورکەوتنەوەی ئەو دەقە لە سواویی و کۆت و بەندی و قاڵببەندی. بۆ نموونە پرس و بروا و باوەڕی نەتەوە و نەتەوەخوازی دەکرێت پەیوەندی و بەریەککەوتنی لەگەڵ پرسی جەستە و مەسەلەی سێکس داهەبێت؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە دەڵێین: (سێکس و نەتەوە کاریگەریێتی لەسەریەکتر دادەنێن لە هەر وڵاتێکدا… جیاوازییەکانی چین، سێکس، تەمەن، توانای فیزیکی، ئایین و کولتوور لەو جۆرە جیاوازییانەن کە دەبێ لەبەر چاو بگیرێن). (79James, 2019, p). لە ژێر ڕۆشنایی و تیشکی ئەم بیروبۆچوون و دیدانەی خستمانە ڕوو نموونەی ئەمە وەک کاریگەری نێوان نەتەوەخوازیی و سێکسگەریی لە چوارچێوەی ئەدەبی کوردی و بە دیاریکراوی لە ڕۆمانی"منداڵباز"ـی، فەرهاد پیرباڵدا ئامادەبوونی هەیە و ڕەنگیداوەتەوە و بەرجەستەیە. چۆن؟ نووسەر لەم ڕۆمانەدا، گەر خوێندنەوەیەکی قووڵ و بە ڕێ و جێ بۆ بەرهەمەکە بکەین پەیوەندی ناهاوسەنگی نێوان نەتەوەی کورد و نەیارانی پیشان دەدات. بە واتایەکی تر پەیوەندی نێوان نەتەوەیەکی ژێردەستە لەگەڵ چەند نەتەوەیەکی، یاخود نەتەوەیەکی تاڕادەیەک سەردەستە.

ڕۆماننووس ڕەفتار و وێنەی نەتەوەی سەردەستە یەکسان دەکات بە وێنەی"منداڵبازێک"، یان "دەستدرێژیکەرێک"، لە بەرانبەردا وێنەی نەتەوەی ژێردەستە وێنەی "منداڵەکە"یە یان "دەستدرێژی بۆ کراوەکە"یە، ئەمەش ڕێک پیشاندانی ئەم ستەم و تاوان و زۆرداری و کوشتن و برینەی نەیار و دوژمنانی کوردە کە دەرهەق بە ئێمەی کورد ئەنجامی دەدەن بە درێژایی مێژووی نەتەوەکەمان. بۆیە لێرەوە دەتوانین بڕیار لەوە بدەین کە "تیۆری ڕەخنەی سێکسگەریی کویر"، تیۆرێک نییە سەرلەبەری باس و خواس و بابەت و هزرەکەی تەنیا لە ئالۆشی سێکسی و لادان سێکسی کورت و بچوک بکرێتەوە، بەڵکو ئەم تیۆرە ڕەخنەییە، ئەدەبییە و ئەو دەقانەی لەم چوارچێوەیە دان چەندین واتا و مەبەست و بابەت و ناواخن دەگەیەنن و کۆمەڵێک ئامانج ڕەنگڕێژ دەکەن. پێماندەڵێن: کە لادەرانی سێکسی نائاسایی و لە ڕێ لادەر کۆت و بەند و دیلبووی دەسەڵاتی ڕامیارییـن، ئەم دەسەڵاتەش وەک ئامرازێک بەکاریاندەهێنێت بۆ کۆت و بەند و دیلبوونی بەشێکی تری کۆمەڵگا، بەتایبەت ئەو بەشەی کە دەسەڵاتی ڕامیاریی بەهەر هۆکارێک لێیان نارازی و توڕەیە و مەبەستیەتی بەردەوام تۆڵەیان لێبکاتەوە. دیاردەکانی دەروونی مرۆڤ هەروەها ئەدەب بە واتا بەرفراوانەکەی و بە ژانرەکانی و لق و پۆپەکانی زۆر لە یەکترەوە نزیکن، جا ئەو دیاردە دەروونییە دەشێت پەیوەست بێت بە داهێنەری دەقەوە، یا خوێنەر و وەرگرانەوە، یاخود ئامادەیی کۆنەست لە دووتوێی دەقێکی ئەدەبییدا.

ئەوەی پەیوەندی بە (تیۆری ڕەخنەی سێکسگەریی و ئەو دەقانەوە هەبێت کە لەم بازنەیەدا دەخوولێنەوە، کەم تا زۆر سەروەری لەگەڵ دیاردەکانی دەروونی مرۆڤەکانەوە هەیە. بە تایبەت بوونی "سادیزم: ئازاردانی بەرانبەر بۆ چێژ وەرگرتن"، هەروەها لادەرانی سێکسی بە چەندین تایبەتمەندی لە هەڵسوکەوت و ڕەفتار و نواندن و ڕووخسار و ئەتەکێتدا دەناسرێنەوە، کە بەلای زۆربەی چین و توێژەکانی کۆمەڵگا نامۆ و نەشیاو و نەگونجاون). (مرینی، ٢٠٠٧: ل ١٦٢). کەواتە دیاردەکانی دەروونی مرۆڤ ڕۆڵێکی کارایان هەیە لە مەبەستی کاری داهێنانسازیی، بە تایبەت ئەو داهێنانەی دەکەونە نێوەندی ئەدەبیاتناسییەوە. ئەوەی پەیوەست بێت بە "تیۆری ڕەخنەی سێکسگەریی"، کە سادیزم و ماسۆشیزم جەختی لێکراوەتەوە و گورزە تیشکی ئاڕاستەکراوە ڕاستەوخۆ شەتەکدراوە بە بکەرانی لادەری سێکسییەوە، چونکە دەستدرێژیکارانی سێکسیی "منداڵبازەکان" هەر ئازاری "منداڵەکان" نادەن، بەڵکو لە دواجاردا دەبنە مایەی ئەوەی دەستدرێژیان کردۆتە سەر ئەوانەی کە بێهێزن، لە هیچ ڕوویەکەوە هاوشان و هاوکوفی یەکترنین، بێگومان ئەمەش دەبێتە مایەی بەرهەمهێنانی توندوتیژی، لێکەوتەی ئەم توندوتیژییەش لەیەکتر هەڵوەشاندنی چین و توێژەکانی کۆمەڵگا و داتەپین و داڕمانی ئاکاریی و کۆمەڵایەتیی و ئایینی و مرۆڤبوون، هەروەها ناخهەژاندن و زامێکی قووڵ لە ویژدانی مرۆڤەکاندا.

**3- نێربازی لە ڕوانگەی ئایینە ئاسمانییەکاندا:**

هەڵوێست و هەڕەشە و سزای ئایین بۆ لادەر و دەستدرێژیکەرانی سێکسیی، هەمیشەیی و بە ڕەهایە، ئایینەکانی ئاسمانیی و زەمینیی جەخت لە چاکەکردن و پێداگری لەسەر چاکەکاری دەکەن، بۆیە هێڵەکانی گشتی و تایبەتی ئایینەکان ڕەهەندی چاکەخوازییان هەیە، بێگومان کە باس و خواسی چاکەخوازیش دەکرێت، ئەم چەمکە ڕاستەوخۆ چەمکی مرۆڤ و مرۆڤبوون بۆ

خۆی کەمەندکێش دەکات، لە ئاینەکاندا هێندەی جەخت لە پەیوەندی نێوان مرۆڤەکان دەکاتەوە، هێندە هەڵوەستە لەسەر پەیوەستبوونی مرۆڤ ناکات بە خواوە، شوێنکەوتوویی و گەردن و ملکەچی و گوێڕایەڵبوون بۆ ڕێپێدراوەکانی ئایین و دوورکەوتنەوە و خۆ لادان لە قەدەغەکراوەکانی ئایین لە بەرژەوەندی مرۆڤەکان دەشکێتەوە.

**ا - کتێبی پەیمانی دێرین (تەوراتی پیرۆز):**

لە دووتوێی ئەم کتێبە ئاینییە پیرۆزە ئاسمانییەدا، لادەر و دەستدرێژیکەرانی سێکسیی ڕووبەڕووی توندترین سزا دەبنەوە کە ئەویش خۆیان لە مردندا دەبیننەوە. (ئەوکەسەی نێربازی ئەنجام دەدات سزاکەی سەری بڕینییە لە مردن، چونکە مانەوە و نووستنی نێر لەگەڵ نێردا یەکێکە لە تاوانە قێزەونەکان، هەردووکیشیان لە تاوانەکە بەشدارن، پێویستە هەردووکیشیان بکوژرێن، خوێنیان لەسەر خۆیانە). (العزیزي، ۲۰۰۰: ل ٦٧). کەواتە لادەر و دەستدرێژیکەرانی سێکسیی تەنیا لە ڕێگەی مەرگ و مردنەوە کۆمەڵگەیان لێ پاکدەکرێتەوە و کوڕ و کۆمەڵانی خەڵک ڕزگاریان دەبێت لە تاوانەکەیان، لەهەمانکاتدا دەبێت بکوژرێن و خوێنی ڕژاویشیان ناکەوێتە سەر هیچ کەسێکەوە، بەرپرسیارێتی کوژران و خوێنەکەشیان لە ئەستۆی خۆیانە، چونکە گوناه و تاوانی لە ڕادەبەدەر و قێزەون و تەواو یاساغیان ئەنجامداوە، کە هیچ لێبووردن و لێخۆشبوونێک لە دونیادا نایانگرێتەوە. ئەمەی کە تیشکمان خستەسەری تەنیا لە دووتوێی کتێبی پیرۆزی ئاسمانی تەورات دابوو، بەڵام ئەوەی پەیوەست بێت بە جوولەکەکان بە تایبەت لە سەردەمی هاوچەرخدا دید و بیروبۆچوون و هەڵوێستەکانیان بۆ دووبەرە دابەش دەبن لە بارەی لادەر و دەستدرێژیکەرانی سێکسیی: بەرەیەکیان پشت ئەستوورن بە تەوراتەوە، نایانەوێت دژەڕەوتی کتێبە ئاینییەکەیان بوەستنەوە، بەوەی کە (هەڵوێستێکی توندیان هەیە بەرانبەر لادەر و دەستدرێژیکەرانی سێکسیی، نابێت ئەمانە سەرهەڵبدەن و بە دیاربکەون و لێبوردن بیانگرێتەوە، هەروەها بە هیچ کلۆجێک نابێت ببنە سەرکردە و ڕێبەرایەتی بگرنە دەست، ڕەفتار و مامەڵەی لەگەڵ ئەمانەدا دەبێت لەسەر بنەمای ئەوە بێت کە لادەر و دەستدرێژیکەرانی سێکسیی نەخۆشن). (الباشا، ۲۰۰۳: ل ۸۳).

بەم پێودانگە لادەر و دەستدرێژیکەرانی سێکسیی بە واتا بەرفراوانەکەی نەخۆشن، چونکە ئەم نەخۆشبوونەیان نەخۆشبوونێکی هەمەلایەنەیە، لە ڕووی دەروونیی و جەستەیی و ئاوەزیی و کۆمەڵایەتیی و ئاکاریی و ئاینیی و پزیشکیی و...هتد. ئاشکراشە کەسێک ڕەفتار و هەڵسوکەوتی بەم چەشنە بێت شایانی ئەوە نییە بەرپرسیارێتی و ڕێبەرێتی هەر دەستە و چین و توێژێک بکات، چونکە کەسێکی لادەر هەر بابەت و شت و بوونێک ئاراستە بکات، ئاشکرایە بە لاڕێی دەبات و دەیشێوێنێت و هەڵیدەوەشێنێتەوە. لە هەمبەر ئەم هەڵوێستە و هەڕەشە کوشندەیە لە دژی لادەر و دەستدرێژیکەرانی سێکسیی، بەرەی دووەمیان لە پەیڕەوکارانی ئایینی جوولەکەدا پێیانوایە ئەمانە شایەنی ئەوە نین چارەنووسیان مەرگ و مردن بێت، بەڵکو (پێویستە پشتگیری پرسی یەکسانیخوازی بکرێت و بە شێوەیەکی شارستانییانە ڕەفتار لەگەڵ هاوڕەگەزبازەکان بکرێت و هەموو توندوتیژییەك لە بەرانبەریاندا ڕەتبکرێتەوە، دید و گۆشەنیگای ئەوانەش بەر پەرچ بدرێنەوە کە بە ناوی ئایین و پیاوانی ئایینیی دژ بە هاوڕەگەزبازەکان دەوەستنەوە، لە بەرانبەر ئەمەدا داوا لە پیاوانی ئایینیی دەکەن کە پرۆسەی ئاڵۆشی سێکسی نێوان نێرینەکان بە دیدێکی پیرۆز لێی بڕوانرێت). (الباشا، ۲۰۰۳: ل ۸۵). بۆیە لە چوارچێوەی ئەم بەرەیەدا بە هەموو شێوەک مافی لادەر و دەستدرێژیکەرانی سێکسیی پارێزراوە، نەک ئەمەش پێویستە دژی ئەو کەسانەش جەنگ بەرپابکرێت کە داوای لێپێچینەوە و سزادانیان دەکەن، لە کاتێکدا لادەر و دەستدرێژیکەرانی سێکسیی بە هەر چەشنێک بێت توندوتیژی بەرهەم دەهێنن، لە ئەنجامدا کۆمەڵێک ئاڵۆسکاوی و پشێوی و شەڕانگێزیی دێننە ئاراوە.

**ب - کتێبی پەیمانی نوێ (ئینجیلی پیرۆز):**

کتێبی پیرۆزی ئاسمانیی "ئینجیل" پرۆسەی لادانی سێکسیی و تاوانی دەستدرێژیکردنی سێکسی یاساغ کردووە، بە بەراورد بە کتێبی پیرۆزی ئاسمانیی تەورات، چونکە وەک پێشتر ئاماژە و باسمان لێوەکرد تەورات تەنیا بە مەرگ واز لە لادەر و دەستدرێژیکەرانی سێکسی دەهێنێت، بەڵام لە ئینجیلدا سزای مەرگ بەدیناکرێت، بەڵکو دوورکەوتنەوە و قەدەغەکردن لە لادان و دەستدرێژیکردن جەختی لێکراوەتەوە (ئایینی مەسیحی هەموو ئەو کەسانە هۆشیار و ئاگادار دەکاتەوە لەوانەی کاری خراپ و قێزەون و بەدکاری ئەنجام دەدەن، لادانی سێکسیی لە قەدەغەکراوەکانە، ڕابواردنی نێرینەکان لەگەڵ یەکتردا تاوانە). (الآمراني، ۲۰۰٤: ل ۱۳۹).

کەواتە لە چوارچێوەی ئایین و مەسیحیزم لادان و دەستدرێژیکردنی سێکسیی لە بازنەی قەدەغەکراو و تاوانەکان دانراون، شکاندنی قەدەغە و ئەنجامدانی تاوانیش هەموو چەشنەکانی، تخوبی خوایی و مرۆڤایەتی دەبەزێنێت. بۆ ئەم مەبەستە پرسیارێک خۆی دەنوێنێت ئەویش خۆی لەمەدا دەبینێتەوە کە ئایا لادەر و دەستدرێژیکەرانی سێکسیی بە تایبەت لادەرانی سێکسیی بەم

هەڵوێست و بڕیارە هەڕەشە ئامێزەی مەسیحیزم قایلن؟ یاخود هەرچۆنێک بێت دەیانەوێت بیگۆڕن بە ڕێپێدان و پشتگیریکردن؟ لە وەڵامدا دەڵێین: (کلێسەکانی مەسیحیزم ڕووبەڕووی پاڵەپەستۆ و فشارێکی لە ڕادەبەدەری لادەرانی سێکسیی بوونەتەوە، لە پێناوی ئەوەی مەسیحیزم هەڵوێستەکانی بگۆڕێت و نەرمی بنوێنێت و ڕێیان پێبدات و ئاسانکاریان بۆ بکات، بەڵام کلێسە هەڵوێستەکانی نەگۆڕیون، تەنانەت لە ڤاتیکان بەڵگەنامەیەکی ئاکاریی گرێدراوە بۆ ئەوەی لادانی سێکسیی هەر بە قەدەغەکراوی بمێنێتەوە). (الآمرانی،٢٠٠٤: ل ١٣٩). لە ئایین و مەسیحیزم بە هەردوو کلێسەکەیەوە هی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوایی واتە کاثۆلیکی و ئەرثۆدۆکسییەوە هاوڕا و هاودەنگن بۆ بە قەدەغە ناساندنی لادان و دەستدرێژی سێکسیی، لە کاتێکدا نکۆڵی لەوە ناکرێت بە تایبەت لە دنیای ڕۆژئاوادا لادەرانی سێکسیی زۆرترین فشار دەخەنە سەر دامەزراوەکانی ئایینیی بۆ گۆڕینی هەڵوێست و پەشیمانبوونەوەیان، پشتتێکردن و وەلانانی دەقەکانی ئینجیل.

**ت - دواهەمین پەیامی ئاسمانیی (قورئانی پیرۆز):**

ئاشکرایە کتێبی قورئانی پیرۆزیش کە کۆتا کتێبی پیرۆز و پەیامی ئاسمانییە لە چەندین شوێندا، یاخود بڵێین: لە چەندین ئایەتی سوڕەتەکاندا باسی لادانی سێکسیی نێربازی کردووە، کە گوزارشت و دەربڕینەکان زۆربەیان دەچنە چوارچێوەی کار و کردەوەی قێزەون و بەدڕەوشتییەکانی گەل و هۆز و خزم و کەسە نزیکەکانی"لوط" پێغەمبەر سڵاوی خوای لەسەر بێت، قورئانی پیرۆز بەمشێوە و وێنە و دیمەنە هەڵوێست و هەڕەشەئامێزەکان باس دەکات.

إِنَّكُمْ لَتَأْتُونَ الرِّجَالَ شَهْوَةً مِنْ دُونِ النِّسَاءِ بَلْ أَنْتُمْ قَوْمٌ مُسْرِفُونَ (81) وَمَا كَانَ جَوَابَ قَوْمِهِ إِلَّا أَنْ قَالُوا أَخْرِجُوهُمْ مِنْ قَرْيَتِكُمْ إِنَّهُمْ أُنَاسٌ يَتَطَهَّرُونَ (82) فَأَنْجَيْنَاهُ وَأَهْلَهُ إِلَّا امْرَأَتَهُ كَانَتْ مِنَ الْغَابِرِينَ (83) وَأَمْطَرْنَا عَلَيْهِمْ مَطَرًا فَانْظُرْ كَيْفَ كَانَ عَاقِبَةُ الْمُجْرِمِينَ (84)

(ئێوە ئارەزووی جنسی خۆتان لەگەڵ پیاواندا ئەنجامدەدەن لە باتی ژنانی هاوسەرتان، نەخێر ئێوە قەومێکی نا پوخت و سنووربەزێن و زیادەڕەون... ئەوسا پەند وەرگرە و بزانە، سەرەنجامی تاوانباران و بێ ڕەوشتان چۆن بوو). (قورئانی پیرۆز، سوڕەتی الاعراف، ئایەتەکانی ٨١،٨٤).

وَلُوطًا آتَيْنَاهُ حُكْمًا وَعِلْمًا وَنَجَّيْنَاهُ مِنَ الْقَرْيَةِ الَّتِي كَانَتْ تَعْمَلُ الْخَبَائِثَ إِنَّهُمْ كَانُوا قَوْمَ سَوْءٍ فَاسِقِينَ (74). بە لوط پێغەمبەریش حیکمەت و دانایی و زانیاریمان بەخشی و ڕزگارمان کرد لەو شارەی کردەوە پیسەکانیان تێدا ئەنجام دەدا، بێگومان ئەوانە قەومێکی نالەبار و خراپ و بەدخوو و تاوانکار بوون). (قورئانی پیرۆز، سوڕەتی الانبیاء، ئایەتی ٧٤).

وَلُوطًا إِذْ قَالَ لِقَوْمِهِ إِنَّكُمْ لَتَأْتُونَ الْفَاحِشَةَ مَا سَبَقَكُمْ بِهَا مِنْ أَحَدٍ مِنَ الْعَالَمِينَ (28) أَئِنَّكُمْ لَتَأْتُونَ الرِّجَالَ وَتَقْطَعُونَ السَّبِيلَ وَتَأْتُونَ فِي نَادِيكُمُ الْمُنْكَرَ فَمَا كَانَ جَوَابَ قَوْمِهِ إِلَّا أَنْ قَالُوا ائْتِنَا بِعَذَابِ اللَّهِ إِنْ كُنْتَ مِنَ الصَّادِقِينَ (29) قَالَ رَبِّ انْصُرْنِي عَلَى الْقَوْمِ الْمُفْسِدِينَ (30)

(ئێوە بە ڕاستی تاوانێکی گەورە دەکەن، ئێوە گوناهێکی ناشیرین ئەنجامدەدەن، هیچ کەس بەر لە ئێوە بە کاری وا هەڵنەستاوە... ئایا ئێوە بە ڕاستتانە نێربازی دەکەن و ڕێگە بە خەڵکی دەگرن و کاری نابەجێ و ناشیرین و نادروست ئەنجامدەدەن کەچی وەڵامی قەومی بەدخوو تەنها ئەوە بوو کە وتیان ئادەی کوا سزا و تۆڵەی خوا، ئەگەر تۆ ڕاست دەکەیت بۆمان بهێنە). (قورئانی پیرۆز، سوڕەتی العنکبوت، ئایەتی ٢٨، ٢٩، ٣٠).

كَذَّبَتْ قَوْمُ لُوطٍ بِالنُّذُرِ (33) إِنَّا أَرْسَلْنَا عَلَيْهِمْ حَاصِبًا إِلَّا آلَ لُوطٍ نَجَّيْنَاهُمْ بِسَحَرٍ (34) نِعْمَةً مِنْ عِنْدِنَا كَذَلِكَ نَجْزِي مَنْ شَكَرَ (35) وَلَقَدْ أَنْذَرَهُمْ بَطْشَتَنَا فَتَمَارَوْا بِالنُّذُرِ (36) وَلَقَدْ رَاوَدُوهُ عَنْ ضَيْفِهِ فَطَمَسْنَا أَعْيُنَهُمْ فَذُوقُوا عَذَابِي وَنُذُرِ (37).

(هۆزی لوطیش بڕوایان بە هیچ بێدارکردنەوەیەک نەکرد. بێگومان ئێمە ئەوانیشمان بەردبارانکرد، هەروەها ژێرەوژووریش کران، جگە لە لوط و خاووخێزانی ئیمانداری کە لە بەرەبەیاندا ڕزگارمان کردن. ئەو ڕزگارکردنە ناز و نیعمەتێکی تایبەتی بوو لە لایەن ئێمەوە، جا هەر ئاوا پاداشتی کەسێک دەدەینەوە کە سوپاسگوزاری کردبێت. بە ڕاستی لوط پێشتر ئاگاداری کردبوون ئەگەر بەردەوام بن لەسەر بەدڕەوشتیان، لە تۆڵەی توندی بەهێزی ئێمە، کەچی گومانیان هەبوو لەو ئاگادارییە و بڕوایان پێینەبوو. ئەو خەڵکە بەدڕەوشتە چاویان بڕیبووە میوانەکانی و دەیانویست دەستدرێژیان بکەنەسەر، ئێمەش چاومان کوێرکردن، بینایمان لێسەندنەوە، دە بچێژن سزا و سەرەنجامی هۆشیارکردنەوەی من). (قورئانی پیرۆز، سوڕەتی القمر، ئایەتەکانی ٣٣، ٣٤، ٣٥، ٣٦، ٣٧).

لە ژێر ڕۆشنایی ئەو ئایەتانەی قورئانی پیرۆز دەتوانین ئەو خاڵانەی خوارەوە هەڵهێنجێنین:-

ــ نێربازی دیاردەیاکی قێزەون و بێزارکەر بووە، شوێنی هاوسەرگیری ڕەوا و ئاسایی لەقکردبوو، تەنانەت بۆتە جێگرەوەیەك بۆ هاوسەرگیری لە نێو هەندێك هۆز و گەلاندا.

ــ سزای نێربازان، سزایەکی زەمینیی و مرۆڤکرد نەبوو، بەڵکو سزایەکی ئاسمانیی و خواکرد بووە، کە خۆی لە بەردباران و سەروبنکردن و کوێرکردن بینیوەتەوە، بێگومان ئەمانەش سزای زۆر سەخت و کوشندەن، بۆ مرۆڤ ئەستەمە و هەرگیز ناتوانێت بەرگەیان بگرێت. لە هەمانکاتدا ئەم چەشنە سزایە هەر یەکێک و دووانی نەگرتۆتەوە، بەڵکو سزایەکی بە کۆمەڵ و هەمووەکی بووە.

ــ نێربازان بە سنوور بەزێن، ناپوخت، زیادڕەو ، بێڕەوشت، بەدخوو، پیس، ناشرین، گوناهبار، تاوانبار، تاوانکار،... هتد پۆلێنبەندکراون و پیشاندراون و ناسێندراون و مامەڵەیان لەگەڵدا کراوە.

ــ نێربازان کەسانی بێبڕوا و باوەڕن، گوێیان بە ئایین نەداوە، ملکەچی فەرمانەکانی خوای گەورە نەبوونە، هەموو سنوورەکانیان تێکشکاندوون لە پێناوی هێنانەدی ئەو حەز و ئارەزووانەی کە مایەی شەڕانگێزین و بەرهەمهێنەری تۆوی دووبەرەکی و لە باریەکهەڵوەشاندنەوەی خێزان و کۆمەڵ و مرۆڤایەتین.

ــ کەسانی نێرباز هەر بەمە نەوەستان، بەڵکو بەرەنگاری دەسەڵاتی ڕەهای خوای گەورەش بوونەتەوە، گاڵتەیان بە پەیامبەر و پێغەمبەرەکانیان کردووە. کەواتە تاوانێک بۆ چەند تاوانی تر کەمەندکێشیکردوون.

ــ شار و ئاوەدانی بوونەتە شوێنی چەقی قورسایی ئەنجامدانی نێربازی، کە ئەمەش پیشاندەری ئەوە بووە تاوانەکە بێ پەردە و پەنهان بە ئاشکرایی ئەنجامدراون، جگە لە پێغەمبەر "لوط" سڵاوی خوای لەسەر بێت و کەمێک لە خزم و دەوروبەرەکەی، هیچ کەسێک ڕووبەڕوویان نەبۆتەوە.

ــ پرۆسەی سێکسیی بە شێوەیەکی لادان و نائاسایی سەر لەبەری کوڕ و کۆمەڵەکەی تەنیووەتەوە، بۆتە پرۆسەیەک کە بە کۆمەڵ لە لایەن نێربازانەوە ئەنجامدراون.

ــ نێربازان گوێیان بە ئامۆژگاری و بێدارکردنەوە و ئاگادارکردنەوە و وریاکردنەوە و هۆشیارکردنەوەکان نەداوە کە لە لایەن خوای گەورە و بە هۆی پەیامهێنەرەوە ئاڕاستەیان کراون، بەڵکو هەموو ئەمانە لە لایان ئەوانەوە فەرامۆشکراون و ڕەتکراونەتەوە و بەرپەرچدراونەتەوە بە هۆی ئەنجامدانی تاوانەکەوە.

ــ کەسانی نێرباز لە چوارچێوەی هۆز و میللەتی "لوط" پێغەمبەردا سڵاوی خوای لەسەر بێت، هەر هێندە بەوە نەوەستاون دەستدرێژی و لادان سێکسیی لە چوارچێوەی خۆیاندا ئەنجامبدەن، بەڵکو ئەوەندە لە تاوانەکە قاڵبونەتەوە و پێوەی ئالوودەبوونە کە ویستوویانە پەلامار و هێرش و دەستدرێژی و لادانی سێکسیی لە بەرانبەر میوانەکانیشیان ئەنجامبدەن. بێگومان ئەمەش ئەوە ئاشکرا دەکات کە ئەم تاوانکارانە هیچ بەهایەکی پیرۆزبوون لە ڕووی ئایین و کۆمەڵایەتیی و مرۆڤایەتیبوونەوە لایان سەنگ و ئەرزشی نەبووە.

ــ ئەوانەی لە هۆز و میللەتی "لوط" سڵاوی خوای لەسەر بێت بڕوادار و باوەڕداران و سوپاسگوزاری خوایی گەورەیان کردووە، خوای گەورە دەرباز و ڕزگاریکردوون، ناز و نیعمەت و خۆشی بەسەر داباراندوون، کە بێگومان ئەم پاداشتەش تەواو پێچەوانەی ئەو سزایانەیە کە خوای گەورە بەسەر ئەو تاوانکارانە باراندوویەتی.

**4 - تاوانی دەستدرێژی سێکسیی لە هەمبەر منداڵان:**

بێگومان نێربازی بە دیاریکراوی منداڵبازی کە لە چوارچێوەی ڕۆمانەکەی "منداڵباز"ــی فەرهاد پیرباڵ گورزە تیشکی ئاڕاستەکراوە، هەر تەنیا بێئابڕوویی و لادانی سێکسیی نییە، بەڵکو یەکێکە لەو تاوانە گەورە و قێزەون و بێزراوانەی کە تەنگ بە کۆمەڵگای مرۆڤایەتیی هەڵدەچنێت. قەبارەی گەورەیی و فراوانی و کاریگەری ئەم تاوانە لەوە دایە بێ چەند و چۆنی و بە ڕاستەوخۆیی بەریەککەوتن لە نێوان دوو لایەن ڕوو دەدات، کە هەردووکیشیان مرۆڤن (هەندێکجار مۆتیڤی ڕق و بێزاریش هانی سەربزوێوەکانی داون لە منداڵە لووسەکانی دەوڵەمەندەکان بووەشێنن و لە داویان بهاون و چاوشکێنیان کەن). (کوردیار،٢٠٠٢: ٢٦). کەواتە دیاردەی دەستدرێژیکردن هەموو چین و توێژ و گرووپەکانی کۆمەڵگا بە ڕق و کینە و گیانی تۆڵەکردنەوە بارگاوی دەکات و ڕادەهێنێت. هەموو ئەندامانی ئەم کۆمەڵگایە لە شەڕێکی دەستەویەخەدا دەبن لە هەمبەر یەکتردا، کەس دەست لە بەرانبەرەکەی، ئاژاوە و پشێوی و شەڕی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگا دەتەنێتەوە. ئاشکرایە دەستبردن بۆ مافی خەڵکان و دەستدرێژیکردن بۆ سەر کەسایەتییان، جا هەر چەشنێکی دەستدرێژیکردن بێت، دەبێتە مایەی چەکەرەکردنی ترس لای ئەو کەسە، ئەم ترسەش کۆمەڵێک

ڕووداوی دڵتەزێن و کارەساتبار بە دوای خۆیدا دەهێنێت، نەخوازەلا منداڵێک بترسێت لە ڕێی دەستدرێژی سێکسییەوە، دەبێت چ چارەنووسێکی ناخۆش و نادیار چاوەڕێی بکات، بە تایبەت ئەو ترسە لە پرس و مەسەلەیەکی فرە هەستیاری وەک سێکسەوە سەرچاوەی گرتبێت. (هەر بەو جۆرەی کە بابەتی ترس جیاوازە لەو شتەی کە هەر بە ڕاستی دەبێتە هۆی ترسی منداڵان وەک ترس لە مەسەلە سێکسییەکان کە تا ماوەکی زۆر بیرکردنەوەی ئەوان بەخۆیەوە خەریک دەکات قەیرانی کەسایەتیش هۆکاری جیاوازی هەیە). (سەڵاحی، ٢٠٠٨: ل ٤٩).

دەتوانین بڵێین: کاریگەری و شوێنەوار و تارمایی ترس و تۆقاندن و توندوتیژی بە هەمەموو چەشنەکانییەوە دەبێتە بکوژی حەز و خولیا و ئارەزوو بەهرە و بیرکردنەوەکانی منداڵ، تێکشکاندنی کەسێتی ئالۆسکاوی ناخ و دەروونیی. (منداڵ وەک بونەوەرێک کە زۆرترین حەز و تامەزرۆیی بۆ ژیان تێدایە تەواو زەرەرمەند بووە و زۆرترین قوربانیانی شەڕەکان لە دەمی وەحشیگەری و لە دەمی مۆدێرنەشدا منداڵن. منالْ ناتوانێ ڕابکات، توانای بەرگری نییە و هیچ لە خۆشاردنەوە نازانێ بۆیە بەردەکەوێ). (سابیر، 2007: ل 272). بەم پێودانگە تاوانکردن و تاوانسازی لە هەندێک باردا ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە هێز و توانای جەستەیی، بە چەشنێک بەشێک لەو بونەوەرانەی بە هێزن پەلامار و هێرشی ئەو بونەوەرانە دەدەن کە لاواز و بچووکن، وەک پێویست توانا و هێزی جەستەییان لەبار نییە، بەمەش دەبێتە هاندەرێک بۆ کارئاسانی و زەمینەسازی بۆ دەستدرێژیکردن و تاوانکردن لە هەمبەر منداڵاندا. لە تەک ئەمەشدا هۆکارێکی تر ڕێگە خۆشدەکات کە منداڵان دووچاری دەستدرێژی سێکسیی بنەوە کە ئەمەش پەیوەستە بە لایەنی ژیریی و ئاوەز و بیرکردنەوە، ئاشکرایە منداڵان لەم لایەنە بە تەواوی نەخەملیوون، ئەم نەخەملینی ژیریی و ئاوەز و بیرکردنەوەش، لای منداڵان لە سەرێکی ترەوە هۆکارە بۆ بەرجەستەبوونی جۆرێک لە تێنەگەیشتن و نەزانی و کەم ئەزموونی لە ژیاندا. لە ڕۆمانی "منداڵباز"ــی "فەرهاد پیرباڵ"، تاوانی ڕووشاندن و دەستدرێژیکردن و پەلاماردانی سێکسیی بۆ سەر منداڵان، هەر تەنیا بریتی نییە لە تاوانێکی سێکسیی، یاخود ڕاستتر بڵێین: دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی نییە، بەڵکو گوزارشتکردنە لە دەستدرێژیکردن و ئەتککردنی پیرۆزییەکانی ئایین و نەتەوە و نیشتمان و تێکشاندنی کولتوور و کەلەپوور و کاڵکردنەوە و سڕینەوەی ناسنامەی کوردبوون و پەرتەوازەکردنی کۆمەڵگەی کوردەواری.

بۆیە (بەو کارەی نووسەر دەیەوێ هەتیوبازی لە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییەوە بگوازێتەوە بۆ بەرهەمی عەقڵیەتی بەعس، کە ئەوە بەعسە ئەو دیاردەیە بەرهەم دێنێت). (جامی، ٢٠١١ :ل ٣٦٣). بەم پێودانگە دیاردەی "منداڵباز"ــی لە بەرهەمەکەی "فەرهاد پیرباڵ"دا دیاردەیەکی تەواو تێکچڕژا و و ئالۆسکاوە، چونکە پەیوەست نییە بە تەمەنێک، چین و توێژێک، دەستە و گرووپێك، بەڵکو پەیوەستە بە چارەنووسی نەتەوەیەک لە قۆناغ و وێستگەیەکی تاریک و نووتەکی مێژوویی و جیۆگرافیایەکی دیاریکراودا، دەشێت ئەم دیاردەیە لە شوێنکاتێکی تردا بە چەشنێکی تر خۆی نمایش و نواندبێت، بەڵام هەموویان بۆ یەک مەبەست و مەرام ئەنجامدراون ئەویش لێدان بووە لە کوردبوون بە یەکێک لە ڕێگە هەرە ترسناکەکان، ئەو لێدان لە کوردبوونەش لە دووتوێی بەرهەمەکەی "فەرهاد پیرباڵ"دا بێ پێچ و پەنا و بە بێ ڕتووش ڕەنگرێژکراوە، یەکێک لەو  تاوانانەی کە گەورەن و کاریگەرییەکی ئێجگار گەورە دەسازێنن، لە هەمانکاتدا  ئەم تاوانە بە قۆناغبەند کراوە. یەکەمین قۆناغی لێدان لە کوردبوونیش بریتییە لە قۆناغی "منداڵیی" کە پاک و بێگەرد و هەستیارترین قۆناغە، کاریگەرییەکانی هەر چییەک بن بۆ قۆناغەکانی دواتر دەگوازرێنەوە، قۆناغێکی فرە هەستیارە کاتێک کە کوردبوون دەستدرێژی و پەلامار دەدرێت و ئەتک دەکرێت لە قۆناغی منداڵییدا.

لە جیاتی هێنانی پەیامەکانی ژیان  و ناسنامە و پێناسە و بونیادنانی کەسایەتیی، بڵاو کردنەوە و برەوسەندنیان و جێگیرکردنیان، پەیامی چارەنووسێکی نادیار و نەهامەتی و چارەڕەشی و کوشندە و مەرگئامێز دەهێنن. (وا ڕاهاتووین کە جەلاد تەنها کەسێک بێت و سزا یا ئازاری کەسێکی تر بدات، بەڵام لە ڕاستیدا دەشێت جەللاد خۆی لەسەر شێوازی گرووپ و پارت و دەوڵەتیش بەیان بکات، دەشێت سزادانی دەوڵەتێک یا کۆمەڵگایەک لە لایەن دەوڵەتێکی تر و کۆمەڵگایەکی تر جەللادییانە بێت، کاتێک دەوڵەتێکی تر یا کۆمەڵگایەکی تر داگیر دەکات و دەیچەوسێنێتەوە، یا بایکۆتی دەکاتە سەر و لە نێو بەندینخانەیەکی گەورە کە وڵاتەکەیەتی بەندی دەکات و بە دنیای دەرەوەی دەپچڕێنێت و بە تەواوی جیای دەکاتەوە). (جامی و زیرەک عەبدوڵلا، ٢٠٠٧: ل ٦٣). ئەو"منداڵباز"ــەی کە "فەرهاد پیرباڵ" وێنەی کێشاوە و وێنای کردووە گوزارشتە لە دەسەڵاتێکی چەوسێنەر و ستەمکار و تاوانکار و خوێنمژ کە خۆی لە بەعسیزم دەبینێتەوە، یەکێک لە ئەرکە هەرە لە پێشینەکانی ئەم دەسەڵاتە بریتیی بووە لە تاوانی ڕووشاندن و دەستدرێژیکردن و ئەتککردنی منداڵێکی بێتاوان و پاک و بێگەرد، کە گوزارشتە لە مرۆڤی کورد، لە نەتەوەی کورد، نیشتیمان و هاونیشتیمانی کورد... هتد.

**5 - پڕاکتیزەکردنی ڕۆمانی "منداڵباز"ـی فەرهاد پیربال:**

ڕۆماننووس پێیوایە زۆربەی ئەوانەی بەکاری منداڵبازییەوە خەریکن، کەسانێکن سەرەڕای ئەمر خوە خراپە و ناڕەوشتییە، بەردەوامیش خوویان بە ماددە ئەلکهولی و هۆشبەرەکانەوە گرتووە، بە چەشنێک مەست دەبن، تارادەی بەد مەستبوون. (مەولود منداڵباز تەمەنی دوروبەری چل و پێنج ساڵێک دەبوو؛ لەسەر کورسییەک، لە ناو مەخفەری پۆلیسی گەڕەکی تەیراوە: سەر و قژبژ، قۆڵبەستراو، ملی بەسەر شانیدا شۆڕ ببۆوە لیقاوێکی پیس بە دەمیدا هاتبووە خوارێ. پۆلیس داینابوو تا مەستییەکەی دوێنێ بەری بدات و ئایخ بێتەوە: بۆ ئەوەی ئیفادەی لێ وەربگرن و وڵامی پرسیارەکانی پۆلیس بداتەوە) (پیربال، 2003: ل 5). مرۆڤ لەتەمەنێکی ئاوادا لە جیاتی ئەوەی ڕۆڵی فریادرەس و ئامۆژگاریکارێک ببینێت و ببێتە مایەی ڕزگارکردنی ئەوانی دیکە لە تاوان و گوناە ، کەچی بەهۆی تاوان و گوناهەوە و بێنەوا لە بنکەیەکی پۆلیس کەوتووە بە بەدمەستییەکی زۆرەوە و بە ناڕێکوپێکییەوە خۆی دەنوێنێت.

سەرەڕای ئەوەی بە منداڵبازی و بەدمەستییەوە خەریکن و لەگەڵ ئەمانەشدا کەسانی فریودەر و هەڵخەڵەتێنەرن، بۆ ئەوەی منداڵەکان بکەنە نێچیری خۆیان لە ڕێی کڕینی شتومەک و کەلوپەل لە خشتەیان دەبەن. (ڕۆژێک یووسف بە بەردەمر حەمامر سیرواندا دەڕوا، لە چایخانەکەی بەرامبەر حەمامر سیروان شێرۆ مەدفەع ڕایدەگرێت و پێیدەڵێ: وەرە با سەعاتێک بۆ تۆش بکرم... یوسف خۆی ڕۆژێک ئەمەی بۆ گێڕایەوە. دەیگوت: ئەمخوێرییە شەرمر پێ دەفرۆشێ، منداڵبازە؟ بەڵێ بابەگیان هەموو گەڕەک دەیناسن). (پیربال، 2003: ل 5). "شێرۆ مەدفەع" وەک کارەکتەرێکی منداڵباز، بەهۆی کارە قێزەونەکەیەوە ناوبانگی دەرکردووە، هەموو منداڵانی گەڕەکەکەی دەیناسن و خۆیانی لێ لا دەدەن.

لە کۆمەڵگەی ئێمەدا کەسێک هەر هێندە باری لەنگ بوو، جا ئەو بار لەنگییە بە ڕاستی و بە کردەوە بێت، یاخود ئەو بار لەنگییە بەهۆی پڕوپاگەندە و واتە وات و هەرا و زەنای خەڵکییەوە بێت، دەبێتە بنێشتە خۆشەی سەرزاری خەڵک. ( یوسفی برای یاسین لاقەکراوە، یوسف ئەتککراوە؟ ئێستا بێگومان قوتابییەکان ئاوهای پێدەڵێن! ئاخ، یاسینی برا گەورە چۆن نەبێتە فرمێسکێک و دانەچۆڕێتە ناخی زەوی! مەلایەک لاقەی کردووە، نەخێر، منداڵبازێکی گەرەکەکەی خۆیانە، نەخێر، دەڵێن: فڕنیچییەکەی گەڕەکی خۆیان تەعەددای لێ کردووە ) (پیربال، 2003: ل ٦). "مەولود منداڵباز" یەکێکە لەو کارەکتەرە ترسناکانەی کە هەموو ژیانی بۆ ئەمر کارە تەرخانکردووە، بڕوا و قەناعەتێکی لەلا دروست بووە کە هەرگیز هەست بە بوونی ڕەگەزی بەرانبەرەکەی لە "مێینەکان" نەکات، خووی داوەتە دەستدرێژی بۆ سەر منداڵان. (پۆلیسەکان لەناوخۆیاندا بە چرپەوە پێکەنینەوە باسیان دەکرد: دەڵێن لەوەتەی هەیشە تامی ژنی نەکردووە. کەواتە هەقی خۆیەتی، چۆن؟، کە هیچ ژنێک نەبێت تامی بکا ناچار بووە پەلامار بداتە منداڵان، نا... هەر خۆی حەز لە جنسی مێ ناکا. چۆن؟ دەڵێن ڕۆژێک کچێکی سفووری جوان بە بەردەمیدا تێپەڕیووە، گوتوویەتی: "تەماشاکەن جەماعەت! ئەمە داخۆ برایەکی چەندە جوانی هەبێت"). (پیربال، 2003: ل٦). واتە کاروکردەوەکانی "مەولود منداڵباز" لەمەوە سەرچاوەی نەگرتووە کە قاتوقڕی و نەبوونی مێینەیەک بێت، بەڵکو دەیەوێت وەک حەز و ئارەزوویەکی ناباو و لە ڕێ لادەر بە دوای هاوڕەگەزبازی بکەوێت، کاری ناشایستە لەگەڵ منداڵان ئەنجامر بدات، ئەمر حەز و ئارەزووەش گەیشتۆتە ئاستێک تەنانەت چاوی هیچ جوانییەکی کچ و ژنان نەبینێت، هەموو جوانییەک لە منداڵانی هاوڕەگەزەکەی دەبینێتەوە و حاشای لە ڕەگەزەکەی بەرانبەری کردووە!

"مەلا چاوبەکل" یەکێکە لەو کارەکتەرانەی تێوەگلاوە لە ئەتککردنی منداڵێکی وەك "یوسف"، بەڵامر لە دوایشدا "مەلا چاوبەکل" خۆی دەبێتە قوربانی و باجی قورس لەمر ڕووەوە دەدات، ئەوی زیاتر کەوا دەکات ئەمر کارەکتەرە لە ڕووداوێکی ئاوادا تێوەبگلێت ئەوەیە، کە ڕووداوەکە لە فڕنییەکەی ئەودا ڕوویداوە. (هەر موشتەرییەکی فڕنییەکە کاتێ دەهات دەرگای فڕنییەکەی بە داخراوەیی دەدیت، دەگەڕایەوە. هەشبوون دەیان پرسی بۆ داخراوە؟ دەڵێن: منداڵێکی تێدا ئەتککراوە. چیی؟! مەلا چاوبەکل؟ مەلا چاوبەکل خۆی؟ منداڵی ئەتک کردووە؟ چۆن؟! نەخێر... خەڵک بیری بۆ شاگردەکانی دەچوو، نەک خۆی). (منداڵباز، ل٦). کاتێک خوێنەر دەقەکە بە تەواوی دەخوێنێتەوە "مەلا چاوبەکل" لە پێشتردا منداڵبازی کردووە، پێش ئەوەی ببێتە مەلا و تۆبەی کردبێت، بەڵامر بەهۆی ئەوەی پێشینەیەکی لەمر کارەدا هەیە، ئەمر و ئەو بە مەبەست دیسانەوە لە تاوانێکی ئاوادا تێوەیدەگلێنن.

"شێرۆ مەدفەع"یش یەکێکە لەو کارەکتەرانەی ڕۆمانی "منداڵباز" لەگەڵ ئەوەی بەمر کارە بەدڕەوەشتییەوە خەریکە، لە هەمانکاتدا کەسێکە دەست و پەنجەی لەگەڵ چەندین تاوان نەرمکردووە، تاوانکردن و دەستدرێژیکردنە سەر بەرانبەرەکانی بۆتە خوویەکی قێزەونی ئەمر کارەکتەرە. (شێرۆ مەدفەع، تەمەنی، چل و پێنج ساڵێک دەبوو. برای بچووکی چوار برایان، کە هەموویان لە دامودەزگاکانی حکوومەت کاریان دەکرد. لە ناو هەموویاندا، تەنێ ئەو ئاوها سەرسەری بوو. بەڵامر لەگەڵ ئەمەش، بە هەر چوار برا

گەورەکەی -لەکاتی ئاوهادا- لە پشتی دەوەستان و لەسەریان دەکردەوە: بەتایبەت برا هەرە گەورەکەی، "ڕائید نەعیم" کە مەسئوول شوعبەی ئیستخباراتی بەعس بوو لە شاری مەخموور... تا ئێستا سێ جاران لەسەر تۆمەتی منداڵبازی بەری دابوو، جارێکیشیان لەسەر ئەوەی کە بەسەرخۆشی تەلەفزیونی ناو چایخانەکەی مام بایزی شکاندبوو، جارێکی دیکەش لەسەر ئەوەی کە لەناو حەمام شیفا بە دامربۆکس لە نەقیب ئەمنێکی خەڵکی خانەقینی دابوو، بە نەعیمی براشی دەگووت لەناو حەمامەکە ڕووت بوو، نەمزانی نەقیبی ئەمنە). (پیرباڵ، 2003: ل 7). هۆکاری هەرە سەرەکی کە وایکردووە "شێرۆ مەدفەع" هەمیشە بە بەدڕەوشتی و کارە شەڕانگێزییەکانی بمێنێتەوە، برایەکانی ناوبراو بوون، بەتایبەت براگەورەکەی، بە هۆی دەستڕۆیشتوویی و پلەی سەربازیی لەنێو بەعسدا، هەمیشە داکۆکییان لەم تاوابارە کردووە، ئەم داکۆکیکردنەش هەر لەبەرئەوە نەبووە کە برایەتیی پێویستە داکۆکی لێبکات، بەڵکو "شێرۆ مەدفەع" وەک تاوانبارێک پەیوەندیی بە دامودەزگاکانی بەعسەوە هەبووە، ئەوانیش ئەم تاوانبارەیان بەکارهێناوە بۆ تێکدانی باری کۆمەڵایەتیی خەڵکەکە بە هەموو چین و توێژە جیاجیاکانەوە.

لە سۆنگەی ئەوەی برایەکەی "شێرۆ مەدفەع" لە دەزگا هەواڵگرییەکانی بەعس کار دەکات، خودی خۆشی باوەڕپێکراوێکی ئەوانە، ئەوەی پلەداری پۆلیسە ناتوانێت وەک پێویست توێژینەوە و لێپێچینەوەی لەگەڵ بکەن، زۆربەی خەڵکەکەی دەوروبەریشی، بە پۆلیسەکانەوە لێیدەترسن. (...لە سەرەتادا بە کەفالەت، پاشان لە دادگا چارەسەرێکیان بۆ دیتەوە و بەریان دەدا. بەمشێوەیە، خەڵک نەک هەر نەیدەتوانی ڕقیان لێی بێتەوە، بەڵکو لێشی دەترسان... کاک شێرۆ، بەیانیی ڕۆژی پێنجشەمە، یەعنی دوێنێ، لە کوێ بووی؟ شێرۆ مەدفەع گووتی: لە حەمام بووم. لەگەڵ قلەکەی خۆم. مفەوەز وریا لێی خوڕییەوە: هەندێک بە ئەدەبەوە قسە بکە!... تۆ منت بانگ کردۆتە ئێرە فێری ئەدەبم بکەی یان تەحقیقم لەگەڵ بکەی؟! مفەوەز وریا نەیدەوێرا بڵێ: تەحقیقت لەگەڵ دەکەم و هەردووچاویشت دەردێنم). (پیرباڵ، 2003: ل 8). "شێرۆ مەدفەع" وەک تاوانبارێک نەک هەر پۆلیس و دامودەزگاکانی پۆلیس بە هیچ دانانێت. بگرە "شێرۆ مەدفەع" منداڵبازی ئەوەندە لا ئاسان بووە شانازی بە منداڵێك دەکات، کە لەگەڵی دایە، بە دۆستی خۆی ناوزەندی دەکات.

(دەتوانی لە قلەکەم بپرسیت، دەتوانی لە وەستا مەغدیدی حەمامچی بپرسی! یان لە مام جەردیسی ناتر بپرسن، دەی... خۆ ئەو بیست و چوار سەعات لە حەمامەکەیە. ئەو بەیانییە بە دەستی خۆی پشتی منیش و قلەکەشمی شوشت... بڕۆن لە ئەو بپرسن. شێرۆ مەدفەع لە کۆتاییدا هێور بووەوە: پاشان، مفەوەز وریا، ئەوا دەرکەت: هەموو تەیرێک گۆشتخۆرن، تەنها ناوی گورگ بەدە! مفەوەز وریا پرسی: مەبەستت چییە؟ ئیشی ئێمە حی علی الصلاة ئاشکرایە). (پیرباڵ، 2003: ل 9). واتا "شێرۆ مەدفەع" سڵ لە هیچ کەس و دەسەڵاتێک ناکاتەوە، بە ئاشکرا و ڕۆژی ڕووناک چی مەبەستە ئەو دەکات، کارەکەی هێندە لا ئاسان بووە وەک بڵێیی قومێک ئاو فڕ بکات!

"مەلا چاوبەکل"یش یەکێکە لەوانەی تۆمەتی ئەوەی دراوەتە پاڵ گوایە لە فڕنییەکەی خۆی دەستدرێژی کردۆتە سەر منداڵێک و لاقەیکردووە، بەڵام خەڵکەکەی دەوروبەری ئەم تۆمەتەی ئاڕاستەی"مەلاچاوبەکل" کراوە، بەهەر شێوەک بێت ڕەتیدەکەنەوە، چونکە ناوبراو مەلایە، قورئانخوێنە، خەڵکی گەواهی ئەوەی بۆ دەدەن دەست و دامێن پاکە، خەریکی کار و کەسابەتی خۆیەتی ئەوەی هەمیشە داکۆکییەکی سەرسەختانە لە "مەلا چاوبەکل" دەکات، پیاوێکە بە ناوی "مام قادری قەیماغفرۆش"، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە لە نزیکەوە یەکتر دەناسن و دراوسێی یەکترن، بۆیە هەر یەکێک گومان و پرسیاری ئەوەی لەلا دروستبایە گوایە "مەلا چاوبەکل" تاوانبارە بە منداڵبازیی، ئەو لە جیاتی "مەلا چاوبەکل" بەرگری دەکرد. (مام قادری قەیماغ فرۆش، بە درێژایی ئەو ڕۆژە هەر کەسێک لێی بپرسیایە: ئەرێ ڕاستە؟! دەمودەست لەسەرەتادا دەیگوت: (لاحول و لاقوة الا بالله... پاشان لە نوکە دەستیپێدەکرد بسەلمێنێ کە ئەم تاوانە پیسە لە "مەلا چاو بەکل" ناوەشێتەوە،بەڵکو لەوانەیە مەولوود منداڵباز، یا شێرۆ مەدفەع شاگردەکەی مەلایان تەفرە دابێت و لە ناو فڕنییەکەی ئەودا ئەوەی ویستویانە کردبێتیان). (پیرباڵ، 2003: ل 9). ئەمەی خرایە ڕوو بیرو بۆچوونی "مام قادری قەیماغفرۆش"ــە لەبارەی کەسایەتی و سەنگی "مەلا چاوبەکل"ــەوە، کە خۆی یەکلا کردۆتەوە بە هیچ شێوەیەک تاوانێکی لەمشێوەیە هەرگیزاوهەرگیز لێی ناوەشێتەوە. کەچی "شێرۆ مەدفەع"یش خۆی بۆ ئەوە یەکلا کردۆتەوە کە "مەلا چاوبەکل" تاوانبارە و ئەی ئەوەنییە تاوانەکەش لە فڕنییەکەی ئەودا کراوە. واتە ئەوەی قسەی چاکە بۆ "مەلا چاوبەکل"ی نەکات، نەک هەر ئەمە بەڵکو جنێویشی پێدەدا، زۆرترین هەوڵی بۆ ئەوەیە لەنێو خەڵکیدا سووک و ڕیسوایی بکات، لە پێناو ئەوەی ڕەوایەتی بە کارە قێزەونەکانی خۆی بدات. (شێرۆ مەدفەع گوتی: ئەسڵەن ئەو مەلا چاوتەڕەماشە تەنیا پێش چوار ساڵ، هەموو منداڵانی ئەم شارەی لە زەواق نابوو... بەم دووا دووایییە لە برسان هات خووی دایە قورئانخوێنی و خۆی کردە مەلا!... شێرۆ مەدفەع گووتی: ئاخر خۆ هەموو خەڵک دەزانن مەلا چاوبەکل ئەم کارەی کردووە، لێیان ڕوونە: مەلا چاوبەکل لەناو فڕنییەکەی

خۆیدا ئەم كارەی ئەنجام داوە! ئیدی برایەوە. تۆ خۆت دیوتە؟ نەمدیووە، بەڵام هەموو خەڵكی وا باس دەكەن). (پیرباڵ، 2003: ل 10). "شێرۆ مەدفەع" لە پاڵ ئەركەكانی تری، ئەركی تریشی بۆ زیادبووە ئەویش تۆمەت بەخشینەوەیە بۆ ئەوانیتر، چونكە ئەو باش دەزانێت لە ئێستادا "مەلا چاوبەكل" دەست بەرداری ئەو كارە دزێوانە بووە، خەریكی مەلایەتیی و فرۆچێتییە، ئەوەی كردوویەتی لە ڕابردوودا بووە، پەیوەندی پێوە نەماوە.

"شێرۆ مەدفەع"ــی تاوانكار، بە بێ ئەوەی شەرم بكات لە دەوروبەرەكەی باسی ئەوە دەكات كە ئەم كارەی ئەو دەیكات بە ڕەزامەندی ئەو كەسەیە كە پەیوەندی لەگەڵدا هەیە، بۆیە بە شانازییەوە باس لەوەش دەكات كە بە زۆرەملێ كارێكی خراپی وەک كارە خراپەكانی تری لەگەڵ هیچ منداڵێك نەكردووە. (هەرگیز كاری وا لەمن ناوەشێتەوە، ماشەڵڵا.. شێرۆ مەدفەع...! ئەدی تازە باسی ئەوەت نەدەكرد كە بەیانیی پێنجشەمە خۆت و قلەكەت لە حەمام بوونە!؟

ئەوە لەگەڵ قلی خۆم. بەڵام من بە حەیاتم بە بیرم نایە كارێكی خراپم بە زۆر لەگەڵ منداڵێك كردبێت. هەرگیز). (پیرباڵ، 2003: ل 11). "شێرۆ مەدفەع" ئاوا باسی خۆی دەكات كە كەسێكی بێتاوان و گوناهە، نە بای دیوە، نە باران، ئەوە ئەوانی ترن تۆمەتی ئەوەی دەخەنە پاڵ گوایە دەستدرێژی كردۆتە سەر منداڵێك! ئەم كاری دزێوی ئاوا ناكات، چونكە ئەم دۆستی خۆی هەیە، چ جای ئەوە دەكات منداڵی تر بكاتە ئامانج!

"مام قادری قەیماغفرۆش" بە حوكمی كارەكەی، كە بەردەوام بە ڕۆژ لە بازاڕ دایە، یەک بە یەكەی تاوانكار و منداڵبازەكان دەناسێت و ناویان دەزانێت، بۆیە گەیشتۆتە باوەڕێك كە ئەمانە ئەوەندە زۆرن كە لە ژمارە نایەن، ئامۆژگاری كوڕەكەشی دەكات كە وریا و هۆشیار بێت. (كوڕە پارچەڵەكەی مام قادر لە باوكی پرسی: بابە، تەنیا مەولوود منداڵباز و شێرۆ مەدفەع منداڵبازن؟ نەخێر، كوڕم... زۆرن. ناویان چییە؟ جەمیل دۆخین، قادر قەنینە، كەریم كەرگێ، تاهیر تەسبیح... گوێت لێیە! ئەوجا ئاگاداری خۆت بە! ئەوان لە كوێن؟ لەسینەماكان، لە مەسبەحەكان، لەبەر دەركی چایخانەكان دادەنیشن. لە هەموو شوێنێكن. ئیدی جارێكی دیكە نەچیتە سینەما و مەسبەح و چایخانە و مەیخانان.. ها! گوێت لێیە!). (پیرباڵ، 2003: ل 12). لە كۆتاییدا قسەكانی "مام قادری قەیماغفرۆش" چوارچێوەی ئامۆژگاری تێكدەشكێنن، دەچنە چوارچێوەی ئاگاداركردنەوە و ترس و مەترسیدارییەوە، گەر كوڕە پارچەڵەكەی بە گوێی نەكات ئەوا ئەو كەسە تاوانكار و مەترسیدارانە لە هەموو شوێنێكن، بەسەریدا زاڵ دەبن و ژیانی لێدەكەن بە زەقنەبووت.

منداڵان، ئەوەندە لە لایەن ئەم تاوانكار و منداڵبازانەوە پیلانیان بۆ دانراوە، وای لێهاتووە ئەوانیش خوێندنەوە و تێگەشتنیان هەبێت بۆ پیلانەكانیان، وردودرشتی هەڵسوكەوتە نەشیاوەكانیان بناسنەوە. (ئەو نیوەڕۆیە دوو كوڕە مامەكەی یوسف، كارۆخ و كامیار، لەگەڵ دوو هاوڕێی هاوتەمەنی خۆیان، لە باخچەكەی ماڵی یوسف دانیشتبوون. كارۆخ دەیگووت:من دڵنیام ئەمە كاری شێرۆ مەدفەعە. كامیار دەیگووت: نەخێر، تاهیر تەسبیحە، چونكە ئەو هەرگیز وازی لە یوسف نەدەهێنا. هەمیشە بە دوایەوە بوو. هاوڕێكەشیان دەیگووت: ئەدی جەمیل دۆخینی گەواد؟!). (پیرباڵ، 2003: ل 13). واتە مێشكی ئەم منداڵ و هەرزانە پڕییەتی، یاخود بڵێین پڕكراوە بە وێنەی شێرۆ مەدفەع و تاهیر تەسبیح و جەمیل دۆخین و هاوڕێ و هاوپیشەكانیان، كە هەریەكەیان لە شوێن و گەڕەكێكی دیاریكراو تەنگیان بە منداڵان هەڵچنیووە، بە هۆی هەڵسوكەوتە ناشیرین و نەخوازراوەكانیان.

"جابیر جەنازە" باوكی ئەو منداڵەیە كە "یووسف" ـی ناوە، ئێستاشی لەگەڵدابێت "یووسف" دیارنییە، بەڵام پڕوپاگەندە و قسەی وا هەیە كە گوایە لە نێو خەڵكیدا لەلایەن تاوانكار و منداڵبازەكانەوە دەستدرێژی كراوەتە سەر و ڕفێندراوە و دیار نەماوە، بارودۆخێكی لەم شێوەیە تەواو باری دەروونیی "جابیر جەنازە" تێكدەدات، وایلێدەكات وەک شێتێک هەڵسوكەوت بكات، چیتر بە باشی نەپرژێتە سەر كاروبارەكانی ڕۆژانەی خۆی. ("جابیر جەناز" باوكی یووسف، پیاوێكی دێژكۆڵەی لاوازی بێهز بوو. لەسەری جادەكەی لای ماڵی خۆیان دوكانێكی بچكۆلەی لێفە دوورینی هەبوو. پیاوێكی بەلەنگاز و سادە و هەمیشە بێدەنگ، خەڵك لەبارەیەوە دەیانگووت: مێشی لەدەمی خۆی دەرناكات. ئەو ڕۆژە، وەک شێتی لێهاتبوو، سەری دنیای لێ هاتبووەوە یەک...

جابیر جەنازە ئەو ڕۆژە تەنانەت نەچووە نوێژی جومعەش، هەر دەگەڕا لەگەڵ یاسینی كوڕە گەورەكەی...). (پیرباڵ، 2003: ل 16). هەروەها ماڵی "جابیر جەنازە"ش لە ماڵێک دەچێت كە پرسەدار بن، خزم و خەڵک لێرە و لەوێ كۆببنەوە بە مەبەستی سەرەخۆشی لێكردن، بۆیە "بەڵقیس خان" ژنی "جابیر جەنازە" و دایكی "یووسف"ـی ستەملێكراو ئەو ژنانەی دەیانناسێت لە دەوروبەری خۆیان كۆكردوونەتەوە. (ئەم پاش حەسرە، بەڵقیس خانی دایكی یووسف، لە ژێر دارمێوەكەی ناوەڕاستی حەوشەكەی خۆیان، تەسبیحێكی سەد و یەک قل بە دەستییەوە، چارۆگەیەكی سپی بەسەریەوە، دانیشتبوو.. دەوراندەوریشی هەمووی ژنی گەڕەک و خزمەكانی خۆی بوون، دایزە ویدادی ژنی بەدرەدین قەرە، دادە نەزیهەی ژنی ئەحمەد خۆخی، پلكە بەدۆكەی نانكەر، فەخری خانی ژنی حاجی

جەمال دۆغرەمەچی، نیهایەت خانی ژنی عەونییە فەندی، ژنە ناوەنجییەکەی سەعید کورەچی، ژنە گەورەکەی عوسمان سەقای ئامۆزای... هەموویان، دەتگووت لە پرسەیەک دانیشتوون، دانیشتبوون دڵیان دەدایەوە). (پیربال، 2003: ل 16). ئەو ژنانەی بەناو لەو پرسەیەدا دانیشتوان، ژنانی سەر بە زۆربەی چین و توێژەکانی کۆمەڵن، هەموویان لە ڕواڵەت بۆ "یووسفی جابیر جەنازە" دەگرین، بەڵام لە ناخدا هەریەکەیان بە خەمێکی کوشندە دەتلێنەوە.

ئەوەی لە هەمووشیان زیاتر جەرگ و ناخی بە خەم و ئازار سیخناخە "ئامینەخان"ـی خێزانی "عەبدۆک نەجاڕ"ـی تاوانکار و منداڵباز، لە هەمانکاتدا دەستە خوشکی "بەڵقیس خان" دایکی "یووسف"ـی قوربانییە، "ئامینەخان" خەڵکی وا تێدەگەن کە بۆ ماڵی "یووسف" دەگریەت، کەچی بۆ حاڵی خۆی دەگری، خەریکە لەبەر خەم و ئازاردانە گیانیی و جەستەییەکانی مێردی شەق بەرێت. (ئامینەخان چەندین جاری دیکەش پێشتر، لە لای بەڵقیس خان باسی ئەوەی کردبوو کە چۆن عەبدۆک نەجاڕی مێردی، دەیان جارە نیوە شەوان یان بە چرقەی نیوەڕۆ، کوڕوکاڵ و مێردمنداڵانی هێناوەتە ماڵەوە و بە بەرچاوی خۆیەوە ئیشی خراپی لەگەڵ کردوون... بەڵقیس خان، دیسان، بەدەم بیستنی ئەم قسانەی ئامینەخانەوە، لەبەرخۆیەوە تەسبیحاتی دەکرد و دەیگووت: "استغفرالله... استغفرالله... ئامینەخانیش، لە ژێر نێوچەوانی گرژ داگرتووی خۆیەوە، لەناو ژنەکاندا، هەڵی دەدا وا دەری بخات کە گریانەکەی، بۆ یووسفی بەڵقیس خانە، نەک بۆ حاڵی پەرێشانی خۆی). (پیربال، 2003: ل 16). واتە "عەبدۆک نەجاڕی"ـی تاوانکار و منداڵباز پەڕۆی لە کونی هێناوەتە دەر و بێتامی کردووە، هەموو پیرۆزییەکانی ماڵ و خێزانەکەی خستۆتە ژێر ڕکێفی حەزە شەیتانیی و تاوانکارییەکانی ، جەم و دەمی نییە لە ماڵەوە و لەبەردەم خێزانەکەی منداڵان ئەتک دەکات. بەمەش دەگەینە ئەوەی ئەگەر هەندێک لە هاوپیشەکانی "عەبدۆک نەجاڕ" چەند جارێکی کەم لە هێڵی سووریان دابێت، ئەوا ئەو هیچ واتایەکی بۆ هێڵی سوور نەهێشتۆتەوە، هەموو دابونەریتە کۆمەڵایەتیی و خێزانییەکانی بە تەواوەتی تێکشکاندووە.

ڕۆماننووس پێیوایە ئەوانەی بە کاری تاوانکاری و منداڵبازییەوە خەریکن، گەلێکیان کەسانی تاوانبارن، تاوانی گەورەیان لێدەوەشێتەوە، کەسانێکن کە دەستدرێژی دەکەنە سەر منداڵانی بێتاوان و گوناە، ئەوا ڕاهاتوون لەسەر هەموو جۆرە کەتن و تاوانێک. (ئەو ڕۆژەی مەولوود منداڵباز زیندانە بچووکەکەی مەخفەری تەیراوە شکاندبوو و ڕایکردبوو، تەرمی پازدە سەبازی شەهید بە جارێک، لە سەنگەرەکانی عەبادان و قەسری شیرینەوە گەڕابوونەوە هەولێر...

مەخفەری تەیراوە دەبووایە ناونیشانی خاوەن ئەو تەرمانە بدۆزێتەوە و پەیوەندی بە خاوەنەکانیان بکات. مەخفەری تەیراوە مەژغووڵ بوو. ئەو ڕۆژە هەرایەک بوو نەبێتەوە، هەولێر هەموو ڕژابووە بەردەم مەخفەری تەیراوە... عەقید عەلی دەیگووت: مەولوود منداڵباز ئەو دەرفەتەی قۆزتەوە و توانی ڕابکات). (پیربال، 2003: ل 17). واتە ئەو منداڵبازانەی کە ڕۆماننووس باسیان دەکات زۆربەیان تێوەگلاون لە زۆرترین تاوان، کەسانێکی ئاوا دەستکراوەن کەمترین هەلیان بۆ ڕێکبکەوێت دەست ناپارێزن، بێگومان ئەمانەش پشت قایمن بە دەسەڵاتێکی سیاسی دیاریکراوە، ڕاهێنراون لەسەر زۆرترین کردنی کەتن و تاوان لە هەمبەر تاکە بێگوناهەکان، تەنانەت ئەم تاوانبارانە دەسەڵاتەکەیان پۆلیس و بنکەکانی پۆلیسیش دەبرێت.

"یاسین" برای "یووسف"ـی قوربانییە، کە گوایە لە لایان منداڵبازەکانەوە دەستدرێژی کراوەتە سەر دواتر ڕفاندوویانە، "یاسین" لەلایەک ترس دایگرتووە لەبەر ئەم بەد ڕەفتارانە، لەلایەکی تریشەوە وەک مێردمنداڵێک بیر لە ئابڕووی خۆی و خانەوادەکەی دەکاتەوە، بۆیە چوونە قوتابخانەشی لەلا ئەستەم دەبێت، بیر لەوە دەکاتەوە گەر بچێتە قوتابخانە دەبێتە مایەی گاڵتەجاری هاوڕێیە قوتابییەکانی. (بابە، من مەکتەب جێ دێڵم و چیتر دەوام ناکەم. بۆچی کوڕم؟ یاسین گریا: بابە، یووسف حەیای هەمووومانی برد. باوک خەریک بوو بداتە پرمەی گریان: نا کوڕم، یووسف منداڵە، منداڵی چییە؟ حەیای هەمووومانی برد!). (پیربال، 2003: ل 18). واتە "یاسین"ـی برای "یووسف" بەوە منداڵی و مێردمنداڵییەوە، هەست بە جەور و ستەمێکی زۆری گەورەی خراپەکارەکان دەکات، بەوەی نەک هەر ئابڕووی "یووسف"یان بردووە، کە گوایە کاری بەدڕەوشتیان لەگەڵ ئەنجامداوە، بەڵکو ئابڕووی خۆیی و خێزانەکەشیان بردووە، ئەمەش هەر بە قسە و قسەلۆکی خەڵکەکەی دەوروبەریان، نەوەک هێشتا ڕوونەبۆتەوە ئایا "یووسف" کاری خراپیان لەگەڵ کردووە، یاخود لەلایەن کەسانێکی ترەوە بۆ مەبەستی تر ڕفێندراوە.

ڕۆماننووس ئاماژە بە جۆرە پەیوەندییەک دەکات لەنێوان کۆترباز و منداڵبازکان، وەک ئەوەی بیەوێت پێمان بڵێت: "مەنجەڵ دەگەڕێت قەپاغی خۆی ببینێتەوە"، ئەمەش لە ڕۆمانەکەدا لە پەیوەندی هاوسەرێتی نێوان "بەهییجەخان"ـی خوشکی "مەلا چاوبەکل"، کە ژنی "ئەنوەر کۆترباز"ـە، "مەلا چاوبەکل" لە پێشتردا پێش ئەوەی ڕوو لە ئایین بکات، لەکە و پەڵەی ئەوەی لەسەرە کە گوایە منداڵباز بووە، بەڵام بە هۆی هەژاری و نەداری ڕووی لە ئایین کردووە، بۆتە قورئانخوێنی نێو گۆڕستان. ("مەلا چاوبەکل" لەلایەن "جابیر جەنازە"ـی ی باوکی یووسفەوە شکایەتی لێکرابوو. هەر لە کاتژمێر نۆیی بەیانیی ڕۆژی پێنجشەممە وە، دوای سوکە

توێژینەوەیەک، لە پۆلیسخانەی تەیراوەوە ڕاپێچیان کردبووە حەپەسخانەی سەرا. "مەلا چاوبەکل" تەنیا خوشکێکی هەبوو: بەهیجە خانی ژنی ئەنوەر کۆترباز، لەگەڵ یەک تاقە برایشی، کاکۆ، کە جاران دوکانێکی تۆمارکردنی شریتی گۆرانی و ڤیدیۆی هەبوو...). (پیربال، 2003: ل 18). بەم پێیە بێت "ئەنوەر کۆترباز"، زاوای "مەلا چاوبەکل" کۆنە تاوانکار و منداڵبازە، یەکێکیان بەدوای کۆترەوەیە، ئەوی دیکەیان ئەتککردنی منداڵ، ئەوەی ماوەتەوە بڵێین: لەنێو کۆمەڵگای کوردیمان "منداڵبازەکان" بە چاوێکی زۆر سووک و ڕیسوایی سەیریان دەکرێت، لە هەمانکاتدا "کۆتربازەکان"یش قسەی چاک و باشیان لە دواوە ناکرێت لەلایەن چین و توێژەکانی کۆمەڵگاکەمانەوە، تا ڕادەیەکیش بەچاوێکی باش تەماشایان ناکرێت، ئەمەش بۆتە پاڵنەرێک بۆ ئەوەی ڕۆماننوس "کۆتربازەکان" بکات بە خزمی "منداڵبازەکان".

یەکێکی تر لە تاوانکار و کۆنە منداڵبازەکانی تری نێو ڕۆمانەکە "قادر قیرۆ"یە، کە دەکاتە خاڵی "یووسف"ــی قوربانی، ڕۆماننووس لای وایە منداڵبازەکان چاکتر یەکتر دەناسن و شارەزای یەکترن، بۆیە بە ئاسانی دەتوانن شوێنپێی یەکتر هەڵبگرن، کاتێک یەکێکیان کەتن و تاوانێک دەکات ئەوا ئەوانیتر لە ڕێی کەتن و تاوانەکەیەوە خوێندنەوەی بۆ دەکەن و دەیناسنەوە. (خاڵی یووسف، قادر قیرۆ، بۆ خۆیشی کاتی خۆی منداڵباز بوو، بۆیە منداڵبازەکانی تەیراوە و تەعجیل و خانەقا و تەنانەت ئەوانەی گەڕەکی عارەبانیشی یەک یەک دەناسی، بە بەڵقیس خانی دایکی یووسف ــی گووت: بەڵقیس خوشکی خۆم، غەمت نەبێ... تۆ دەزانی: من بۆ خۆم لە خەتی مووسڵ ئیش دەکەم... بەخوا ماوەی یەک هەفتەی داهاتوودا پەتی لە مل دەکەم و وەک سەگ دەیهێنمەوە بەر دەمت.). (پیربال، 2003: ل 19). واتا لە دیمەنێکی ئاوادا گەر "قادر قیرۆیەک" لە "مەولوود منداڵباز" تاوانبارتر نەبوو بێت، چۆن لە ئێستادا دەتوانێت وا بە ئاسانی بیدۆزێتەوە و پەتی لە مل بکات و وەک سەگێکی بەڕەڵاکراو بیهێنێتەوە، چونکە "مەولوود منداڵباز"، ناجسن و ناجۆرییەکەی لەو لاوە بوەستێت، بنکەی پۆلیسی شکاندووە، دواتریش بەرە و شارێکی تر ڕایکردووە، "قادر قیرۆیەک" ئەمجۆرە تاوانبارە ترسناکە وا زەلیل بکات، ئاخۆ دەبێت لە پێشتردا خۆی چۆن تاوانبارێک بووبێت.

بەهۆی ئەوەی منداڵبازەکان سەرلەبەری کوچە و کۆڵانەکانی شاریان تەنیوەتەوە، ئەمەش دۆخێکی نائاسایی و نەخوازراوی لای منداڵان و مێردمنداڵان دروستکردووە، بە چەشنێک هەست و نەستی ئەمانە سیخناخە بە هەڵسوکەوتی ناشیرینی ئەم تاوانکار و منداڵبازانە، لە ئاگایی و بێئاگایی ئەم منداڵ و مێردمنداڵانە بە بێ پسانەوە بوونیان هەیە، خە و خەیاڵ و بیرکردنەوەیان هەر خەمی ئەم منداڵبازانەیە، وەک خەونەکەی "یاسینی جابیر جەنازە" کە سواری پاسکیلی دەکەن، خەونەکەی "نزاری مام قادری قەیماغفرۆش" کە دەیبەنە بەستەکەی ژێر پرد. (یاسین، نیوەشەو خەونێکی ناخۆشی بینی: کۆمەڵێک خوێڕی و تۆڕی و منداڵباز، بە هەموویان دەورەیان دابوو. سەلیم سارووغ، کە منداڵبازێکی گەڕەکەکەی خۆیان بوو، لێی هاتە پێشەوە و دەستی ڕاکێشا، لەناو منداڵباز و خوێڕییەکاندا قوتاری کرد، ئینجا سواری پاسکیلێکی کرد... یاسین، نەکەی، سواری پاسکیلەکەی سەلیم سارووغ نەبیت! فێڵت لێ دەکا، دەتبا! سواری پاسکیلەی نەبی! دەتبا ئەتکت دەکا!). (منداڵباز، ل١٩). گەر "یاسینی جابیر جەنازەی" بەلەنگاز، بە تەنیا لەلایەن "سەلیم سارووغ"ی تەڵەکە بازەوە بردرابێت! ئەوا "نزاری مام قادری قەیماغفرۆش"ی چارەڕەش لەلایان سێ تەڵەکەبازەوە بردراوە، بۆ شوێنێکی ترسناك ڕاپێچیانکردووە. (نزاری کوڕە پارچەڵەکەی مام قادری قەیماغفرۆش کە برادەر و هاوزای یووسف بوو، ئەوشەوە خەونێکی ناخۆشی دیتبوو: جەمیل دۆخین و کەریم کەرگێ و تاهیر تەسبیح.. بەهەرسێکیان، لەناو بەستەکەی ژێر پردی سەیداوە، دەستیان گرتبوو، دەیانویست بیبەن. نزاریش هەر هاواری دەکرد و کەس نەدەگەیشتە فریای...). (پیربال، 2003: ل 19).

منداڵ و مێردمنداڵە بەستەزمان و بێگوناهەکان، هەر تەنیا هاوڕێ و هاوتەمەنی یەکتر نین، بەڵکو هاوسەنگەر و هاوخەمی یەکترن لەبەرانبەر تاوانکار و منداڵبازەکان، بۆیە ئەمانە ئەوەی لەسەر زەمینەی واقیع بۆیان نەچێتەسەر، ئەوا لە خەوندا بۆیان دەچێتە سەر و تەنگ بە منداڵ و مێردمنداڵانی گەڕەک هەڵدەچنن، بوونەتە دێوەزمەیەک کە ناخی ئەمانە دەسمن.

لەسایەی ئەم تاوانکار و منداڵبازانە، هەر منداڵ و مێردمنداڵێک خاوەن بەسەرهات و چیرۆکێکن، بەسەرهات و چیرۆکێکی خودیی و یاساغ و تابۆکراو، ئەستەمە هەموو کەسێک بەرگەی گێڕانەوەی بگرێت. (ئەو نیوەڕۆیە، دوو کوڕە مامەکەی یووسف، کارۆخ و کامیار، تەمەن سێزدە و چواردە ساڵان، لەگەڵ دوو هاوڕێی هاوتەمەنی خۆیان، لە باخچەکەی ماڵی یووسف دانیشتبوون: هەریەکەیان بەچرپە چیرۆکی خۆی بە دەست منداڵبازەکانی گەڕەکی خۆیان دەگێڕایەوە: سەلیم سارووغ، قادر قەنینە، کەریم کەرگێ، بیج حەسەن...). (پیربال، 2003: ل 19). بەسەرهات و چیرۆکی ئەم کوڕە پارچەلانە نە سەرەتای دیارە، نەکۆتایی، ناخۆشی و دژواریان لەوەدایە ناتوانن ڕازەکانیان لای ئەم و ئەوەی تر بدرکێنن، بۆیە چەند جاریتر ئەم بێگوناهانە دەبنەوە قوربانی دەستی

ئەم و ئەو، ئەمەش لە ترسی ئەوەی ناو و ناتۆرەیان بۆ بتاشرێت، لەو تەمەنە بچووکە هەستیارەوە پەڵەی ڕەش بکەوێتە سەر ناسنامەی کەسایەتییان.

دوای ئەوەی دەنگۆی ئەوە بڵاو دەبێتەوە، کە "یووسف" لەلایەن منداڵبازەکانەوە ڕفێندراوە و بێسەروشوێنە، دایکی یووسف ئەوە دەدرکێنێت کە یووسفی کوڕی "جوان" بووە، بۆیە هێندەیتر لەلایەن منداڵبازانەوە بەئامانجکراوە. واتە لە جیاتی ئەوەی ئەو"جوان"ـییەی یووسف هەیبووە بەختەوەری بکات، دووچاری بەدبەختی کردۆتەوە. (دایکی یووسف، ئەو ڕۆژە لەناو ژناندا هەر دەلالایەوە: بە قوربانی بم! یووسف جوان بوو. یووسف، جوانیی خۆی بوو کە سەری خوارد!). (پیرباڵ، 2003: ل 20). لە پێشتریش ئاماژەمان بۆ ئەوەکرد، کە ئەو تاوانکار و منداڵبازانە جوانی مێییەکانیش، لە نێرینەکان بە دیدەکەن، نێرینەکان بە سەرچاوەی جوانی دادەنێن.

فەرهاد پیرباڵ بەشێک لە بیروبۆچوون و تێگەیشتنەکانی لە ڕۆمانی "منداڵباز"دا، لە ڕێی کارەکتەرێکی هەرە لاوەکی دەردەبڕێت،کە ئەویش ناوی "دکتۆر زەکەریا کوڕی ئەحمەد ئاغای دۆغرەمەچی"ـییە، ئەم بیروبۆچوون تێگەیشتنەش لەوەدا چڕ و پوخت دەکرێتەوە لە هەر شوێنێکی سەر ئەم زەمینە بە شێوەیەکی گشتی، لەنێو وڵاتانی ڕۆژهەڵاتیدا "ئسلامییدا"، گەر پەیوەندی و میانەی کچ  و کوڕ بە بنبەست گەیشت، ئەوا ژینگەیەکی لەبار بۆ ئەوە دەسازێت کە "نێربازی" گەشە بکات و پێگە بە هەموو پەیوەندییە گیانیی و جەستەییەکانی تر لێژ بکات، بۆ ئەمەش ڕۆماننووس شاری "هەولێر" بە نموونە دەهێنێتەوە، بە یەکێک لەو هۆکار و پاڵنەرانەی هەژمار دەکات، کە وایکردووە لە قۆناغێکی مێژوویی دیاریکراودا، "نێربازی" وەک دیاردەیەکی زەق خۆی بنوێنێت ، لەنێو هەندێک لە چین و توێژەکانی ئەم شارە بە هەرمێن بێت. بێگومان ئەم بۆچوون و تێگەیشتن و ڕاڤەیەی "فەرهاد پیرباڵ" وەنەبێت تێزێک بێت تەنیا ئەو پیشانی دابێت، بەڵکو لەلایەن هەندێک لە توێژەر و لێکۆڵەرانی بواری کۆمەڵناسیی و دەروونناسیی و... هتد، ئاماژەی پێکراوە و باسکراوە. واتە بیروبۆچوونەکەی "فەرهاد پیرباڵ" لە ڕۆمانەکەدا چەندبارەکردنەوە و جەختکردنەوەی بۆچوونەکانی پێشووترە لەمەڕ دیاردەی مداڵبازیی لەنێو ئەو کۆمەڵگایانەی کە گوتاری ئایینی بەتایبەت "ئیسلامیی" زاڵە بەسەریاندا، بەڵام ئاشکرایە ئەم دیاردەیە لەلایەن زۆربەی کۆمەڵگاکانەوە بوونی هەبووە و هەیە، لە شارسانێتی گریکەوە تا ئەمڕۆ، هەر هێندە هەیە داهێنانی ڕۆماننووس لەوەدایە کە دیاردەی منداڵبازیی، یاخود بەشێوە گشتییەکەی "نێربازیی" لە ژانرێکی وەک ڕۆماندا بەرجەستە کردووە، وەنەبێت پێش ڕۆماننووس کەس لای لەم بابەت و دیاردەیە نەکردبێتەوە، ئاماژەی پێنەکردبێت و تیشکی نەخستبێتە سەر، هەبووە، بەڵام لە چوارچێوەی ژانرێکی بەربڵاوی وەک شیعر لای لێکراوەتەوە، بەتایبەت لە بەرهەمی بەشێك لە شاعیرانی کلاسیك، بە ئاشکرا و داپۆشراو درك و هەستی پێدەکرێت. دەشێت لەم دیالۆگە نابەرانبەرییەی نێوان کارەکتەرێکی سادەی وەک "مام قادر قەیماغفرۆش" ، کارەکتەرێکی بۆرژوازی وەک "دکتۆر زەکەریای کوڕی ئەحمەد ئاغای دۆغرەمەچی"، بەشێک لە بیروبۆچوونەکانی ڕۆماننووس لەبارەی دیاردەی منداڵبازییەوە بەرجەستە بکەین. (ئەم شارە گەورەیە پیاوێکی تێدانییە... کە ژنەکەی خۆی، یان کچەکەی خۆی بنێرێتە دەرەوە، یان هیچ نەبێ لەگەڵ خۆی بیانهێتە دەرەوە. "مام قادری قەیماغفرۆش" گووتی: ئینجا ئەمە پەیوەندیی بە منداڵبازییەوە چییە؟ "دکتۆر زەکەریای گۆڕی ئەحمەد ئاغای دۆغرەمەچی" کە تازە دکتۆرای لە بواری نۆژداریی هەناو لە لەندەن هێنابۆوە عیادەیەکی پزیشکیی لە نزیک دەرمانخانەی شیمال کردبۆوە، بە "مام قادر"ــی گووت: ئەم بەزمەی منداڵبازی، لە هەولێر، بەرەنجامی  ئەم دابڕانەی جنسی نێر و مێیە لە یەکتری).(پیرباڵ، 2003: ل 20). واتە کاتێک منداڵبازیی دەبێتە دیاردەیەک و زۆربەی نێرەکان ڕووی تێدەکەن، جا لە هەر وڵات و دەڤەر و شار و ئاوەدانییەک بێت، لەمەوە سەرچاوەی گرتووە کە هیچ جۆرە بەریەککەوتنێک لە نێوان مێینە و نێرینەکانی ئەو شوێنە بوونی نییە، تەنانەت نێرینەکان بەحەسرەتن ڕووخسار و ئەندامی مێینەیەک ببینن، بۆیە ئەم حەسرەتە لەلایەن نێرینەکان دەبێتە گرێیەک، یاخود گرێکوێرەک، کە کردنەوەی ئەستەمە، مەگەر بە منداڵبازیی نەبێت، چونکە ئەگەر ئەم مناڵبازییە نەبێت، پێدەچێت نێرینەکان شەق بەن! ئەمە بۆچوون و ڕاڤەی "دکتۆر زەکەریای کوڕی ئەحمەد ئاغای دۆغرەمەچی"یە، لەمەڕ تەشەنەسەندنی دیاردەی نێربازیی لە شاری هەولێر.

کارەکتەری نێوبراو هەر بەمە نەوەستاوە کە هۆکاری نەخۆشی و دەرد و بەڵایەکی وەک منداڵبازیی، یاخود نێربازیی دەستنیشان بکات، بەڵکو چارەسەری پێویستیشی بۆ دۆزیوەتەوە، هەر نێرینەیەک ڕەچاوی چارەسەرییەکە بکات، ئەوا بێ دوودڵی ڕزگاری دەبێت لەم ئافات و پەتایە!. (کچ و کوڕ ئەگەر هەر لە منداڵییەوە بتوانن یەکتر ببینن و چاویان بەیەکتر بکەوێ، یان هیچ نەبێ ئەگەر لەتەمەنی هەرەزەکارییەوە بتوانن یەکتر بناسن، ئەوا کەڵکەڵە و هەوەس و ئارەزووی پیاو هیچ نەبێ کەمێک دادەمرکێتەوە و لە هەمانکاتدا پیاو ئەوکاتە باش باش لەوە تێدەگات کە کچ بە مەخلوقێکی جوانتر و شایستەتر بۆ خۆشەویستی

بزانێت لە چاو کوڕ). (پیرباڵ، 2003: ل 21). لێرەدا پرسیارێک خۆی قوتدەکاتەوە، گەر لە شارێکی وەک هەولێر، پاڵنەری هەرە سەرەکی بۆ منداڵبازیی ئەوە بێت، کە دابڕانێک هەیە لە نێوان کچ و کوڕان، بە هیچ چەشنێک بەریەکناکەون، بۆیە منداڵبازی بۆتە دیاردەیەکی بەرچاو، ئەی بۆ هەمان دیاردە بەشێوەیەکی بەربڵاوتریش لە شار و شوێنانەش بەدیدەکرێت، کە ئازادی سێکسیی، یاخود ئازادی ڕەهای سێکسیی تێدا فەراهەمە؟ لە کاتێکدا هیچ دابڕانێک بەدیناکرێت لە نێوان کوڕ و کچان، بگرە جیاوازیشیان تاڕادەیەک کاڵبۆتەوە، هەروەها لە زۆربەی شوێنکاتەکاندا بەریەکدەکەون. یاخود پرسیارێکی تر دەکرێت ئاڕاستەی ئەوانە بکرێت ک جەخت لەوە دەکەنەوە منداڵبازیی، یان نێربازیی تەنیا لەو دابڕانەوە سەرچاوەی گرتووە کە لە نێوان کچ و کوڕاندا بوونی هەیە، بۆیە دیاردەیەکی قێزەونی وەک ئەم دیاردەیە گەشەیسەندووە، کەواتە دەبێت ڕێک پێچەوانەی ئەم بازیەی نێرینانە، بازی مێیینەکانیش لە نێوان خۆیاندا بوونی هەبێت، خۆ ئەوانەش مرۆڤن و غەریزە سێکسییەکەش لەماندا بوونی هەیە، ئەی بۆ ئەم دیاردەیە بازی مێیینە و مێیینە، لەو شوێن و کۆمەڵگایانە نەبۆتە دیاردە و بابەت، مەبەست لەو شوێن و کۆمەڵگایانەی ئەوان کە ئەو دابڕانەی کچ و کوڕ لە لووتکە دایە کە باس دەکرێت. کەواتە لێرەدا دەگەینە ئەنجامێک منداڵبازیش، وەک "خانمباز"ــی وایە، بەتایبەت بۆ ئەو نێرینانەی کە حەز و ئارەزووی بەرەلای سێکسیی لەنێو خودیاندا کەڵکەڵەی کردووە، بوونەتە کەسێکی لادەر، لە کۆمەڵێک یاسا و ڕێسای ئاسمانی و زەمینی لایانداوە. ئەگینا منداڵبازیی چ پەیوەندی بە لێکدابڕانی کوڕ و کچەوە هەیە، بۆ ئەوەی ببێتە دیاردەیەک سەر لەبەری شوێن و کۆمەڵگەیەک بگرێتەوە، بەرەو ئاقارێکی تاریک و نووتەکی ترسناکی بەرێت.

نەک هەر تاوانکار و منداڵبازەکان بە توندترین شێوە لەلایەن خەڵکەوە لۆمە و سەرزەنشت دەکرێن، بەڵکو کەسە نزیکەکانشیان لەلایەن خەڵکەوە خەریکە بە هەمان چاو تەماشا دەکرێن، ئەوانیش بە شێوەیەک لە شێوەکان بە سووچبار دادەنرێن. بۆ نموونە "عەبد گوڵباع" برای "مەولوود منداڵباز"ــە، ڕوو لە هەر شوێنێکی گشتی دەکات ئەوەی بە ڕوودا دەدرێتەوە کە برای منداڵبازە و لە دەستی پۆلیسیش ڕایکردووە. (... عەبد گوڵباع، برای مەولوود منداڵباز، دانیشتبوو ئەویش نانی دەخوارد... مەولوود، باش خۆی قورتار کرد، کاک عەبد! دەڵێن: ڕایکردووە بۆ مووسڵ، بەخوا لە بنی دنیاش بێ، هەر دەیدۆزنەوە. باشە ئەم برا بەدبەختەت بۆچی ئەم بەزمەی تەرک ناکا.. کاک عەبد؟ چی لێبکەم؟ چەندی پێیدەڵێین: فایدەی نییە. جارێکیان گوتبووی: پیاو لە ژن بووە، چۆن دەبێ بەلای ژندا بچێتەوە؟). (پیرباڵ، 2003: ل 21). "عەبد گوڵباع" بۆ ڕزگاربوون لەو گێژاوەی کە ئەم و ئەو لە شوێنە گشتییەکان بۆیان سازاندووە و خۆلادان لە کارە قێزەونەکانی "مەولوود منداڵباز"ــی برای، قسەیەکی "مەولوود" کە بیانوویەکی نابەجێیە دێنێتەوە، بەس بۆ ئەوەی قسەی ئەوان ببڕێت، چیتر قسەی لەسەر نەکەن.

کاتێک تاوانکاریی و منداڵبازیی گشت کوچە و کۆڵان و کونج و قوژبنی شار دەتەنێتەوە، ئیتر هەر منداڵەکان بۆ دەستدرێژیکردنە سەریان ناکرێن بە ئامانج، بەڵکو گەلێک گەورەش ڕووبەڕووی هەمان دەستدرێژی دەبنەوە و بە هۆکاری جیاجیا وەک منداڵان دەبنە نێچیری ئەو گورگە هارانە. ("جابیر جەنازە" دەیزانی لەناو بازاڕ و چایخانە و کوچە و کۆڵانان، بە ناوی شاگردییەوە چی بەمنداڵ و مەزنان دەکرێت). (پیرباڵ، 2003: ل 26). لێرەدا هەر منداڵان قوربانیی نین، بەڵکو گەورەکانیش بوون بە قوربانیی، ئەم قوربانییەی ئەمان لێرەدا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە خاوەن دارایی و ئابوورییەکی سەربەخۆ نین، ئەمەش بۆتە هەلێک بۆ ئەوەی خاوەنکار و دوکاندار و دەوڵەمەندان بیانقۆزنەوە، بۆ حەز و ئارەزووی گڵاوی خۆیان بەکاریانبێنن.

"کوڕەکەی حاجی وەهاب چەخماخچی" یەکێکە لەو مێردمنداڵانەی شار، کە بۆتە قوربانیی دەستی ئەو خراپەکار و و فێلبازانەی کە تەفرەیان داوە، لە بێگوناهی و بێتاوانی خۆی بە شێوەیەک لە شێوەکان لەلایەن منداڵبازانەوە ڕفێندراوە بۆ دەرەوەی شار، لە هەمانکاتدا بە کوشتن هەڕەشەیان لێکردووە، ئەگەر بیەوێت ئاشکرایان بکات و ناویان بهێنێت. (...کوڕەکەی حاجی وەهاب چەخماچیت بە بیرە چیان پێکردبوو؟... بە فێڵی ئەوەی کە بیبەن ئۆتۆمبێلێکی پێ چاک بکەنەوە، بردبوویانە ناو زوورگەکانی کەندێناوە، لەوێ تێر تێر ئیشی خۆیان لەگەڵ کردبوو و هێنابوویانەوە... هەڕەشەی ئەوەشیان لێکردبوو کە لەلای کەس قسە نەکات دەنا دەیکوژن، تاوای لێهات وردە وردە وەستا فیتەرەکەی خۆیشی پێی فێر ببوو). (پیرباڵ، 2003: ل 27). واتە ئەم منداڵبازە تاوانبارانە، لە دەستە و تاقمی دزی و ڕفاندن دەچن، ئەوەی بیانەوێت ئەنجامی دەدەن و بۆشی دەردەچن، چونکە وەک بڵێیی فرچکیان بە کاری بێڕەوشتی گرتووە، ئەستەمە بتوانن دەستبەرداری بن. لەکاتێکدا بێ ئەوەی ئەم مێردمنداڵە پێشینەیەکی لەگەڵ کاری بەدڕەوشتی هەبێت، تێوەگلابێت وەکو ئەمان، بە مەبەستی ئیشوکار لە ماڵ دەرچووە، ڕفێندراوە و دەستدرێژی کراوەتە سەر.

منداڵبازان هەر نەبوونەتە مایەی مەترسی بۆ سەر ژیانی منداڵان بە تەنیا، بەڵکو بەهۆی ئەوەی منداڵبازان شوێنە گشتی و نیمچە گشتییەکان بەکاردێنن بۆ کار و مەرامی گلاوی خۆیان، مەترسییان بۆ سەر ژیانی ژنانیش هەیە، بوونەتە هۆی ئەوەی لە هەندێک شوێندا ژنان تەریق ببنەوە، بکەونە ژێرباری تەشقەڵەی منداڵبازان. لە دۆخێکی ئاوادا "ڕۆستەم"ــی شاگردی "مام قادری

قەیماغفرۆش" وەسفی شڵەژانی ئەو ژنە دەکات، کە بە چاوی خۆی کردەوەیەکی نابەجێی ئەم منداڵبازانەی بینیووە، لە نیمچە شوێنێکی گشتییدا، لە نانەواخانەکەی "مەلا چاوبەکل". (وەرە دانیشە، ڕۆستەم... لە نووکەوە بۆم بگێڕەوە، چۆن بوو؟!... گوێ بگرە، مام قادر! بەڵێ. تازە ماست و قەیماغ و شیر و سەرتوومان پێگەیشتبوو، هێشتا سەرفەتاحم نەکردبوو، یەک موشتەریش چییە نە کەوتبووە سەرجادە. گەرد و گوڵی بەیانی بوو، لە ناکاو هەر هێندەم زانی ژنێکی عەبا بەسەر نەعرەتەیەکی کێشا و غاری دایە لای من، گووتی:

وەیش، وەیش..! استغفرالله... مام "قادری قەیماغفرۆش" پرسی: ئەو ژنە، منداڵەکەی دەناسی؟! دەیگووت((بشیبینمەوە نایناسمەوە. ژوورەوە تاریک بوو. نەمتوانی باش بیانبینم کێن؟! بەڵام دەنگیان دەهات، دیتیشمن: پیاوێک بوو بەسەر منداڵێکەوە...)). (پیرباڵ، 2003: ل 28-29). واتە ژنەکە لەم دۆخە نەشیاو و بەدڕەوشتییە، ئەوەندە شێواو و پەشۆکاوە تەنگە تاو بووە، بە چاوی خۆی کردەوە قێزەونەکەی دیتووە، بەڵام کەسەکان ناناسێتەوە، لەلایەک بەهۆی تاریکی نانەواخانەکە، لەلایەکی تریش بەهۆی ئەو بارە دەروونییە نەخوازراوەی کە بەسەر ژنەکە داهاتووە، وایلێکردووە لە نێوان بینین و نەبینین و، ناسینەوە و نەناسینەوە گیر بخوات.

بەشێوەیەکی گشتی گەورەکان، یاخود ئەوانەی لە تەمەن و جەستە و ڕووخسارییانەوە گەنجن، بەڵام ڕوحیەت و عەقڵییەتێکی پیر داگیریکردوون و ئاڕاستەیان دەکات، یان هەندێک لەو بەناو مرۆڤانەوەی ڕوحییەت و عەقڵییەت و هەست و سۆزیان تێکچووە، دووچاری نەخۆشی کوشندە و ترسناک هاتوون ، بەم هۆیەشەوە بەناو حەز و خولیا و ئارەزووەکانیشیان تووشی ناجۆریی و ناساغڵەمیی بوونەتەوە، دەیانەوێت و مەبەستییانە حەز و خولیا و ئارەزووی منداڵ و مێردمنداڵانیش نەخۆش و پەک بخەن، تا بۆیان بکرێت دنیای پڕ لە جوانیی و فریشتەئاسایان بشێوێنن، هەست بە تەمەنی ئاسایی و سروشتیی خۆیان نەکەن، هەموو ئەمانە و چەندی تریش لە پێناوی ئەوەی هێز و بازووی بەناو پیاوانەی خۆیان بسەلمێنن، لە ڕێی ئەمەش ڕەوایەتیی بدەن بە کار و کردەوە و حەزە قێزەون و نامرۆڤانەکانیان. لەنێو ئەم گەورانەش کە ئاماژەمان پێکردن، بە دیاریکراوی تاوانکارە منداڵبازەکانن، کە ڕۆڵێکی زۆر خراپ و نەرێنی دەگێڕن لە کوشتنی خەون و خەیاڵ و خولیا و حەز و ئارەزوو و هیواکانی منداڵ و مێردمنداڵان، بۆ نموونە "یووسف" و "یاسین" ئەم جووتە برایەن لەبەر ترس و دڵەڕاوکێ و ددان تیژکردنەوەی منداڵبازان لێیان، کە دڵخوازی ئەوەن ببن بە مەلەزان و یاریزان، لە دواجاردا نووشست دێنن، دەبن بە "هیچزان". (یاسین لە تیپی سەبعەنیسانی گەڕەکی تەیراوە یاریکەری فوتبۆڵێن بوو، فانیلەی ژمارە (٨)ی لەبەر دەکرد. هەمزە کەنناس سەرۆکی تیپەکەیان بوو، ئاگاداری مەسەلەی یووسفی برای بوو... ئەو ڕۆژە لەناو چایخانەکەی مام خدر خمچی، کە بارەگای تیپی سەبعەنیسانی لێ ڕاخرابوو، دڵی دەدایەوە: یاسین، کوڕی خۆم، ئیشاڵڵا ئیتر یووسفی برات لەم ڕۆژانە دەدۆزێتەوە... تۆش ئیدی وەرەوە و دەست بکەوە تەدریبی خۆت. یاسین، چاوشکاو، بەڵام بێ ئەوەی بهێڵێ ئەم چاوشکاوییەی خۆی وەدەربخات، گووتی: نایەم. چیتر نایەمە تەدریب، کاک هەمزە. بۆچی؟ واز لە تۆپانێ دێنم. بە یەکجاری؟ بەڵێ، بۆچی؟ ، چونکە تۆپانێم تەرك كرد. تەواو. یاسین دەڕۆیشت و بە بێ فرمێسک هۆن هۆن دەگریا. خۆ بەهەمان شێوەی یووسفی برایشی، هەر سەبارەت بە خۆڕی و توێڕی و منداڵبازان بوو کە نەیتوانی تا ئاخرین ڕۆژیش فێری مەلەکردن ببێت! فێری زۆر شتی پێویست و جوانی دیکەش...). (پیرباڵ، 2003: ل 25-36). لەم خاڵەدا گەر وردبینەوە کێشە هەرە سەرەکییەکە، هەر ئەوەنییە کە "یووسف" و "یاسین"، خەون و خەیاڵەکانیان بکەنە ڕاستی، بە دوای حەز و خولیاکانیان بکەون، بەڵکو ئارێشە هەرە سەرەکییەکە لەوەدایە بە هۆی نەهاتنە دی خەون و ئارەزووەکانیان دوور کەوتوونەتەوە لە "زانین" و "فێربوون"، لە ئەنجامیشدا "نەزانین" و "فێرنەبوون" بەرۆکی گرتوون، تەنانەت ل "پەروەردەکردن"یش بەشێکی تری ئارێشەکەیە، چونکە ئەم مێردمنداڵانە نەیانتوانیووە جەستە و ڕۆحیشیان پەروەردە بکەن. بە واتایەکی تر ئەم منداڵ و مێردمنداڵانە و هاوشێوەکانیان جا لە هەرکوێیەک بن، لە ئەنجامی مامەڵە و هەڵسوکەوتی تاوانکار و منداڵبازەکان، یاخود بەشێوەیەکی گشتی "گەورەکان" نەیانتوانیووە کەسایەتیی خۆیان بونیاد بنێن، بوون بە کەسێتییەکی نەگۆڕ و نەرێنیی دەوروبەرەکەی خۆیان، لە تەمەنێکی بچووکیی وەک منداڵیی و مێردمنداڵیی لە هەموو جۆرە گەشەکردنێکدا وەستێندراون، بە هیچ شێوەک وەک کەسێتییەکی خاوەن کەسایەتیی پەرەیان نەسەندووە، مەگەر ئەم چەشنە منداڵ و مێردمنداڵانە کە بەم جۆرە بوونەتە قوربانیی بیرکردنەوەی چەوت و چەوێڵی گەورەکان، تەنیا گەشەکردن لەجەستەیاندا ڕەنگیدابێتەوە. بێگومان ئەم چەشنە ئارێشەیەی منداڵان و مێردمنداڵان، هەر ڕووبەڕووی ئەمان نەبۆتەوە، یان بە تەنیا ڕووبەڕووی نەتەوە و کۆمەڵگەیەک نەبۆتەوە، بەڵکو بەشێوەیەکی گشتی دووچاری بەشێك لە "میللەتانی ڕۆژهەڵات"ـی هاتووە، بە دەستییەوە گیرۆدەن و مارانگەستەی ئەم بیرکردنەوە لەسمانەن، ئەمەش ڕاستەوخۆ هۆکاری بنەڕەتییە بۆ ئەوەی کەسانی بەهرەمەند و داهێنەر هەڵنەکەون.

هەر لەنێو تاوانکار و منداڵبازاندا، کارەکتەرێکی تری ڕۆمانەکە "عەریف عیسا"ـیە، ئەم کارەکتەرە سەرەڕای ئەوەی بە منداڵبازییەوە خەریکە، بۆتە مایەی ترس و دڵەڕاوكێ بۆ ئەو منداڵ و مێردمنداڵانەی کە بە پێشی گوزەر دەکەن، وەک دەڵێن: "عوزری لە قوباحەتی گەورەترە"، چونکە نموونەی پیاوێکی بەدئاکارە بە هەموو مانا و دەلالەتەکانییەوە، پیاوێکی "دوو دەرکیی"ـیە، گەر منداڵبازەکان بەسەرێکەوە درز بخەنە نێو چین و توێژەکانەوە کۆمەڵگەوە بەرە و هەڵدێری بەرن، ئەم "عەریف عیسا"ـیە بە چەند سەر و لایەکەوە کاری قێزەون و نابەجێ ئەنجامدەدات، گەرای لادان لەنێو کۆمەڵگای کوردیی دادەنێت و، دەیەوێت گەشەی پێبکات و بڵاوی بکاتەوە. ( ئەم عەریف عیسایە ئێواران لە بەردەم حەمامەکاندا ڕادەوەستێت و چاو دەگێڕێ. یاسین باش دەزانێ: منداڵبازە و پیاویش دەخاتە سەرخۆی. زۆر سەیرە! یاسین لە دڵی خۆیدا گوتی: عەریف عیسایەکی منداڵباز لە پۆلیسخانە بێت و لە مەسەلەی برای من بکۆڵێتەوە؟! یاسین پێی سەیر بوو: پۆلیس خۆی منداڵباز و دوودەرکی بێت! پۆلیسێکی منداڵبازی دوودەرکی، بۆ خۆی لەناو مەخفەری پۆلیس، دۆسیەی منداڵە ئەتککراوەکان لە ژوورێکەوە بباتە ژوورێکی تر، تەنانەت لەوانەیە سەرپەرشتی حوکمدان بەسەر تاوانەکەشدا بکات. زۆر سەیرە). (پیربال، 2003: ل 38). کە دەڵێن: "عەریف عیسا" لە چەند لایەن و سەرێکەوە ڕۆڵی هەیە لە شێواندن و تێکدانی کۆمەڵگادا، دەکرێت خەسڵەت و تایبەتمەندییە ناشیرینە کانی لەمانە ببینینەوە: منداڵبازە، پیاوێکی دوودەرەکیە، لێکۆڵەری پۆلیسە لە پۆلیسخانە، متمانە پێکراوە لەلایەن ئەو پۆلیسخانەیەی کە کاری تێدەکات، دۆسیەیەکی هەرە هەستیاریی لەژێر چنگ دایە، وەک دۆسیەی منداڵە ئەتککراوەکان، مامەڵەیان پێوە دەکات و لێرە دەیانهێنێت و دەیانباتە ئەوێ، سەرەڕای ئەوەی مەترسیی ئەوەشی لێدەکرێت یاری بە چارەنووسی تاوانبار و تاوانلێکراوان بکات، سەرلەبەری پەڕاو و دۆسیەکان بشێوێنێت. هەموو ئەم خەسڵەت و تایبەتمەندییە ناشیرین و دەعجانییە لە پیاوێکی حوکمەت کۆبۆتەوە ، نوێنەرایەتی حوکمەت دەکات.

ڕۆماننووس جەخت لە بوونی قوربانیی دەکاتەوە لەنێو ئەو تاکانەی لایانداوە، سنووره هەمەچەشنەکانیان بەزاندووە. گەڕەکی باداوەی شاری هەولێر، کارەساتێکی جەرگبڕانەی تێدا ڕوودەدات، کاتێک باوکێک دەستی دەچێتە خوێنی کوڕەکەی، ئاژەڵئاسا سەری دەبڕێت. (دەڵێن پیاوێک لە گەڕەکی باداوان، پێرێ شەو، کوڕەکەی خۆی سەربڕیوە و چوویشە خۆی تەسلیمی پۆلیس کردووە و گووتوویەتی کارێکی ئاوهام کردووە. استغفرالله، پیاوەکە، چۆن؟ لەسەر چی؟ مام قادری قەیماغفرۆش گووتی: کوڕەکەی هین بووە. لەسەر کارەکە گرتوویەتی و زانیوویەتی چی کردووە؟ هەر سەری بڕیوە. سەری کوڕەکەی خۆی بڕیووە.). (پیربال، 2003: ل ٤٥). لە ڕوانینی باوکی ئەم کوڕەوە، ئەم کوڕە هەر جەرگی باوکی نەسمیووە، بەڵکو جەرگی کۆمەڵگاشی هەلابەهەلا کردووە، ئەم بڕیارەشی لە ئەمەوە سەرچاوەی گرتووە کاتێک دەزانێت کوڕەکەی سەرجەم تابۆکانی شکاندووە، بەو ڕادەیەی بە بنبەستێکی ئایینی و ئاکاریی و کۆمەڵایەتیی گەیشتووە.

کاتێک منداڵبازەکان دەگەنە لای یەکتر و کۆبونەوە تایبەت و داخراوەکانیان ئەنجام دەدەن، هەریەکەیان لەلای خۆیەوە شانازی بە کارێکی قێزەونی ئاوا دەکات، و وا باسی کارەکانی دەکات کە پاڵەوانییەکی ئەنجامداوە و بۆتە پاڵەوانێکی شکۆدار. (عوسە کەڕ و تاهیر تەسبیح و جەمیل دۆخین،… باسیان لەوە دەکرد کە هەریەکەیان بۆ یەکەمینجار کەی بوو تامی سمت و کەفەڵی منداڵیان کردووە. عوسە کەڕ گووتی: ئەو کاتەی تەمەنم هەژدە ساڵ بوو. ڕاستییەکەی: هەستم دەکرد ئەم ژیانە حیزە شەڕێکی توندە لە نێوان خەڵکی گەورە و خەڵکی منداڵ… خەڵکی گەورەی وەک عەریف عیسا و سەلیم ساڕووخ و قادر قیمەکێش بەردەوام مرخییان لە منداڵی وەک من و تۆ خۆش کردبوو خوا خوایان کوڕێکی جوان بێتە ناویانەوە و بیکەنە قلی خۆیان. تۆش ئیدی منداڵێکی جوان بووی. ئیدی ژیان ئەو زۆرانبازییەی نێوان گەورەکان و منداڵەکان بوو: یان دەبوایە ببمە قلێک، یانیش دەبوایە بێمە ڕیزی پیاوان و خۆم قورتار بکەم). (پیربال، 2003: ل 46). لە کۆبوونەوە و گفتوگۆیەکی ئاوای تاوانکار و منداڵبازەکان وردبینەوە، ئەوان لە زاری خۆیان دان بەوە دادەنێن لە ڕابردوودا ئەمانیش منداڵ بووینە، و بونەتە قوربانی دەستی گەورەکان بەشێوەیەکی گشتی و بە دیاریکراویش لەنێو ئەو گەورانەشدا دەستە و تاقمی منداڵبازەکان. لێرەدا بە ئەنجامێک دەگەین ئەویش ڕۆڵی کۆمەڵگایە لە بونیادنانی چ جۆرە تاکێک، چونکە ئەم تاوانکار و منداڵبازانە دەرهاویشتەی بەشێکی زۆری کۆمەڵگان کە خۆیان لە گەورەکان دەبینینێتەوە، بۆ ئەوەی ئەمانە کاریان لەسەر ناکرێت و نەبنە قوربانیی، دەیانەوێت کار لە سەر ئەوانی تر بکەن و بیانکەنە قوربانیی، هەروەها کار و کردەوەی ئەم منداڵبازانە تا ڕادەیەک پەرچەکرداری خۆیانە، لەهەمبەر کردارەکانی دوێنێ کە بەرانبەریان ئەنجامدراوە، و بیرکردنەوەی هەڵە و ناڕاستی خۆشیان لەملاوە بوەستێت.

ئەمانە بەلایەکدا و بەلایەکی تردا ئەم تاوانکار و منداڵبازانە بەشێکیان ئەم کارە قێزەونەیان وەک بڵێی پشتاوپشت بۆ ماوەتەوە، نایەوێت بە موو لەم کارە ناشیرینەی باب و باپیرانیان لا بدەبن. (لەم کاتەدا "تاهیر تەسبیح" ویستی لە نۆرەی خۆیدا

قسەبکا، "جەمیل دۆخین" ڕێی قسەی گرت و گوتی: تۆ هیچ قسە مەکە! لەگەڵ "عوسە کەڕ" دەستیان کردە پێکەنین؛ "عوسە کەڕ" گووتی: تۆ بابەلباب بۆت ماوەتەوە. دەزانین. ئەوەی تۆ.. ویراسیە.). (منداڵباز، ل٤٨) واتە بەشێک لەم تاوانکار و منداڵبازانە کاتێک خوویان داوەتە کارێکی ئاوا گەمار و بۆتە کاری هەمیشەییيان سەرچاوەکەی خودییە، نەیانتوانیووە خۆیانی لێ دەرباز بکەن، بۆیە لە ئێستاشدا وەک نەخۆشییەکی بۆ ماوەیی درێژخایەن، وەک ڤایرۆسێک بەردەوام لە خوێنیان لە بزاوت دایە.

دڵی منداڵان لە کوێ بێت و حەز و ئارەزووی کوێ و چی بکەن، ئەوا تاوانکار و منداڵبازەکان وەک دێوەزمەیەکی زۆر مەترسیدار لەوێدا ئامادەن، لە ڕێی داگیرکردنی کۆمەڵێک شوێنی گشتی کە ڕۆماننووس دەستنیشانیکردوون، لەلایەن ئەمانەوە دەیانەوێت هێندەیتر هەژموونی گڵاوی خۆیان بەسەر منداڵان بسەپێنن، هەر منداڵێکیش بەهۆی ترسی ئەم منداڵبازانەوە نەچێتە ئەم شوێنە گشتییانەوە، ناتوانێت بە باشی قۆناغی منداڵێتیی خۆی ببرێت، بێبەش دەبێت لە کۆمەڵێک حەز و ئارەزوو و چێژی منداڵانە، لە ئەنجامیشدا کونجی تاریکی ژوورەوە لە چاوەڕێی دایە. (... بە باوکی دەگووت: بابچمە مەسبەح؟

باوکی دەیگووت: مەسبەح منداڵبازی لێیە، کوڕم، نەچی! بە باوکی دەگووت بچمە مەلعەب؟ باوکی دەیگووت: مەلعەب منداڵبازی لێیە، کوڕم، نەچی! بە باوکی دەگووت: باوکە بچم خۆم فێری پاسکیل هاژووتن بکەم؟باوکی دەیگووت: ناو پاسکیلچییان منداڵبازی لێیە، نەچی، کوڕم!). (پیرباڵ، 2003: ل 46). بێگومان منداڵ لەو شوێنە گشتییانە، لە کۆمەڵێک شوێنی تری گشتی بێبەش بکرێت دەبێت لە ڕووی ئاوەز و جەستەییەوە حاڵی بە چی بگات، چۆن ژیانێکی تەندروست بژی، چۆن بتوانێت کەسێتیی خۆی لە داهاتوودا بنیات بنێت. واتە لە ڕێی دانانەوەی گەرای ترسی ئەم منداڵبازانە بارێکی دەروونی خراپ هەم ڕووی لە منداڵان کردووە، بە دەستییەوە دەناڵێنن، هەمیش ئەم گەرای ترسە کاریکردۆتە سەر بەخێوکەری ئەم منداڵانە و بەردەوام لەبەر خاتری منداڵەکانیان ترس بۆتە بەشێکی زۆری ژیانیان، لە هەمانکاتدا ئەم بەخێوکەر و باوکانە لە ئەنجامی هەڵسوکەوتی خراپی دەستە و تاقمێکی دیاریکراوی کۆمەڵگە، وایان لێهاتووە سەرکوتگەرانە هەڵسوکەوت و مامەڵە لەگەڵ منداڵەکانیان بکەن.

دیاردەی تاوانکاری و منداڵبازی سەرلەبەری شار دەتەنێتەوە، بەشێوەیەک هەر گەڕەکێکی لە جیاتی ئەوەی ناوێکی هەبێت، بەهۆی ئەم دیاردەیەوە دوو ناوی دەبێت، ناوێکیان ناوی ڕەسەنی گەڕەکەکەیە، ئەویتریان بە ناوی تاوانکار و منداڵبازێکەوە ناونراوە، وەک ئەوەی کەسایەتییەکی ماقووڵ بێت گەڕەکێک، یا شوێنێکی بەناو کرابێت!. "یاسین" وەک چۆن بە ڕۆژی ڕووناک منداڵبازەکان قەیسەریان لە خۆی و منداڵەکانی تر کردبووە کونی مشک، ئەوە ئاواش خەونەکانی شەوی تاریشی ڕەنگدانەوەی هەمان ئەو ڕۆژانەن کە خۆی و منداڵانی گەڕەک ڕاکە ڕاکەیانە لە دەست تاوانکار و منداڵبازان. (یاسین، ئەو شەوە، خەوێکی عەنتیکەی دیت، یاسین ببووە فریشتەیەک و دەفڕی. هەر بە ئاسمانەوە باڵەکانی لێکدەدا تا وردە وردە گەیشتە سەر گەڕەکی تەعجیل، ئەو گەڕەکەی کە هاوڕێکانی خۆی و منداڵی دیکەش، لەبەر سەلیم ساڕووخ نەیاندەوێرا بە شەوان تەنانەت پێنج دەقیقەش چییە لەماڵ بێنە دەرەوە و پیاسەیەک لەناو جادە بکەن. چووە سەر گەڕەکی خانەقا، ئەو گەڕەکەی کە هاوڕێکانی خۆی، لەبەر کەریم کەرگێ نەیاندەوێرا تەنانەت بۆ جارێکیش بچنە سینەما حەمڕا و فلیمێکی شەمشوون یان ڕینگۆ تەماشا بکەن. چووە سەر گەڕەکی ناو قەسران، ئەو گەڕەکەی کە هاوڕێکانی خۆی، لەبەر عوسە کەڕ نەیاندەوێرا بچنە چایخانەیەک دانیشن دەستێک دۆمینە بکەن). (پیرباڵ، 2003: ل 48). یاسین و هاوڕێکانی وەک منداڵانێکی بێتاوان و بێگوناح، وەک چۆن بە ڕۆژ ناتوانن ئەمسەر و ئەوسەری گەڕەک تەی بکەن و بەهۆی تاوانکار و منداڵبازەکانەوە هەموو حەز و ئارەزووەکانیان لێ زەوتکراوە، ئازادییان تەنیا لە چوارچێوەی دیواری ماڵەکانیان دایە، ئەوە ئاواش لە خەونەکانیاندا دەشێت تارادەیەک ڕابکەن و هەڵبخزن، بەڵام ئەم ڕاکردن و هەڵخزینە ئەنجامێکی وای نابێت ببێتە مایەی دڵخۆشی ئەوان، بۆیە بۆ منداڵان ئەستەمە ئۆقرە بگرن و بنیشنەوە لەو شوێنەی کە خۆیان حەزیان لێیەتی و مەبەستییانە پێیبگەن، بۆ ئەم مەبەستە بەدکار و تاوانکاران نەستیان داگیرکردوون و حەوسەڵەیان لێ بڕیوون.

منداڵانی شار لە جیاتی ئەوەی خەریکی حەز و ئارەزووەکانی بێت و خەریکی ئەوە بێت تەندروستانە قۆناغی منداڵێتی خۆی بەرجەستە بکات، و تاموبۆی ئەم قۆناغە هەستیارە بچێژێت، بە هەموویان وازیان لەمانە هێناوە بەس بۆ ئەوەی لە ڕووی تاوانکار و منداڵبازەکاندا ڕاپەڕن، تەنانەت ئەم ڕاپەڕینەی منداڵان هەر دژی ئەمانە نییە، بەڵکو دژی گەورەکان، "گەورەکان" بە چەمکە فراوان و گشتگیرەکەی، کە گوزارشتە لە ڕووی کۆمەڵایەتیی و سیاسیی و ئابووریی و فەرهەنگییەکەوە، دنیای گەورەکان دنیایەکە تەنیا لەسەر گۆڕینەوە و بەرجەستەکردنی بەرژەوەندییەکان بنیاتراوە، دنیایەکە ڕێک بە پێچەوانەی بیر کردنەوەی بچووکانە "منداڵانە"، ئەمە لە گفتوگۆی نێوان منداڵانی وەک "یاسین و نەوزاد تیرۆگ و سەربەست و کارزان و سالار و فەرەیدون و هاوڕێکانیان" بە ئاشکرا ڕەنگدەداتەوە و بە زەقی بە دیار دەکەوێت. (... یەعنی باوکی خۆشمان؟ بەڵێ باوکی خۆشمان. مامەکانمان،

خاڵۆكانمان، تەنانەت برا گەورەكانیشمان... فەرەیدون كە تا ئەو كاتەش هەر باسی دەكرد جەمیل دۆخین و مەجید مزەڵلی وازی لێ ناهێنن گوتی: بۆچی؟ خۆ ئەوان منداڵباز نین؟! نەوزاد تیرۆگ وتی:

ئەو پیاوانە، ئەو گەورانە "باوكمان، خاڵمان، مامەكانمان.." ئەوانە منداڵباز نین، خەتای ئەوانە كە ناتوانن ئەو منداڵبازانەمان لە كۆڵ بكەنەوە. خەتای ئەوانە كە دەمانخەنە ناو ئەو منداڵبازانەوە. خەتای ئەوانە كە نایانەوێ لە دەست ئەو هەموو منداڵبازانە بمانپارێزن. ئەو خەڵكە گەورانەن كە بوونەتە هۆی بەدبەختیی ئێمە و دەردە سەرییەكانمان.). (پیرباڵ، 2003: ل 51). كەواتە لە بنەڕەتدا و ڕەگوڕیشەی مەسەلەكە لەوە دایە، ئەو تاوانی یەكبەیەكەی گەورەكانە، كە وایكردووە منداڵان "بچووكان" بۆ هەمیشە ببنە تاوانلێكراو، تاوانی گەورەكان دەرهەق بە منداڵەكان وەكو كارگەیەک وایە بێتاوانی و پاک و بێگەردیی منداڵانی كردۆتە كەرەستەیەكی خاوی هەرە لە پێشینە، بۆ ئەوەی لە ڕێی ئەم پیشەسازییە نابەجێ و دزێوەوە بە بەردەوامی تاوان و گوناح بەرهەم بهێنرێت، بێگومان بارودۆخێكی ئاواش سەر لەبەری كایەكانی ژیان تێكدەشكێنێت و بە نادروستییەكی بێوێنە ئاڕاستەیان دەكات.

چاوبرسێتی و چاوچنۆكی گەورەكان، و تەمبەڵ و تەوەزەلیان، حەز و ئارەزوویان لە شت و كاری حازربەدەست وایكردووە ئەوەندەی تر منداڵبازەكان تەڕاتێن بكەن، منداڵان هەراسان و سەرگەردان بكەن، لە بەرانبەر چەند فلس و دینارێكی كەم، ئاكار و هەڵسوكەوتی كەم و هیچی گەورەكان قبووڵ بكەن، تەنانەت گەر ژیان و ئابڕوو و دواڕۆژیشیان كەوتە مەترسییەوە. (بەڵێ، هەموو پیاوە گەورەكان، باوكەكانمان، مامەكانمان، خاڵەكانمان.. چونكە ئەوانن، كە دەمانێرن لەسەر جادەكان، لە ناو چایخانەكاندا گوڵەبەڕۆژە و بنێشت بفرۆشین و بۆیاغچێتی بكەین، لە دوكانی خوێری و توێری و منداڵبازەكاندا دەمانكەن بە شاگرد... ڕۆژانە و قازانجەكانیشمان بۆ خۆیان دەخۆن). (پیرباڵ، 2003:ل 52). لێرەدا گەر تاوانكار و منداڵبازەكان كەرەتێک ئازار بە منداڵان بگەیەنن، ئەوا كەسە نزیكەكانیان "گەورەكانیان، بەخێوكەرەكانیان" چەند كەرەتێک ئازاریان دەدەن، ڕووبەڕووی مەترسی توند و قورسی دەرەكیان دەكەنەوە، لەلایەک كوێرانە و هەڕەمەكییانە فڕێیان دەدەنە ناو حەشامەتی گەوران، ناو كاروبارێک كە لەگەڵ تەمەن و توانا و خوولیای ئەوان یەكنایەتەوە، لەلایەكی دیكەوە ئەوە گەورەكانن دەبنە مشەخۆر و مفتەخۆر، وەک فێڵباز و گزیكارێكی نەقۆڵا ڕەفتاریان لەگەڵ دەكەن.

ئەوكاتەی تاوانكار و منداڵبازەكان گەڕەكەكانی شاریان لێ پاكدەكرێتەوە و شاربەدەر دەكرێن، منداڵەكان دەگەڕێنەوە سەر ڕەوڕەوەی ئاسایی ژیانیان. واتە وەدەرنانی تاوانكار و منداڵبازان لە شوێنەكان، گەڕانەوەی منداڵەكانە بۆ شوێنكاتی منداڵێتیان، بەدیهێنانی حەز و ئارەزوووكانیانە بەشێوەیەكی تەبایخوازنە لە نێوانیاندا، دوور لە جەور و ستەمی گەورەكان، ئەو شپرزەیی و پەشێوییەی ئەوان دەیسازێنن بۆ لێدانی منداڵەكان، شێواندنی سروشت و ئاكاری منداڵەكانە. بەمشێوەیە منداڵەكان گوزارشت لە خۆشی و حەز و ئارەزووەكانیان دەكەن، بە پەرۆشن بۆ هێنانەدی سەربەستی و ئازادییەكانیان. ئیتر ئەم شارە لە تاوانكار و منداڵباز پاک دەبێتەوە. (ئیتر لەمەو دوا بە ئارەزووی خۆمان دەتوانین بچینە سینەماكان... ئیتر لەمەودوا دەتوانین بێ ترس تا نیوەشەویش لەدەرەوە بمێنینەوە... ئیتر لەمەو دوا شەو ژیانی تێدا دەژێتەوە؛ هەموو ئێوارەیەک تەنانەت تا نیوە شەوانیش بازاڕ و شەقامەكان زێڕەوشان دەبنەوە. ژیان بەناو شەویشدا دەست پێدەكاتەوە... ئیتر دونیا دەبێتە دنیای پاكی منداڵان... ئیتر دنیا دەبێتە دنیای خەڵكی پاک و بێگوناح و سادەی وەكو خۆمان. بژی منداڵ! بمرێ منداڵباز!). (پیرباڵ، 2003: ل 53). ئەم ئارەزوو و سەربەستی و بێترسیی و دونیاپاكییە، كە ئەم منداڵانە باسی لێ دەكەن و لێ دەدوێن تەنیا لە چوارچێوەی خەونەكەی "یاسین"ــی منداڵ و هاوڕێكانی دایە، ئەستەمە ئەم خەونە و خەونەكانی تریان وا بە ئاسانی بگۆڕێن بۆ سەرزەمینی ڕاستیی، چیتر گەورەكان و بە دیاریكراوی تاوانكار و منداڵبازەكان وەک تارماییەكی ترسناک و تۆقین لەگەڵیان بێن و بچن. هەروەها كاتێک ئەم منداڵانە بە یەک دەنگ دروشمی "بژی منداڵ، بمرێ منداڵباز" دەڵێنەوە، لە هەست و نەستیان وا تێدەگەین كە ڕژێمێكی سەرسەختی دیكتاتۆریان ڕووخاندبێت، بە یەكجارەكی جاڕی بوێری و ئازادی و سەربەستییان دابێت.

منداڵانی گەڕەک بە تەواوەتی لێیان تێكچووە، هەیانە تەنانەت لە خەویشدا ناتوانێت حەز و ئارەزوو و ئازادیەكانیان بەرجەستە بكەن، هەروەک بە ڕۆژ بە دەست منداڵبازەكان گیریان خواردووە و هاوار و ڕۆڕۆ و داد و بێدادیتیان، ئاواش بە هەمان شێوە لە خەونی شەوانەیاندا، دیسانەوە منداڵبازەكان دەبنە پاڵەوانی ترسێنەر و تۆقێنەری خەونەكانیان. بۆ نموونە "یاسین" و بەشێک لە هاوڕێكانیان تاڕادەیەک لە خەوەكانیاندا بەختەوەریان بۆ دەگەڕێتەوە، بەڵام "نزار" هاوزای "یووسف" و بەشێک لە هاوڕێكانی تریان لە خەونیشیاندا ناتوانن ئەو بەختەوەرییە بۆ خۆیان بگەڕێننەوە، بۆ چەند ساتێكیش بێت پێی بحەسێنەوە. (نزاری كوڕە پارچەڵەكەی مام قادری قەیماغفرۆش كە برادەر و هاوزای یوسف بوو، ئەو شەوە دیسان خەونێكی ناخۆشی دیتبوو: "خەلیل پاسكیلچی" و "عوسە كەڕ" و "كەریم كەنناس" .. بە هەرسێكیان، لە ناو بەستەكەی ژێر پردی سەیداوە، پەلكێشیان دەكرد و

دەیانویست بیبەنە ناو تاریکییەکە. نزاریش هەر هاواری دەکرد و کەس نەدەگەیشتە فریای. مام قادری قەیماغفرۆش دیسان لەگەڵ هاوار و لاڵانەوەی کوڕەکەی خۆی خەبەری بوویەوە: لاحول ولاقوة إلا بالله...). (پیربال، 2003: ل 54). ئەو فشار و کاریگەرییە نەرێنییە زۆرەی منداڵان لەسەرییانە بە هۆی تاوانکار و منداڵبازەکانەوە لە ئاگاییدا، ئەوا ئەم فشار و کاریگەرییە لە نائاگاییدا چەند هێندە دەبێت. بۆ نموونە "نزار" وەک کوڕێکی پارچەڵە لە ئاگاییدا یەکێک لە تاوانکار و منداڵبازان تینی بۆ بێنێت و بیەوێت ئەتکی بکات، لە نائاگاییدا هەمان منداڵ، یاخود کوڕی پارچەڵە سێ منداڵباز تینیان بۆ هێناوە، و لە شوێنێکی تاریک و لاچەپ دەیانەوێت ئەتکی بکەن، بێگومان ئەمەش پەیوەستە بەم فشار و کاریگەرییە دەروونییە خراپەی کە لە ئاگاییدا لەسەری دروستبووە. هاوار و گریان و لاڵانەوەی "نزار"یش ئەوەندە بە سوێ و کاریگەر و جەرگبڕ و لە قووڵایی دڵەوە هەڵقووڵاوە، وای لە باوکی دەکات لە خەوێکی قووڵ هەڵیبستێنێت، بچێت بە دەنگ و هانای کوڕەکەیەوە.

"مەولوود منداڵباز"، لەوەتەی خوی داوەتە ئەم کارە قێزەونە ڕۆژێک کاروکاسبییەکی نەکردووە کە خوا و خەڵکی پێی خۆش بێت، هەر شتێکی لە پارەوپوول چنگ کەوتبێت لە ڕێیەکی ناڕەوشتانەوە بە دەستهێناوە، بە هۆی کارکردنی لە دامودەزگاکانی بەعس سوودمەندی ماددی و مەعنەوی بووە. لە یەکێک لە ڕۆژی جەژنەکان دوکانی یاری لگاو دادەنێت بە مەبەستی ئەوەی زۆرترین منداڵ لە خۆی کۆ بکاتەوە، دڕندەئاسا چڕنووکی لە منداڵێکی بەستەزمان چڕ دەکاتەوە، دەیکاتە قوربانییەک لەو قوربانیانەی کە هەمیشە بە دوایانەوەیە. (... دوایین حەکایەتی ئەم مەولوود منداڵبازە! هەمووی هەشت مانگ نابێ ڕوویداوە. تاوانبار لە ڕۆژی جەژندا دوکانی لگاوی داناوە. منداڵێک لە لگاوەکەدا خەڵاتێکی بردۆتەوە و دوای لێ کردووە خەڵاتەکەی بداتێ... بە منداڵەکەی گوتووە "خەڵاتەکەی تۆ لە ماڵەوەیە". بردوویەتییە ماڵی خۆی و لەوێ ئەتکی کردووە. بە زۆرەملێ تەعەدای لێکردووە... تومەز، تۆ سەیرکە! تەنانەت پیشەیەکی کە هەڵیشیبژاردووە بۆ پیادە کردنی "ئەم ئەخلاقە جوانەی خۆی" سوودی لێ وەرگرتووە: دوکانی لگاوی هەبوو! گەورەم، یەک دونیا لگاوچی لەم شارەی ئێمە هەن. یەعنی هەموویان منداڵبازن؟ ئەو شکایەتلێکراوەی تۆ بەرگریی لێ دەکەیت لگاوچی بووە... پیشەی لگاوەکەی بۆ ئەم مەبەستە بەکارهێناوە. بۆ؟ لگاو خۆشترین گەمەیە کە منداڵ حەزی لێدەکەن.). (پیربال، 2003: ل 58). لەم وێنەیەدا "مەولوود منداڵباز" بە مەبەستی فریودانی منداڵان هەم شوێن کە خۆی لە لگاوخانەکە و ماڵەکەی، هەمیش جۆری ئەو گەمەیەی کە منداڵان و هەرزەکاران ئارەزوویانە قۆستوتەوە، بۆ بە ئەنجامگەیاندنی کارە قێزەونەکەی. هەروەها لێرەدا ئەوەمان بۆ ڕووندەبێتەوە کە نەک هەر حەز و ئارەزووەکانی منداڵان لەلایان ئەم جۆرە گرووپانە لێیان زەوتکراوە، شوێنە گشتییەکانیشیان لێ داگیر کراوە، بەڵکو شتە جوانەکانیش تەنانەت خەڵاتەکانیش لەلایەن تاوانکار و منداڵبازانی شارەوە ناشیرین و دەعجانی کراون، خەڵاتەکان بۆ منداڵان لە خەڵاتێک دەچن کە بۆمبڕێژکرابن، لەکاتی دەستبردن بۆیان پێیاندا دەتەقێتەوە.

منداڵبازان "تاوانباران" بە حوکمی ئەوەی دەستیان تێکەڵاو کردووە لەگەڵ دامودەزگاکانی دەوڵەت، ئەمەش وایکردووە لە ژێر هێز و چنگی یاسا قوتاریان بێت، بە چاکی نەناسرێنەوە و دۆسییەکانیان بە لاڕێدا ببرێن و بشێوێندرێن، لەلایەکی تر ئەنجامدانی چەند تاوانێکە لە کاتێکی کەم و دیاریکراو، هەروەها نەبوونی گەواهیدەرە لە دۆسییە اوانکارییەکانیان، یاخود گەر گەواهیدەریش هەبێت لەبەر چەندین هۆکاری کۆمەڵایەتیی و سیاسیی ئەو بوێرییەی تێدا نییە گەواهی بدات، خاڵێکی تر پێویستە هەڵوەستەی لەسەر بکەین مافی تاوانلێکراوە، یاخود ڕاستتر بڵێین: ونکردنی تاوانەکانە بە مەبەست ئەمە لە دیالۆگ و ڕووبەڕووبوونەوەی "حاکم بێوار" و "محامی کاکل" بە ڕوونی بە دیار دەکەوێت. (گەورەم، باشتر وایە بڵێی "ئیفادەی منداڵەکان" چونکە وەک گوتم: تەنیا یەک منداڵ نین. حاکم بێوار سەریسوڕما: تۆ ئەمڕۆ خەریکە تەواو سەرم لێ دەشێوێنیت! بەڵێ: دوو منداڵ لە یەک بەیانیدا، هەر یەکە و بە جۆرێک... هیچیشیان دیار نین کە ئیفادەمان بۆ بدەن. محامی کاکل پێکەنی و گووتی: گەورەم ئەمە سرالمهنەیشە، بەڵام پێتدەڵێم: با یەکێک لەم دوو منداڵە دیارن. کامەیان؟ بە ڕای تۆ کامەیان؟ من تەنیا دۆسییەی یوسفی کوڕی مام جابیرم ئاگا لێیە و ئەویش دەزانم، هەر بە دوایدا دەگەڕێن و تا ئێستا نەیاندۆزیوەتەوە. کەواتە ئەوەیدیکەیان نادیارە. ڕاستییەکەی: هیچیان دیار نین. چۆن؟ چونکە ئەوەی دووەمیش، باوکەکەی خۆی، پێش چەند ڕۆژێک سەری بڕیووە.) (پیربال، 2003: ل 66). لەم کەیسەدا "محامی کاکل" نموونەیەکی زۆر ناشیرینی پیاوانی یاسایین، لەگەڵ ئەوەی پیشەیەکی پیرۆزیی وەک پارێزەری دەکات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ناپاکی لەگەڵ پیشەکەی دەکات، بێگومان بەمەش ناسنامەی قێزەونی تاوانبار دەگۆڕێت بە ناسنامەی بێگوناهی و تاوانلێکراو. بۆ نموونە داکۆکی لە تاوانبارێکی وەک "مەولوود منداڵباز" دەکات کە هەژدە کەیسی تاوانی منداڵ ئەتککردنی لەسەر ساغ بۆتەوە، کەچی ئەم دێت داکۆکییەکی بێوێنەی لێدەکات، دەیەوێت وەک کەسێکی بێتاوان بیناسێت، گەر بشکرێت تاوانەکەی بەسەر ملی یەکێکی تر ساغ بکاتەوە.

بەربڵاوی منداڵبازیی وایکردووە هەنگاو بە هەنگاو کۆمەڵگا لە باریەک بێتەدەر و تەنیا دووڕیانێکی نادیاری لە پێشدا بێت ئەویش خۆی لە هەڵوەشاندنەوەی یەکەبەیەکەی جومگەکان ببینێتەوە، بێگومان ئەوەش ئەنجامێکی نەرێنی لێکەوتۆتەوە، بەوەی ئاشتەوایی کۆمەڵایەتیی بە تەواوەتی خستۆتە بارودۆخێکی پڕ مەترسیدارەوە، هیچ بوارێک بۆ ئەوە نەماوەتەوە تاکێک بۆ تاکێکی تر سازش بکات. ئەمەش لەمەدا بە دیاردەکەوێت کاتێک "مام شەریفی چاپچی" کوڕەکەی ئەتکدەکرێت لەلایەن یەکێک لە تاوانکار و منداڵبازەکان، لەبەر مەینەتی و خەم و ناسۆری و ئازارەکانی ناچارە هەم کوڕەکەی، و هەم منداڵبازەکەش بکوژێت. )مام شەریفی چاپچی لەناو زیندانی سەرای هەولێر چاوەڕێی حوکمی خۆی دەکرد: موئەببەد، بیست ساڵ، نۆ ساڵ؟! نەیدەزانی. لەو دیو شیشەکانی ژووری زیندانەوە بە "جابیر جەنازە"ـی باوکی یووسفی گووت: بەڵێ لە دووایدا چوومە موسڵ. لە هوتێلە دوو نەجمەکەی "دەوداسە"داگرتم. شەو بوو. بە خشپە لێی چوومە ژوورەوە سێزدە چەقۆم لێی دا... من دەمێک بوو دامنابوو بەم مرازەی خۆم شاد بم. ئەوەتا.. سێزدە چەقۆم لێی دا و سەریشم بڕی. ئێساش بێ منەتم چیم لێ دەکەن، با بیکەن! گەوادی ئاوها.. پێشتریش دووجاری دیکە ڕێگەی بە کوڕەکەم گرتبوو. جابیر جەنازە لێپرسی: باشە، تۆ کوڕەکەی خۆت، کوڕەکەی خۆتت بۆچی کوشت؟ ئەو گوناهی چی بوو! مام شەریف گریا وتی: ئەخڵاقی تێکدابوو. متووی خۆی کردبوو... تەنانەت لەگەڵی دەچووە حەمامیش.). (پیربال، 2003: ل 69-70). بێگومان تاوان و بەدڕەفتاری منداڵبازەکان وای لە "مام شەریف چاپچی" کردووە سڵ لە کوشتنی کوڕەکەی و منداڵبازەکە ناکاتەوە، تەنانەت بەس بۆ ئەوەی مرازەکەی حاسڵ بێت، چۆتە شارێکی تر بۆ ئەوەی "منداڵبازەکە" تاوانبارە ڕاستەقینەکە بە سزای خۆی بگەیەنێت، لە کاتێکدا ئەم سزایە چەند سەرەیە خودی خۆشی بە بەندکردن سزا دەدرێت، کوڕەکەشی لەولاوە بوەستێت جارێک بۆتە قوربانی دەستی تاوانکار و منداڵبازەکان، جارێکی تر بۆتە قوربانی دەستی باوکەکەی. بەمەش دەبینین شیرازەی خێزان و کۆمەڵگا بە تەواوەتی تێکدەچێت، لەبەر ئەوەی کوشتنی کوڕ لەلایەن باوکەوە جا بە هەر مەبەستێک بێت ئەمە گەیشتنە بە ئەوپەڕی لووتکەی تاوان، و هیچ مانایەک نەماوەتەوە بۆ خۆشەویستی لە نێوان ئەندامانی خێزان و تاکە جیاجیاکانی کۆمەڵگا. واتە تاوانکاریی و منداڵبازیی بۆ کۆمەڵگەی ئێمە وەک کردەیەک هەڕەشەیەکی مەترسیی و کارەساتبارییە، بە دوای خۆیدا چەندین پەرچەکرداری مەترسیدارتر و کارەساتبارتر کەمەندکێش دەکات کە بەهیچ شێوەیەک نە لە ئێستا و نە لە ئایندەدا ناتوانرێت قەرەبووی ئەم مەترسیی و کارەساتانە بکرێتەو، تاکەکان بکەونەوە سەر ئاڕاستەی دروستی ژیانی خۆیان.

منداڵبازی وای لە دایکان کردووە لەبەر خەم و جگەرسۆزیان بۆ جگەر گۆشەکانیان، هیچیان لە دەست نەیەت تەنیا ئەوە نەبێت لە مەترسی ئەم گورگانە بیانپارێزن، لە نێو کۆڕی دایکایەتیان هۆن هۆن بە دەم ئازاری هیچنەزانیی و فێرنەبووی منداڵەکانیان بتلێنەوە. ئەمە لە گفتوگۆی ڕاشکاوانەی نێوان "عەقیلە خان" و "بەڵقیس خان" بە ئاشکرا بە دیاردەکەوێت کاتێک دڵیان بۆ یەکتر دەکەنەوە، خەمەکانیان بۆ یەکتر هەڵدەڕێژن. (عەقیلە خانی ژنی مام قادری قەیماغفرۆش لە ماڵی بەڵقیس خان دانیشتبوو، دڵی دەدایەوە و دەیگووت: ویش.. چاوم کوێر بێ بۆ یوسف! بەڵقیس خان هەنسکی دەدا: کچێ بە خوا منداڵی ئێمە ژیانیان لێ حەڕامکراوە؛ کە گەورە دەبن... کوێراییم دایە... هیچیان نابێ بیگێڕنەوە، بە خوا نزاری منیش، بەڵقیس خان، باوکی ناهێڵێ لە کونی ژوورەوە بچێتە دەرەوە). (پیربال، 2003: ل 70). ترس لە تاوانکار و منداڵبازان بۆتە ترسێکی پێشوەختە و بەردەوام، ئەم ترسە هەر باڵی نەکێشاوە بەسەر منداڵاندا، بەڵکو ئەم ترسە بەردەوامە تاقەتپڕووکێنە دایک و باوکانیش گرتۆتەوە، هەرچەندی دەکەن ناتوانن خۆیانی لێ دەرباز بکەن، گەلێکجاریش هەوڵی ئەوە بدەن لەم ترسە ڕزگاریان بێت، ئاکامەکەی خراپتر دەبێت، هەر بۆیە بە دەست ئەم ترسەوە گیریان خواردووە. ئەم ترسەی تاوانکار و منداڵبازان چۆن وایکردووە دایک و باوکان تووشی دڵە ڕاوکێ و سەرگەردانی بن، بە ئەندازەیەکی زیاتر منداڵانیش تووشی ئەم بارە نالەبارە هاتوون، وای لە منداڵان کردووە دەست و پێ سپی و نەزان و ترسنۆک و نەوێر و ئاڕادەیەکیش کاڵفام دەربچن، لە ئەنجامی ئەمەشدا کەسێتییەک دروست نابێت گوزارشتی لە کەسێتی ڕاستەقینەی خۆی بکات، بە گرۆتینەوە هەنگاوە دروستەکانی ژیان بنێت.

"جامال سێوان" یەکێکی ترە لە کارەکتەرەکانی نێو ڕۆمانی "منداڵباز" ئەم کارەکتەرە ڕاستەوخۆ نێوەنەگلاوە لە تاوانکاری و منداڵبازیی، ڕاستەوخۆ بەشدار نییە لە ئەنجامدانی ئەم پرۆسە سێکسییە بەدئاکارییە، بەڵام بەشێوەیەکی جیاوازتر، لە منداڵبازانی تر خەریکی منداڵانە و کارەکەی ئەو هێشتا لە دەستپێک دایە، هەر لە چوارچێوەی تەماشاکردنی منداڵان دایە و سەری نەکێشاوە بۆ ئەنجامگەیاندنی پرۆسەکە. (جەمال سێوان پیاوێکی زۆر بە نەزاکەت، بەڵام دڵی بە منداڵان دەکرابەوە و هەمیشە حەزی دەکرد لە مەلعەب و مەسبەح و ئەو شوێنانەی منداڵ و هەرزەکار و گەنج تۆپانێیان لێ دەکرد بچێ ڕاوەستێت و تەماشای چەهرە و قاچ و قوولیان بکات. زۆر عاشقی جوانیی کوڕ و کاڵان بوو... جەمال سێوان خزمی مام جابیری باوکی یووسف بوو: باوکیان ئامۆزای یەکتر

بوو، بەڵام مام جابیر، سەبارەت بەو قسەیەی بە دوایەوە بوو، حەزی نەدەکرد هێند هاموشۆی بکات و بە خزمی بزانن). (پیرباڵ، 2003: ل 80). واتە "جامال سێوان" تا ڕادەیەک بە بەراورد بە تاوانکار و منداڵبازەکانی تر هێندە مایەی مەترسی و ئازار نییە بۆ منداڵ و هەرزەکار و گەنجان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە نێو دۆست و ناسیاو خزمانی ناوی ڕۆیشتووە و ناوی بەد بووە، دەوروبەرەکەی بە چەشنێک لە چەشنەکانی خۆیانی لێ بە دوور دەگرن، وەک پێویست گرنگی پێنادەن و هاموشۆی ناکەن. "جەمال سێوان" دەبێتە خزمی "مام جابیر"ی باوکی یووسفی قوربانیی، بۆیە دەبێتە هاوخەمی "مام جابیر" بۆ ئەوەی تا پێبکرێت "یووسف" قوربانیی ڕزگار بکات، جارێکی تر ئەگەر بکرێت بە دایک و باوک و خوشک و براکەی شادی بکاتەوە.

منداڵبازەکان لە هەندێ کەرەتدا تاوانکاریی و منداڵبازیی دەکەنە دەسکەلایەک بۆ لێدانی ئەو کەس و ماڵباتانەی کە لەگەڵ خواستەکانی ئەواندا یەک ناگرنەوە، بە حەز و ئارەزووی ئەوان ناجووڵێنەوە و ڕەفتار ناکەن، یاخود منداڵبازەکان کەسێک بە منداڵبازێتی تاوانباریان بکات و قسەی ڕاست و ڕەوان بکات، ئەوا دەبێت ئەوان پەندی پێبدەن، منداڵەکەی ئەتکبکەن. بۆ نموونە "شێرۆ مەدفەع"ــی تاوانکار و منداڵباز دەیەوێت هەر چۆنێک بێت دەست لە کوڕەکەی "مام قادری قەیماغفرۆش" بوەشێنێت ئەتکی بکات، بەس لەبەرئەوەی "مام قادری قەیماغفرۆش" وتوویەتی "یووسفی مام جابیر" لەلایەن "شێرۆ مەدفەع"ــەوە پەندی پێدراوە. (قادری قەیماغفرۆش... داخی زۆری لە دڵمایە... کەریم کەر گێ وتی: بەڵێ، کە تۆش لە ژوورەوە بووی، لە خەلک وای بڵاودەکردەوە کە یووسفی کوڕی مام جابیر تۆ پەندت پێی داوە. هەر چۆنێک بێ، دەیانەوێ تاوانی یووسف بخەنە پاڵ تۆ. شێرۆ مەدفەع پوولێکی فڕێ دا و گوتی: شەرت بێ بە جەمیل دۆخین بڵێم: کوڕەکەی ئەویش بە پەندێک ببات سەرشۆڕی ناو هەموو مەجلیسێکی بکات. نەوزاد پەمۆ، چواردە ساڵان، قلی شێرۆ مەدفەع، کە لە تەنیشت خۆیەوە دانیشاندبوو، گووتی: ئینجا ئەمەی بۆ چییە؟ بە ڕائد نەعیمی برات بڵێ: فڕێی بدەنە زیندانی ئەبوغرێبەوە و تەواو). (پیرباڵ، 2003: ل 83). لەم گفتوگۆیەدا منداڵبازیی هەر لە کردەیەکی سێکسی ناشیرین و نەشیاو و قەدەغەکراو ناچێت، بەڵکو منداڵبازیی ڕۆڵی چەکێکی کوشندە دەبینێت، بۆ لێدان لەو کەسانەی ڕۆژێک لە ڕۆژان قسەیەکی هەق و ڕاست و دروستیان کردبێت، بەرانبەرەکەی لە ئاست ئەم قسەیە دەمکوت بکرێت، لە ڕێی ئەتککردنی منداڵانەوە پەنا بۆ تۆڵەسەندنەوە بەرن، بیانەوێت تۆڵەی خۆیان بکەنەوە، کەسانێک بەهۆی ئەوەوە سەرکز و سەرشۆڕ بکەن، ئەم تۆڵەسەندنەوەیەش هەر دەستە و بەشێوەی گرووپگەریی ئەنجام دەدرێت.

بە حوکمی ئەوەی بەشێکی زۆر لە منداڵبازەکان لە دامودەزگا داپلۆسێنەکانی بەعس کاریانکردووە، تا بۆیان بکرێت تۆمەت و تاوان بە کەسانی تر دەبەخشنەوە، جا ئەو کەسانە مەرج نییە کێ بن و سەر بە چ چین و توێژێکی تر بن. هەروەها تا بۆیان بلوێت گەمە بە هەست و نەستی قوربانییەکان "منداڵەکان" دەکەن، دەیانخەنە نێو گێژاوی بەدگومانییەوە، بە چەشنێک کەسانی نزیکی قوربانی لێیان تێکچووە تاوانباری ڕاستەقینە کامەیە. (مام جابیر یەکسەر کەوتە بیرکردنەوە بۆ ئەوەی باوەڕ بە قسەکەی شێرۆ مەدفەع بکات. بە هەمان شێوە یاسین کە لە تەنیشت باوکی دانیشتبوو: بە ترس و سامێکەوە تەماشای شیرۆ مەدفەعی دەکرد. مام جابیر گووتی: یەعنی ڕێکەوتین؟ شێرۆ مەدفەع گووتی: بەڵێ. ئینجا شێرۆ مەدفەع گووتی: چونکە تۆ بیر بکەوە: مەلا چاوبەکل ئەو بەیانییە، پۆلیس هەموو دنیایان لە دووای کردووە، نەیاندۆزیوەتەوە. ئەو بەیانییە کەس نازانێ لە کوێ بووە: بە درۆی خۆی و بە درۆی مام قادری قەماغفرۆش کە ئەویش هەر کاتی خۆی منداڵباز بووە و کۆنە هاوڕێی خۆیەتی، گوایە ئەو بەیانییە لە ماڵی مام قادری قیماغفرۆش بووە). (پیرباڵ، 2003: ل 85). ئەم تاوانکار و منداڵبازانە وەک دەڵێن: هەریەکەیان خۆی لەسەد ئاو داوە، هێشتا تەڕنەبوونە، سەرەڕای کارە قێزەون و بەدڕەوشتیی و هەواڵگرییەکانیان، بوونەتە کەسێکی شارەزا لە بواری چاندنی تۆوی دووبەرەکی و ناکۆکی لەنێو یەکەبەیەکەی تاکەکانی کۆمەڵگا، بە تایبەت ئەو کەسانەی کە باریان لەنگ بووە، شپرزەیی و پەرێشانی دەروونیی تەنگپێهەڵچنیوون، بێگومان سەرچاوەی ئەم بارە قورس و کارەساتئامێزە هەر خودی منداڵبازە تاوانبارەکانن.

هەندێکجار چ ژن، چ پیاو بڕیار دەدەن تا لە ژیاندا ماون هەرگیز هاوسەرگیری پێکنەهێنن، ژنەکە بێ پیاویی هەڵدەبژێرێت، پیاوەکەش بێ ژنیی، جا ئەمە بە ویستی خۆیان بێت، یان چارەنووس ئەمەی بۆ هەڵبژارد بن، هەتا ئێرە کارەکە تاڕادەیەک ئاساییە و وەک دیاردەیەکیش لەنێو کۆمەڵگەکان بوونی هەیە، بەڵام ئەوەی نائاساییە چەند کەسانێکی نێو کۆمەڵگا زۆر جاری وا هەیە بە چاوێکی سووک و سەیر لەم کەسانە ورددەبنەوە، کە ئەمجۆرە ژیانەیان هەڵبژاردووە، تا پێیان بکرێت خۆیان لە ئیشی ئەمانە هەڵدەقورتێنن و ئەوەندە ناپڕژێنە سەر کارەکانی خۆیان، هێندە دەپرژێنە سەر کارەکانی ئەمان. هەندێکجار ئەوانەی بێ بۆنی ژن، بێ بۆنی پیاو هەڵدەبژێرن دەبنە نێچیرێکی چەوری دەوروبەرەکەیان، نەخاسمە کاتێک شتێک دەقەومێت، ئیتر ئەمە بەسە بۆئەوەی کەسانی دەروونزمی دەوروبەریان دەستی چەوریان بەسەریاندا بسرنەوە. بۆ نموونە "مەغدید" یەکێکە لەو زگورتیانە، کاتێک تاوانێک وەک منداڵبازیی لە دەوروبەرەکەی ڕوودەدات، یەکە و ڕاست دەبێتە ئامانج، بۆئەوەی کەسانی سەر بەگۆبەند لە تاوانێکی

ئاوای نێوە بگلێنن، سەری بە فەتارەت بدەن و بیخەنە زیندانەوە. (بەخوا مەغدیدیش، بەڵقیس خان، خۆ تۆ دیبووت و دەتناسی، قەت پێم وانیە کاری ئاوهای لێ بوەشێتەوە. پیاوێکی کاسب، قورئانخوێن، بە خوا سەری بچوایە نوێژی نەدەچوو. ئەدی خوشکم ئەگەر ژنی هێنابایە، قەت ئاوها ئەمرۆ لێی دەکەوتنە گومان! هەموو جار پێم دەگووت ... تووشی ئەم بەزمەی کرد: خەڵک لێی کەوتنە گومان و ئەوەتا... بێ هیچ تاوان و گوناحێک دوو هەفتە زیاترە لە ژوورەوەیە!). (پیرباڵ، 2003: ل 89). دیارنەمان و شوێنبزربوونی "یووسف" هەر نەبووە مایەی خەم و دڵتەنگی و دڵەڕاوکێ بۆ خزم و کەس و ناسیاو و هاوڕێیانی، بەڵکو "مەغدید"یش کاتێک "یووسف" شوێنبزر دەکرێت، بەشێوەیەک لە شێوەکان لە ئەمیش دەدرێت، بیانووش بۆ لێدانی زۆر ئاسانە، چونکە ناوبرا و زگورتییە، مادام وایە ژنی نەهێناوە بۆ پڕکردنەوەی ئەم بۆشاییەی لای دروستبووە دەستدرێژی کردۆتە سەر منداڵێک و ئەتکی کردووە! دروستکردنی ئەمجۆرە وێنەیە بۆ کەسێتی "مەغدید" و شێواندنی بەمچەشنە هەر لەژێر دەستی کۆمەڵگاوە دەرنەچووە، بەڵکو ڕژێمی ڕامیارییش دەستێکی دیار و ڕەشی هەیە بۆ ناشیرینکردنی ئەم و ئەو، جا بەهەر هۆ و مەبەستێک بێت گرنگ نییە، گرنگ ئەوەیە "بە بەردێک چەند چۆلەکەیەک بپێکین" و مەرام و مرازی گڵاویان بێنەدی.

تاوانکار و منداڵبازەکان بۆئەوەی زۆرترین دەرفەتیان بۆ بڕەخسێت، بە شێوەیەکی خێرا منداڵە بەستەزمانەکان بگلێنن، خۆیان لەسەر ئەوە ڕاهێناوە لە هەر شوێنکاتێدا فرت و فێڵ و تەڵەکەی جیاجیا بەکاربهێنن، لەو شوێنکاتە دیاریکراوەدا بە دوای خاڵی لاوازی منداڵەکەدا دەگەڕێن، لەم ڕووەشەوە لە زۆربەی جاردا لە پیلانە گڵاوەکەیان سەرکەوتن بەدەست دێنن و منداڵەکە دەبێتە نێچیرێکی داماوی ئەم ستەمکارانە. بۆ نموونە کاتێک "یووسف" و "یاسین" ڕوو لە مەلەوانگە دەکەن بە مەبەستی فێربوونی مەلە و مەلەکردن، "تاهیر تەسبیح"ـــی منداڵباز ئەم هەلە دەقۆزێتەوە، لەگەڵیاندا دەست بە مەلەکردن دەکات بۆ ئەوەی بەسەر "یوسف"یشدا زاڵ بێت و لەنگەری لێ تێکبدات، بە هەردوو ناو لەپی دەستی ئاو دەپڕژێنێتە دەم و چاوی "یووسف"، ئینجا دواتر پڕیدەداتێ و دەستدرێژی دەکاتە سەری. (جارێکیان لە مەسبەح، لەگەڵ یووسف چووبوونە ناو ئاوەکەوە. ئەو تاهیر تەسبیحە لە ناو ئاوەکە لەگەڵیان بوو. لە ناکاو یووسف هاواری لێ هەستابوو، کاتێ یاسین هەر لەناو ئاوەکەوە بە مەلە ڕای کردبووە لای یووسف، یووسف خەریک بوو ببورێتەوە. یاسین بەپەلە یووسفی هێنابووە دەرەوە و لێی پرسیبوو: چی بوو؟ یووسف گووتبووی: تاهیر تەسبیحی خوێڕی بوو، چیتی لێکرد؟ بە هەردوو ناولەپی، ئاوی پڕژاندە ڕوومەوە و پاشان بە هەردوو دەستی لە ژێر ئاوەکەوە هەردوولا ڕانی گرتبوو، چیتی لێکرد؟ بە هەردوو دەستی، توند توند لە ژێر ئاوەکەوە ڕانمی دەگوشی). (پیرباڵ، 2003: ل٩٣)). واتە منداڵبازەکان لە زۆربەی شوێنکاتەکان بوونیان هەیە، لە سەنگەر و بۆسەدان بۆئەوەی بە سەختی منداڵەکان بپێکن، کاتی خۆش و شوێنی خۆشیان لێ تاڵ بکەن و بێ بەزەییانە پەندیان پێبدەن. ئەم سەنگەر لێگرتن و بۆسەدانانەوە بۆ منداڵان لەلایەن ئەوانەوە شێوەیەکی هەڕەمەکی نەگرتۆتە خۆ، بەڵکو منداڵبازەکان مەشقیانکردووە لەسەر چەندین تەکتیکی بکوژانە، بۆئەوەی لە دۆخێکی ئاوادا بە هیچ شێوەیەک نەتوانن داکۆکی لە خۆیان بکەن، لەبەرانبەر ئەمانەدا سەنگەر قایم بکەن.

دیاردەی منداڵبازی بە چەشنێک مەترسیدار دەبێت کە هەر لە چوارچێوەی نێو بازاڕ و لگاوخانە و مەلەوانگە و مەیدانی پاسکیلان و سینەما و چایخانە و دوکانەکان نامێنێتەوە، بەڵکو پەلوپۆ دەهاوێژێت بۆ نێو قوتابخانەکانیش، دیسانەوە منداڵان لە شوێنێکی ئاوادا ژیانیان دەکەوێتە ژێر مەترسییەوە، و بێجگە لە نێو ماڵی خۆیان متمانە و بڕوایان بە هیچ شوێنێکی تر نامێنێت. (یاسین لەناو پۆڵ، کاتێ تەماشای مامۆستا چەتۆی دەکرد تیۆری ئەرخەمیدسی بۆیان لێکدەدایەوە و لە هەمانکاتدا لە ناو گیرفانی پانتۆڵەکەیەوە گەڵ و گونی خۆی هەڵدەپشانت، ئەو قسانەی ئیشۆی مام خەلیفەی بیر دەهاتەوە کە هاوپۆلی خۆی بوو، دەیگووت: من بە چاوی خۆم مامۆستام دیوە چەندین جار گەنجۆی هاوڕێمانی پەلکێش کردۆتە ناو سەفەکە. یاسین بیری لەم قسانە دەکردەوە و تەماشای مامۆستاکەی خۆی دەکرد و لە دڵی خۆیدا دەیگووت: تۆ بڵێی مامۆستاش منداڵباز بێ؟!). (پیرباڵ، 2003: ل 96). تاوانکاریی و منداڵبازیی لەنێو کەسانی سەر بە چینی خوارەوە، هەڵدەکشێت بۆ نێو کەسانی نێو چینی ناوەڕاستەوە (بۆرجوازییەوە)، لەنێو ئەم چینەشدا توێژێکی زۆر هەستیاری کۆمەڵگا کە خۆیان لە "مامۆستایان" دەنوێنن، لە پاڵ چینە ڕەشۆکەکەدا، دەبنە مەترسی و هەڕەشە بۆ منداڵان. بە چەشنێک لە جیاتی ئەوەی مامۆستایەکە ئەو هەورە ڕەشە نەگریسە بڕەوێنێتەوە کە ئاسمانی پاک و بێگەردی منداڵانی داپۆشیووە، بە پێچەوانەوە مامۆستایەکە لە هەوڵی ئەوە دایە ئەم هەورە ڕەشە نەگریسە بەردەوام بێت، و تۆختر و خەستتری بکات. کەواتە لە بارودۆخێکی ئاوادا منداڵان متمانە و باوەڕیان بە کێ بمێنێت؟ لە کاتێکدا وا هەست بکەن "مامۆستا چەتۆ" چ جیاوازییەکی ئەوتۆی نییە لەگەڵ تاوانکار و منداڵبازەکانی تر، بگرە بە حوکمی پیشەکەی "مامۆستا چەتۆ" زۆر نزیکترە لێیان، و بۆیە دەکرێت مەترسی و هەڕەشەکانی زۆر زۆرتر بن لە تاوانکار و منداڵبازەکانی تر. هەروەها لەباتی ئەوەی "مامۆستا چەتۆ" پەروەردەیەکی دروستیان بکات وەک نوێنەرێکی بواری پەروەردە و فێرکردن، دەیەوێت تەگبیری ئەوە

بکات چۆن منداڵەکان بەدخوو و ئیفلیج بکات بۆئەوەی زیاتر جڵەوی خۆی بەسەریاندا بسەپێنێت، بیانکاتە کەرەستەیەکی خاوی کارە قێزەونەکەی.

"بەڵقیس خان" کە دایکی "یووسف و یاسین"ـە، ژنی "مام جابیر جانازە"یە، بەهۆی ئەوەی "یووسف"ـی خێر لە خۆ نەدیووی قوربانی شێت دەبێت، ئەو ژیانە چەرمەسەرییە ڕووبەڕووی دەبێتەوە. (یاسین لە مەکتەب بوو، لە ناکاو زەکەریا کوڕی سابیر سەیدۆکی دراوسێیان لە دەرگای پۆڵەکەی دا مامۆستا دەرگای لێکردەوە و گووتی: چیت دەوێ کوڕم؟ زەکەریای کوڕی سابیر سەیدۆک گووتی: مامۆستا، بە یاسین بڵێ: دایکی شێت بووە، باوکی دەڵێ: هەر ئێستا بگاتەوە ماڵی خۆیان. بەڵقیس خان، لەناو جێگا، دوو لێفەیان پێدا دابوو. سەرکۆت، قژ هەڵواوی، چارۆگە سپییەکەی بەسەر نێو چەوانییەوە نەمابوو، تاسبیحە سەد و یاک قلییکەیشی لەژێر پلاکی گلۆپەکە، بە بزمارێکەوە هەڵواسرابوو، پرخەیەکی ماندووی دەهات). (پیربال، 2003: ل 97). کەواتە منداڵبازیی و ئەوانەی پشتگیری لە منداڵبازەکان دەکەن کە خۆی لە دەسەڵاتی بەعسدا دەبینێتەوە بوونە مایەی لە یەکهەڵوەشانەوەی یەکەبەیەکەی ئەندامی خێزان و پەرتەوازە بوونیان، بێگومان بارودۆخێکی ئاواش بەسە بۆئەوەی تەواوی کۆمەڵگا لەبار یەکترهەڵبوەشێتەوە، چی واتایەك نەمێنێتەوە بۆ خێزانی بەختەوەر و کۆمەڵگای تەندروست.

"ئاوی حەمامۆک" لەنێو ئێمەی کۆمەڵگای کوردەواریدا وەک جەفەنگ و توانج و پلار و میتافۆڕیک مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، بۆیە وا باوە ئەوانەی ئاوی حەمامۆکیان خواردبێتەوە، بە ساغی و بە بێوەیی دەرناچن، بێگومان ئەمە دانیشتوانی شارۆچکەکەی کۆیە ناگرێتەوە، تەنیا ئەوانە دەگرێتەوە کە لە دەرەوەی ئەم شارۆچکەیە ژیان دەگوزەرێنن، ڕۆماننووسیش هاتووە ئەمەی لە دەقەکەدا مەزراندووە، و هەروەها بۆ واتا و مەبەست بەکاریهێناوە. (دەڵێن مام قادری قەیماغفرۆش محامی بۆ مەلا چاوبەکل گرتووە. ڕائید نەعیم تووڕە بوو، ئەمە بەس بۆ ئەوەی تاوانەکە بەسەر شێرۆی برامدا ساغ بکەنەوە. بە هەموویان دەیانەوێت بڵێن: شێرۆ تاوانبارە. عوسە کەڕ گووتی: ئاخر ئەگەر شیرۆ کاتی خۆی قومێک ئاوی حەمامۆکی دەرخواردی کوڕەکەی ئەویش بدایە ئێستا نەدەچوو محامی بۆ مەلا چاوبەکل بگرێ). (پیربال، 2003: ل 106). گەر لەم دایالۆگە ورد بینەوە، دەبینین "شێرۆ مەدفەع" وەک کارەکتەرێکی تاوانکار و منداڵباز یەکێکە لەو کەسانەی کە ئاوی حەمامۆک دەرخواردی منداڵانی خەڵک و شارەکە دەدات، ئەمەش بە واتای ئەوەی "شێرۆ مەدفەع" منداڵبازە و دەستدرێژی دەکاتە سەر منداڵان و ئەتکیان دەکات، هەر منداڵێکیش لە لای "شیرۆ مەدفەع"ـەوە ئەتک بکرێت، ئەوا ئەستەمە بتوانن لەبەرانبەریدا بوەستنەوە و دەنگهەڵبڕن، چونکە ناوبراو پشت قایمە بە دەسەڵاتێکی سیاسیی دیکتاتۆرەوە، بەس مەگەر ئەوانە بتوانن لێیچینەوە لەگەڵ "شێرۆ مەدفەع"ـی تاوانباردا بکەن، کە دەسەڵاتیان سەرووی ئەوەوە بێت. نموونەی قسەکانمان لە بارەی "شێرۆمەدفەع"ـی منداڵبازەوە ئەوەیە، ئەم تاوانبارە لەسەر کارە نابەجێ و ناڕەوشتی و نامرۆڤانەکانی بەردەوام دەبێت، جارێکیان منداڵێک لە منداڵەکانی شار ئەتک دەکات، وا ڕێکدەکەوێت ئەم منداڵە، کوڕی پیاوێکی دەستڕۆشتووە و لای حکوومەتیش حیسابی تایبەتی بۆ دەکرێت، بۆیە "شێرۆ مەدفەع" لەم جارەیاندا تێدەکەوێت و دەسەڵاتی ئەوەی نییە، دەستی ئەم پیاوە ببڕێت، بۆیە پیاوە دەستڕۆیشتوەکە لە قەرەبووی کوڕەکەیدا، بۆئەوەی مەسلەتی لەگەڵدا بکات داوای کچێکی لێ دەکات، ئەم کچەش کە دەبێتە قوربانی و سووتەمەنی لەم نێوەندەدا، کە ئەویش خوشکی شێرۆ مەدفەعی منداڵبازە. (من بیستوومە پێش چەند مانگێک، ئەو شێرۆ مەدفەعە، کوڕێکی چواردە ساڵانی فەساد کردووە. دایک و باوکی کوڕەکەش، لای حکوومەت دەستیان ڕۆیشتووە، گووتویانە: تا کچێکمان نەداتێ لێی خۆش نابین... شیرۆ مەدفەعیش، ناچار پەلی خوشکێکی سێزدە ساڵانەی خۆی گرتووە و داویەتی بە باوکی منداڵە تەعەدا لێکراوەکە). (پیربال، 2003: ل 111). ئەمەی لیرەدا مایەی گفتوگۆ لەسەر کردن و ڕامانە، لە دواجاردا کێن ئەوانەی دەبنە قوربانیی؟ هەر کوڕەکان قوربانی دەستی تاوانکار و منداڵبازەکانن؟ یاخود کچەکانیش وەک منداڵێکی بێ گوناح چ ڕاستەوخۆ بێت، یان ناڕاستەوخۆ ئەمانەش جۆرێکی تری قوربانین؟ پێویستە لێرەدا دان بەوەدا بنێن، ئەوا منداڵەکانن بێ جیاوازی کە بونەتە قوربانی دەستی گەورەکان ئەو کار و ڕەفتارە نابەجێیانەی ئەنجامی دەدەن، دەشێت بڵێین: کاتێک گەورەیەک تاوانێک ئەنجام دەدات "بچوکەکان" منداڵەکان لەم ڕووەوە دەبێت قورسترین باج بدەن، کە بە هیچ شێوەیەک لەگەڵ بچوکی ئەواندا یەک نایەتەوە، لە دواڕۆژیشدا ئەستەمە بتوانن قەرەبووی بکەنەوە، بەڵکو خەماکەیان لەگەڵ گەورەبوونی تەمەن گەورە دەبێت، نەهامەتی تری بەدوا دادێت.

کارەکتەرێکی وەک "حاکم بێوار" ڕاشکاوانە دان بەوەدا دەنێت کە منداڵانی وڵاتی ئێمە گەورەترین جەور و ستەمیان بەرانبەر دەکرێت، بەهۆی گەورەی قەبارەی ئەو ستەمەش لە منداڵان دەکرێت، منداڵان ناتوانن بە هیچ هۆکارێک خۆیان لەژێر ڕکێفی ئەم ستەمەدا ڕزگار بکەن. (حاکم بێوار چاویلکەکەی لە چاو داکەند و لەسەر مێزەکەی دانا، گووتی: منداڵ لە وڵاتی ئێمەدا گەورەترین زوڵمیان لێدەکرێت، مام جابیر کەس نازانێ چۆن ڕزگاریان بکا. تەنانەت قانون و پەروەردە و زانکۆ و دین و هیچ

کەسێک و هیچ شتێک ناتوانێ منداڵ لە دەستی پیسی گەورەکانی ئێمە ڕزگار بکا. منداڵ تەنیا بە گەورەبوونی خۆی، خۆی ڕزگار دەکا. کاتێ گەورەش دەبێ، بە چی دەچی، هاتۆتە ڕیزی فسق و فەساد و خراپەکارانەوە! ئێمە هەموومان تاوانبارین بەرامبەر بە منداڵەکان… جابیر جەنازە وەک ئەوەی بەرگری لە گوناهە کۆنەکانی خۆی بکات، گووتی: مەبەستت چییە؟ حاکم بێواریش گووتی: من بۆ خۆم زۆر بە داخەوەم کە گەورە بووم و هاتمە ناو دنیای درۆزن و ساختە و فەسادی گەورانەوە). (پیربال، 2003: ل 112-113). واتە لە کۆمەڵگای ئێمەی کوردەواری ئەو گوناح و تاوان و ستەمانەی دەرهەق بە منداڵان ئەنجام دەدرێت، کەم تا زۆر گەورەکان لێ بەرپرسن و بە تایبەتیش گەورە هەرە نزیکەکانیان لە دایک و باوک و برا گەورە و خوشکی گەورە و گەورەکان… هتد، لەبەرئەوەی ئەمانە هەندێکجار و بە ناوی جیاجیا  ڕۆڵی کارەکتەرێکی دەمکوتکەر و سەرکوتکەر دەگێڕن، تا بۆیان بکرێت حەز و خوولیا و خەون و ئاواتەکانی منداڵ بە ترس و ڕاڕایی و نەوێری دەسپێرن، ڕۆڵێکی ئەوتۆ ناگێڕن کە منداڵەکان بتوانن وەک پێویست متمانەیان پێبکەن، لەتەکیاندا کەسایەتی خۆیان بنیات بنێن، ئەمە وێنەیەکی گشتی کۆمەڵگای ئێمەیە، بێگومان گەورەی واشی تێدایە کە زۆربەی سیفەتەکانی ڕابەرایەتی و سەرکردایەتی تێدا بەرجەستە دەکرێت، شایەنی ئەوەیە کە بەرپرسیارییەتی نەوەیەک لە ئەستۆی خۆی بگرێت، پەروەردەیەکی دروستیان بکات و بوێرانە ئاڕاستەیان بکات.

باوکی "یووسف"ــی قوربانیی، کە خەریکە "یاسین"ــیش ببێتە قوربانیی، "جابیر جەنازە" وەک مرۆڤێکی بێچارە و کلۆل دەزانێت ناتوانێت وا بە  ئاسانی ڕووبەڕووی ئەم هەموو قوربانییانە بوەستێتەوە، لەلایەکی ترەوە "بەڵقیس خان"ـی خێزانیشی دووچاری شێتبوون بووە، بۆیە وەک مرۆڤێك وا هەست دەکات کە خۆی مایەی کۆمەڵێک لەو ئازارانەیە کە ڕووبەڕووی ئەندامانی خێزانەکەی خۆی بۆتەوە، بۆیە ویژدانی ئازاری دەدات و تا ئەوپەڕی بێ ئومێد بوون لە ژیاندا دەڕوانێت لە ئەنجامی ئەمانەدا چارەنووسێکی ڕەش و تراژیدی چاوەڕێیەتی، بۆیە بە ناچاری بڕیاری ئەوە دەدات کە سزای خۆی بدات و خۆی هەڵبواسێت و لە ڕێی پەتێکەوە بۆ یەکجارەکی ماڵاوای لە ئازار و مەینەتییەکانی بکات. (یاسین بەو نیوە شەوە، بەسەر قاڵدرمەکانەوە، تەپ تەپ چووە خوارەوە. کەمێکیش دەترسا: بابە بابە، باوکی دیار نەمابوو، بابە؟ باوکی هیچ وەڵامێکی نەبوو. بابە… یاسین لە ناکاو دیتی: باوکی بە پەتێکەوە، خۆی بە پانکەی بنمیچی ژوورەکە بەستۆتەوە و خۆی هەڵواسیووە. لاشەی باوکی یووسف، وەک گوناهێکی کۆن، وەک شەرمەزارییەکی گەورە… دەلەنگایەوە). (پیربال، 2003:ل 119). لێرەدا بە ئەنجامێک دەگەین، بەعسییەکان توانیان لە ڕێی ترس و تارمایی تاوانکاریی و منداڵبازیی خێزانێک تەفروتونا بکەن و بفەوتێنن، دەکرێت بڵێین: ئەم خێزانە گوزارشتە لە کۆمەڵگای کوردەواری، یا نەتەوەیەکی ژێردەستەی وەکو کورد، کە بە چاکی خۆی ئامادە نەکردووە بۆ ئەو ئەگەرە مەترسیدارانەی کە ڕووبەڕووی دەبنەوە لە کاتی جیا تەنگی پێهەڵدەچنن. هەروەها وەک چۆن گووتمان: منداڵەکان قوربانیی دەستی گەورەکانن، بێگومان نەتەوەیەکی ستەمدیدەی وەک کوردیش قوربانی دەستی چەندین نەتەوەن، لێرە و لەوێ تا بۆیان بکرێت یەکەبەیەکەی تاک و خێزان و سەرلەبەری کۆمەڵگای کوردی دەپێکن و دەسمن، بۆئەوەی وەک جەستە و گیانێکی شەکەت و زامدار خوێنی لێ بچۆڕێت و بۆ هەمیشە نەتوانێت ڕزگاری ببێت و لەسەر پێیەکانی خۆی بوەستێت.

**6- ئەنجامەکان**

لە ئەنجامدانی ئەم لێکۆڵینەوەیە دەگەینە ئەوەی کە:

1 ــ تیۆری کویر، وەك تیۆرێکی ئەدەبیی و ڕەنگدانەوەی لە دەقی ئەدەبییدا، بارگاوییە بە بوارگەلی وەك ڕەوشت و ئایین و دەروونی و کۆمەڵایەتی و پزیشکی و یاسایی و ڕامیارییەکانەوە…هتد. هەریەك لەم بوارانە بەریەککەوتنی ڕاستەوخۆی لەگەڵ مەسەلەی سێکسیی لە ڕێ لادراو هەیە.

2 ــ لە ڕۆمانی "منداڵباز"ـی "فەرهاد پیربال"دا، بابەت و مەسەلەیەکی هەستیاری وەك سێکس و بە دیاریکراوی منداڵبازیی پەیوەستکراوە بە پرس و ناسنامە و جەستە و گیانی نەتەوەوە، نەتەوەی ژێردەستە و سەردەستەوە، لە دووتوێی ئەمەدا کورد وەك نەتەوەیەکی ژێردەستە دووچاری زۆرترین دەستدرێژیکردن بۆتەوە لە لایەن نەتەوە سەردەستەکانەوە، بۆ ئەم مەبەستە ڕۆماننووس وێنە و وێناکردنەکەی بەمشێوەیە بووە: "کورد" لە جەستە و گیانی منداڵێکی هەمیشە ستەملێکراو بەرجەستەکراوە، لە بەرامبەر ئەمەدا "نەیار و دوژمنانی کورد" لە منداڵبازێك بەرجەستکراون، کە هەمیشە ئامادەیی ئەوەیان تێدایە لە هەموو شوێنکاتێدا دەستدرێژی بکەنە سەر جەستە و گیانی ئەو منداڵە ستەملێکراو و ستەمدیدەیە کە خۆی لە مرۆڤی کورد دەبینێتەوە.

3 ــ پەرجوو و جادووی ئەدەبیی ڕۆمانی "منداڵباز" لەوە دایە ڕۆماننووس بە وشەی سادە و دەربڕینی ساکار و کورت و زمانی ڕۆژانەی ئاخاوتنی خەڵکی ئاسایی، چڕ و قووڵترین واتا و مەبەستی بەرجەستەکردووە، لەگەڵ ئەمەشدا لە دووبارەکردنەوە و چەند

بارەکردنەوەی خوێندنەوە و هەڵسەنگاندن و ڕاڤەی ڕۆمانەکە واتا و مەبەستەکان چڕ و قووڵ و نوێتردەبنەوە. ئەمەش ڕێخۆشکەرە بۆ ئەوەی ڕۆمانەکە لە گۆشەنیگای جیاجیاوە خوێندنەوە و لێکدانەوەسازیی بۆ بکرێت و گورزە تیشکی لێکۆڵینەوەی ڕەخنەیی ئاڕاستە بکرێت.

4 ــ لە ڕۆمانی "منداڵباز"دا، دەسەڵاتی ڕامیاریی و سەربازیی بەعسییزم، چەندان هۆ و ئامرازی هەمەچەشنە بەکاردێنن بۆ لەباربردنی خەون و ئاوات و ئومێدی کورد، بۆ ئەم مەبەستە تاکی کوردیش بەشداری و بوونی ڕاستەقینەی هەیە بۆ ڕەگداکوتانی چەوساندنەوە و ستەمکارییەکە لە بەرامبەر هاونەتەوە و هاونیشتمانیانیدا. بۆ ئەمەش نەیار و دوژمنانی کورد ئەو لاوازییەیان کردۆتە ئامانج و بە ئاسانی پێکاویانە.

### 7 - لیستی سەرچاوەکان


{ قورئانی پیرۆز }

سەرچاوەی کوردی:

ــ ئەسوەد، نەوزاد ئەحمەد، (٢٠٠١). بیری ڕەخنەیی هاوچەرخ، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریان، هەولێر.

ــ پیرباڵ، فەرهاد ، (٢٠٠٣). منداڵباز، ماڵی شەرەفخانی بەدلیسی، هەولێر.

ــ جامی، نیهاد، (٢٠١١). نووسەر و نووسینەوەی زمان، لە بڵاوکراوەکانی یەکێتیی نوسەرانی کورد، کەرکوک.

ــ جامی، نیهاد، و عەبدوڵڵا، زیرەک، (٢٠٠٧). لە بارەی شێخ زاناوە، هەولێر.

ــ سابیر، جەبار، (٢٠٠٧). ژیان لە پێناوی گێڕانەوەدا، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، سلێمانی.

ــ سەڵاحی، ناسر، (٢٠٠٨). دەروونناسی ترس،بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان، سلێمانی.

ــ عەزیزی، بەیان،(٢٠١١). فێمینیزم و چەند خوێندنەوەیەکی تازە، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر.

ــ کوردیار، (٢٠٠٢). کورتە مێژوویەکی نێربازی لە ڕۆژهەڵاتی ئیسلامدا، شقڵاوە.

ــ یەعقووبی، عەبدولخالق، (٢٠١٥). بنەماکانی تیۆری ئەدەبی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

سەرچاوەی عەرەبی:

ــ الآمراني، حسن، (٢٠٠٤). سيمياء الادابی الاسلامي، منشورات اتحاد كتاب المغرب، مغرب.

ــ الباشا" عبدالرحمن رآفت، (٢٠٠٣). نحو مذهب إسلامي في الادب و النقد، دار الغرب، وهران، جزائير.

ــ الجديدى" حافظ، (٢٠٠٧). فى الفنون المشهدية ، مطبعة الزمان، تونس.

ــ حمداوى، جميل، (٢٠١١). نظريات النقد الادبي فى مرحلة ما بعد الحداثة، دار الالواحة، مغرب.

ــ العزيزى، على، (٢٠٠٠). مدخل إلى المنهج الاسلامى فى النقد الادبى، ، مؤسسة الرسالة، بيروت، لبنان.

ــ مرينى، محمد، (٢٠٠٧). سيكولوجية القراءة، دار النشر جسور، المغرب.


### سەرچاوەی ئینگلیزی:


- Collrad, Mia. 2015. Sex Workers in the New Economy. UK: Granta Books.
- Duggan, Lisa. 2016. Sex Wars'. New York and London Routledge.
- Green, Hallery. How and why to take a break from Queer. Princeton: Princeton University P ress.
- James, Butler. 2019. Sex and Identity. New York; London: Routledge.
- Meem, Bareed. 2009. Queer as a Political Concept. Lebanon: Beirut.
- Parrenase, Tudor. 2010. Compulsory Heterosexuality. California: Stanford University Press.
- Rich, Pandit. 2012. Mapping Transformations of Sex. California: Stanford University Press.
- Whitaker, Brian. 2006.Unspeakable Love. University of Califonia Press.

## نظرية النقد الجنسي/ رواية "محُب الغلمان " لفرهاد بيربال نموذجاً

**كارزان محسن قادر**
قسم اللغة الكوردى، كلية التربية الأساس، جامعة صلاح الدين-اربيل
Karzan.qader@su.edu.krd

**ملخص**

إن هذه الدراسة الموسومة بـ "نظرية النقد الجنسي/ رواية "محُب الغلمان " لفرهاد بيربال نموذجاً تُعد دراسة فريدة من نوعها في إطار النقد الأدبي الكوردي حيث لم يتم التطرق إلى موضوع من هذا القبيل لاسيما من خلال النقد النظري,لهذا نريد أن نقف عليه في سياق النقد النظري و أن نُدخل إحدى النظريات النقدية المعاصرة إلى النقد الأدبي الكوردي حيث أنها لم تُسلط عليها أضواء البحث كما ينبغي من خلال الدراسات سابقا و هذه النظرية معروفة بنظرية "جنسية كوير" و على وجه الخصوص في الفقرات و المواضع و الأجزاء المتعلقة بالشبق الجنسي بين الذكور. و من خلال رواية "محُب الغلمان" تم تسليط الضوء على العنف و الاعتداءات الجنسية على الأطفال و المراهقين، حيث يرى الروائي بأن هذا العنف و الاعتداء الجنسي لم يرتبط بمسألة الجسد فحسب، بل يشمل هذا العنف و الأعتداء الجنسية مساحات أوسع و يمتد صوب تهديم الألم و التعذيب الروحي والعقلي أيضاً. و هكذا يُصبح هذا الإنسان ضحية و يتجه مسار حياته بالكامل نحو الإضطراب و يخطو خطوات حياته بصورة سيئة . و في نفس الوقت يرتبط العنف الجنسي بالطب العدلي و الجنائي أيضاً، و لكن في إطار هذه الرواية, تم وضع كافة مؤسسات الدولة تحت هيمنة الجناة و الجلادين و لا تجد الضحية بصيص أمل للدفاع عن نفسه، بل تتسبب هذه المؤسسات الحكومية في تشويه روح الإنسان الكوردي و إضطراب شخصيته و هويته الوطنية و أن يفترب من الهلاك. إن الروائي يقصد بأن يقول للقاريء ما معناه ؛ كما تعرضنا إلى القتل والتقتيل و عمليات الأنفال و المقابر الجماعية؛ و هكذا تعرضنا للاعتداءات الجنسية الجماعية أيضاً، و هذا النوع من الاعتداء الجنسي يُتيح الفرصة لنظام مُتسلط كي لا يؤمن بشرعية أية حقوق لأمة مقهورة كالأمة الكوردية. و يمكن أن نختصر بعض الأسئلة والمواضيع التي أُثيرت في رواية " مُحب الغلمان" من خلال هذه التساؤلات البسيطة: ما علاقة مُحب الغلمان بالوجود والهوية الوطنية و الوطن والمواطنة؟. كيف تعبر رواية محُب الغلمان عن أمة مُتسلطة الى حد ما و أمة مقهورة ؟.ما تأثير مُحب الغلمان على المجتمع الكوردي سابقاً و لاحقاً ؟.ما الأثر الذي تتركه مُحب الغلمان على مشاعر وأحاسيس الفرد الكوردي؟.. إلخ.. هذه تساؤلات بسيطة، و لكنها عميقة في دلالاتها في رواية مُحب الغلمان ل"فرهاد بيربال"، انعكست و لا تزال تنعكس على شخصية الفرد الكوردي.

**الكلمات الداله:** الكوير، القومية، الدين، الجريمة، الكردية، البعثية.

## The Theory of Sexual Criticism / pedophile novel " by Farhad Birbal

**Karzan Muhsen Qader**
College Basic of Education, Kurdish Language Department, Salahuddin University-Erbil
Karzan.qader@su.edu.krd

**Abstract**

This study titled "The Theory of Sexual Criticism / pedophile novel " by Farhad Birbal as a model that is considered a unique study within the framework of Kurdish literary criticism as no such topic has been addressed, especially through theoretical criticism, so we want to stand on it in the context of Theoretical criticism and to introduce one of the contemporary critical theories to Kurdish literary criticism as it was not shed light on it as it should be through previous studies and this theory is known as the theory of "Queer Sexuality" and especially in the paragraphs, subjects and parts related to sexual eroticism among males .Through the “pedophile novel”, the violence and sexual assault of children and adolescents is highlighted, as the novelist believes that this violence and sexual abuse is not only related to the issue of the body, but also includes violence and sexual abuse in wider areas and extends towards the destruction of pain, spiritual and mental torture as well. Thus, this person becomes a victim and his entire life path turns towards turmoil and badly takes the steps of his life. At the same time, sexual violence is related to forensic and criminal medicine as well, but within the framework of this novel, all state institutions have been placed under the domination of perpetrators and executioners, and the victim does not find a glimmer of hope to defend himself. Rather, these governmental institutions cause distortion of the spirit of the Kurdish human, personality disorder and his national identity, and that he is nearing perdition. The novelist intends to tell the reader what he means: We have also been subjected to killing, genocide, Anfal Campaign and mass graves. Thus, we were exposed to mass sexual assaults as well, and this type of sexual assault provides an opportunity for an authoritarian regime so that it does not believe in the legitimacy of any rights of a subjugated nation such as the Kurdish nation. We can summarize some of the questions and topics raised in the "Pedophile" novel through these simple questions: What is the relationship of the Pedophile to existence, national identity, homeland and citizenship? How does the Pedophile novel express a somewhat domineering nation and a subjugated nation? What is the influence of Pedophile on Kurdish society, before and later? What effect does a Pedophile have on the feelings of a Kurdish individual? ... etc. These are simple questions, but it is profound in its implications in the Pedophile novel by Farhad Birbal, which is reflected and still reflected in the Kurdish individual personality.

**keywords**: Queer, Nation, Religion, Crime, Kurdishness, Baathism.